# نیوەڕێ

## داخنامەی زیندانی لۆبۆمێز

زامدار ئەحمەد



نیوەڕێ

زامدار ئەحمەد

ئەو ڕێگایەی بە لۆژە لۆژ بڕیومانە بە ڕاکردن دەیکوتینەوە، چوار کۆچبەر بەو گۆڕەپانەدا ڕادەکەین، خەڵکی بولگاریا بەلایانەوە سەیرە، چوار کەس ڕادەکەن و پۆلیس بە دوایان دەکەون، هەریەکە بەلایەکدا دەڕۆین، بەو جانتا قورسەوە ڕاکە ڕاک، جانتاکە لەنگەری خوار کردووم، دەمهێنێ و دەمبا، چەند جارێک ویستم بەدەم ڕاکردنەوە جانتاکە فڕێدەم و زیاتر هێز بدەمە بەر جەستەی بێ هێزم و تیژتر ڕاکەم، ئێمە بەو ماندوویەتییە و پۆلیس بەو تێری و بەهێزییەوە لەدوامانن. پۆلیسەکە دارەکەی دەستی ڕاوەشاند و لە نێوان قاچەکانم گیربوو و بە زەویدا کەوتم، زەبر و ئازارێکی زۆر بەر سەرم کەوت، پۆلیسەکە هاتە سەرم و بەو پۆستاڕە سەربازییە گەورەیە، کەوتە سەر گیانم.

من توانای هەستانم نەبوو، نەخوازە بەرگری بکەم، هەڵیساندمەوە، دەستم بە سەرمەوەیە، خوێنی ڕژاو دەستی سوور کردم، خێرا دەستەکانی لە پشتەوە کەلەمچە کردم و هەر لەوێدا دوو سێ داری ڕاوەشاند.

بەرگ: ئەنجام انور

# نیوەڕێ

## داخنامەی زیندانی لۆبۆمێز

**زامدار ئەحمەد**

**٢٠٢١**

**پێناسی کتێب**

ناوی کتێب: نیوەڕێ (داخنامەی زیندانی لۆبۆمێز)

ناوی نووسەر: زامدار ئەحمەد

بابەت: بیرەوەری

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢١

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

شوێنی چاپ: چاپخانەی حەمدی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٠٦٤)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

# نیوەڕۆ

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| جێهێشتنی کوردستان | ١١ |
| تورکیا | ١٤ |
| هستۆریا.. سەرەتای ڕێگای ڕەش | ١٩ |
| بەرەو ئەدرنە | ٢١ |
| ئەدرنە | ٢٧ |
| بەرەو یۆنان | ٢٩ |
| ئاوبڕی نێوان تورکیا-یۆنان | ٣٤ |
| یۆنان | ٣٧ |
| دوو گیانە | ٤٣ |
| جەنگەڵستانی یۆنان | ٤٥ |
| خەیاڵ | ٤٨ |
| نیوەرێ | ٥٢ |
| بێ ڕەنگ و بۆیە جیهانی غەریبی | ٥٧ |
| سنووری بولگاریا | ٦١ |
| بولگاریا | ٦٥ |
| کۆتایی جەنگەڵستان | ٧٤ |
| هاتنی ئۆتۆمبێل | ٧٧ |
| ڕێگای سۆفیا | ٧٩ |

| | |
|---|---|
| پایتەختی ڕووناکی | ٨٥ |
| خانووی قەرەجەکان | ٨٧ |
| من و دایکم | ٩٠ |
| هوتێل نیکی | ٩٢ |
| ڕێککەوتنی پۆلیس | ١١٢ |
| مانەوەمان لە ژێر باراندا | ١١٦ |
| ڕاکردن لە دەست پۆلیس | ١٢٣ |
| شەقی پۆلیس و پژانی خوێنی سەرم | ١٣٣ |
| زیندانی لۆبۆمێز Lyubimets | ١٤٠ |
| دیپۆڕی بولگاریا | ١٥٣ |
| عەبەشەقۆڵە | ١٦٤ |
| حوسێن میسری | ١٦٩ |
| دەمانچە بەدەستەکە | ١٧٢ |
| پرسە و جەژن لە زیندان | ١٨٠ |
| دادگایی | ١٨٣ |
| ڕەزا ئەفغانی | ١٩٢ |
| مانگ و نیوێکی زیندان | ١٩٥ |
| گەڕانەوە بۆ کوردستان | ١٩٨ |

# جێهێشتنی کوردستان

دوازدەی ئۆگەستی دووهەزار و هەژدەیە و فرمێسک بە چاوانی کوڵمەی سوورهەڵگەڕاوی دایکی تەمەن چل و پێنج ساڵم، وەک تاڤگە دێتەخوار. ئەو، ئاگای لە پەچەکەی سەر سەری نەماوە، ڕەنگی گۆڕاوە، بیر و هەست و خەیاڵ و ئەندێشەی لای زامداری کوڕیەتی، کە دەخوازێ کوردستان بەرەو ڕێگەی ئەوروپا جێبهێڵێ و بگرێتەبەر. بە پارەی خۆی ڕێگەی مەرگ هەڵدەبژێرێ، دەشێ لەو کاتەدا ئیزرایل بێتە خوار و ڕۆحی دەگەڵ خۆیدا بەرزکاتەوە، وەلێ تەمەن یارووباقییە، خوداوەند ناخوازێ لە ژیان دایبڕێ. دایکی دڵ بریندارم، بە دەست نەخۆشییەوە دەناڵێنێ و فشاری خوێنی بەرز بۆتەوە، چوار ڕۆژە، بۆ پشوودان لە نەخۆشخانە خەوێندراوە، پشوودان لای دایکم، گریان و خەمخواردنە. دایکم، بە ئەندازەی دایکێکی ئێزیدی دڵبەخەم و دڵمردوو کە کچەکانی لە لایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندراون و لاقەکراون، ماندوو و هیلاکە. ڕۆژی هەینی دەرفەتی گەڕانەوەی ماڵیان بە دایکمدا، دۆست و هاوڕێ و خزمانمان کۆبوونەتەوە، هەوڵی هێورکردنەوەی دەدەن، وەلێ قوفڵ لە چاو و هزری دراوە، ناخوازێ باوەڕ بە هیچ قسە و پاساوێک بکا، جگە لە نەڕۆیشتنم، ئاخەر من و دایکم، دوانەیەکی لێکدانەبڕاو بووین، هەمیشە بەیەکەوە بووین، هیچی شاراوەمان نەبوو، ڕۆژێک چاومان بە چاوی یەکدیی نەکەوتبوایە، هەستمان بە بۆشاییەکی ڕۆحی دەکرد، ئەو دەیخواست ژیانی هاوبەشی پێکبهێنم و چاوی بە زادەکەی بکەوێ، منیش بڕیارمداوە ڕێگەی مەرگەساتی

ئـەوروپا بگرمەبـەر، هەمیشـە لـە ترسـدا دەژیـم، دەترسـم ڕۆژێ لـە ڕۆژان، هاوشێوەی ڕۆژنامەنووسانی هاوڕێم، سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانی تیرۆر بکرێم و بەبەرچاوی دایکمەوە فیشەک بارانمکەن و کۆتایی بە ژیانم بێنن، لەبەرئەوە لە ترسەوە بەرەو ڕێگەی ترس دەڕۆم. دایکم، ڕۆژی شـەممو، بـە ڕۆژی حەشـر دەبینـێ، چونکـە دەزانـێ تکتـی تـەیارەی کوڕەکـەی کـاتژمێر ٤:٥٠ خولـەکی ڕۆژی شـەمووە، کـە لـە هـەولێرەوە بـەرەو ئەستەنبوڵ هەڵدەفڕێ. دۆستان، هەوڵدەدەن بڕیاری ڕۆیشتنم بگۆڕن، وەلێ دۆخی خراپی کوردستان و نـەبوونی ئومێد و هیـوای داهـاتوو، هیچ دەرفـەتێک بۆ گۆڕینی بڕیاری نەڕۆیشتن نادا. چێشت و خـواردنی زۆر، لـە هۆڵـە گـەورە و فراوانەکە نهۆمی یەکەم دانراوە، ئامۆزا و پورزاکانم، خەریکی سازکردنی برنجی خـڕی کـوردەواری و گۆشـتی سـورەوە کـراوی مریشـک و شـلەی قەیسـین، دەخـوازن دوا خـوانی کـوڕە کۆچبەرەکـەیان بـەتام و چێـژ بـێ، ئەگـەرچی لـەو کاتەدا شتێک نەماوە و نییە بە نێوی چێژ و تام، لەسـەر خـوانی نـان خـواردن، باوە گەورە هۆشیارییم پێدەدا، دەڵێ: لـەم ڕێگایـەدا زۆر بـە وردی و کـۆبیرەوە مامەڵە بکە، نەکەویتە نێو تەون و داو و ڕایەڵەی قاچاخچی و ڕێبەرەوە.

کـاتژمێر دووی پاش نیوەڕۆ، چـوار هـاوڕێی تەمـەن و هـاوڕێی خوێنـدن، کۆیـــەمان بـــەرەو فڕۆکەخانـــەی نێودەوڵـــەتی هـــەولێر جێهێشـــت، تـــرس و دڵـەڕاوکێمان زیـاتر بـوو، بێتاقـەت و مانـدووین، ئاخـەر چلـۆن بتـوانم، سـاتی جێهێشتنی ماڵەوە لە یاد بکەم. ئاخەر، دیمەنی لەهۆش چوونی دایکم گریێەکی گەورەیە لەسەر دڵم، تا لێشی دورکەوتمەوە، بینایی چاوەکانی لە دەست دابوو. بە دڵێکی خەمدارەوە ڕێگەی هەولێر بوو بە ڕێگەی بەغداد! کۆتایی نـەدەهات. لـە دوای گەیشـتن بـە هـەولێر و چوونـە نێـو فڕۆکەخانـە، هەسـتی نـامۆیی و

غەریبی و نا ئاسوودەیی زیاتر بەسەرماندا زاڵبوو، بە مەبەستی ئارامبوونەوەی مێشک و جەستەمان لە کافێی فرۆکەخانە قاوەیەکمان خوارد!

چوار هاوڕێ، هاوسەرفەری ڕێگەی ئەوروپا دەبین، دوو کاتژمێر و نیومان لە نێو فرۆکە بەسەربرد و بە نابەدڵێ ژەمە نانی ئێوارەمان خوارد، هەمیشە بیرمان لە کوردستان دەکردەوە، ئیدی ئەمە دوا بینینی کوردستانە، لەوەدەچێ لەو ڕێگەیە ببینە خۆراکی زیندەوەرەکانی ناو دەریا، یا لە دارستان ون بین و لە برسان قڕمان بێ، ئاخەر جێهێشتنی شوێنی لەدایکبوون و ژیانکردن هەروا سانا نییە، پیرۆزییەکی باڵای هەیە، ئێمە پێشڕەوی شۆڕشی خوێندکاران نین، تا بڵێین: "موقەدەس، دوژمنمانە"، کوردستان پیرۆزە و پاراستنی ئەرکە.

# تورکیا

کاتژمێر ٧:٢٠ خولەک، لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەتاتورک لە ئەستەنبوڵ دابەزین، نەدیو نەناس، نەشارەزا و بێ زمان، لە دوای گەشتیارانی دیکەوە دەڕۆیین، تا ڕێکارە یاساییەکانی چوونە دەرەوەی فڕۆکەخانەمان جێبەجێ کرد، دوو کاتژمێرمان زیاتر لەدەست چوو، لەگەڵ دەرچوونمان لە فڕۆکەخانە بەرەو ژێر زەوی ڕۆیشتین و بە میترۆ خۆمان گەیاندە ئەکسەڕای، لەوێدا قاچاخچی چاوەڕوانی دەکردین و بەردەوامی پەیوەندی پێوەدەکردین، گەیشتینە کوێ و کەی دەگەن؟ من لای (AKSARAY METRO) چاوەڕوانم، شۆرتێکی کورت و کراسێکی سوورم لەبەردایە. گەیشتینە شوێنی دیاریکراو، لەوێدا دەرکەوت دوو هاوکاری قاچاخچی چاوەڕوانمانن، دەگەڵ ئەوان بە بێ قسە ڕێمانکرد، لە ڕێگادا سیمکارتی "تورک سێڵ"مان سەند و پێیەکانمان بە جووڵە خستەوە، بەرەو خانووی قاچاخچییەکە ڕۆیشتین، لە دوای کاتژمێرێ ڕۆیشتن بە پێ، گەیشتینە هۆتێلە کەلاوەکەی قاچاخچی، کە چەند کۆچبەرێکی دیکە لێبوو، دەستبەجێ قاچاخچی وتی: ئەم ئێوارە وەجبە کۆچبەرێکمان بەرەو بولگاریا بەڕێکرد، دڵنیابن سبەی شەو لە سۆفیاوە پەیوەندی دەکەن.

قاچاخچییەکە دەستی بە قسە کردن کرد، بە شان و باڵای خۆی هەڵدا، بە ڕاستی ئەو کۆچبەرانەی من ڕەوانەی ئەورووپام کردوون، بە سەلامەتی و بێ کێشە گەیشتوونەتە شوێنی خۆیان، فلانی لە ئەڵمانیا و فلانی لە بەریتانیایە،

ئێمە ڕێزێکی زۆر لە کۆچبەران دەگرین، درۆیان لەگەڵ ناکەین و غەدریان لێناکەین و بە زۆر نایانێرین، بەڵکو هاوکاری زۆریان دەکەین، لای خەڵکیش ناسراوین و پێگەی تایبەتیمان هەیە لەنێو قاچاخچیان، چونکە کارەکانمان لەسەر بنەمای درۆ بەڕێوە نابەین و پارەی پێشەکی لە هیچ کۆچبەرێک وەرناگرین و پارەی کەسمان نەخواردووە.

قاچاخچییەکە لە قسە کردن بەردەوام بوو، ئەوکاتەی لە کوردستان بوون، بەیەکەوە قسەمان کرد، کە پێویستە بۆ هەر کۆچبەرێک بڕی دوو هەزار دۆلار بۆ ڕێگەی نێوان تورکیا- بولگاریا، لە نووسینگە دانێن. هەروەک پێشتر باسمکرد، گوێ بە قسەی ئەو قاچاخچییە ساختەچییانە مەدەن، کە دەڵێن: بە هەزار دۆلار کۆچبەر دەگەیەنینە بولگاریا، ئەوانە بازرگانی بە کۆچی خەڵکەوە دەکەن و پارەی خەڵک دەخۆن و خەڵک هەڵدەخەڵەتێنن، بە ڕێگەی ناخۆش و ترسناک کۆچبەر بەڕێدەکەن. وەلێ ڕێبەر و ڕێگاکەی ئێمە گرێنتی و سەلامەتە. ئەم قسانە باوەڕیان بە ئێمەی کۆچبەران هێنا، هەر کۆچبەرەی بڕی دوو هەزار دۆلاری لە نووسینگە دانا. بۆ ئەوەی کاتژمێر پێنجی سبەی ئێوارە ڕادەستی ڕێبەرمان بکەن و بەرەو سۆفیا ڕەوانەمان بکەن. ئەم کارانە بە شێوەیەکی خێرایی پۆلیسی بەڕێوەدەچوو! ئەگەرچی دونیایەک پرسیارم لە هزردا گەڵاڵە ببوو، گەر ئەم ئێوارەیە کۆچبەری بە ڕێکردووە، چۆن ئەم کۆچبەرانە نەڕۆیشتوون؟ ئەم قاچاخچییە هێندەی کۆچبەر هەیە، هەموو ئێوارەیەک کۆچبەر بەرەو بولگاریا بەڕێبکات؟ هاوڕێم هەیە دوو مانگە لە ئەستەنبوڵە و دەرفەتی ڕۆیشتنی نییە، ئێمە بە شەوێک دەڕۆین و ئەوان بە دوو مانگ ناڕۆن، ئەمە چ هاوکێشەیەکە؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری دیکە، مێشکی جەنجاڵ کردبووم، بە شێوەیەک بیرم لە کوردستان نەما، بە ڕاست دەبێ سبەی ئێوارە بڕۆین؟ لانی کەم دەرفەتی گەڕانمان بە نێو ئەستەنبوڵ

نـامێنێ، کـەمتر لـە بیسـت و چـوار کـاتژمێری دیکـە قسـەکانیمان بـۆ ڕوون دەبێتەوە، ڕاست دەکا، یا درۆ؟ لە نێو گەرمەی قسەکردندا، هـەژاری هاوسـەفەر وتی:

- ببورن، قسەتان پێدەبڕم، وەلێ زۆرمـان برسییە، زیـاتر لـە دە کـاتژمێرە نانمان نەخواردووە، پێویستە خواردن بخۆین.
- قاچـاخچی: باشـە، سـەرکار -کۆچبـەرێکی کـوردە، کە هەفتەیـەکە لای ئـەو قاچاخچییـەیە، کـەمێ شـارەزا بـوو- لەگـەڵیان بـڕۆ، لـە دوای نـان خواردن، زوو بگەڕێنەوە، خۆتان بشۆن و بۆ سبەی ئێـوارە ئامادەکاری بکەن.

شەوێکی کورتی هاوین، لە نێـو هۆتێلـە داشقەکەی قاچـاخچی، لـە نزیـک دەریادا خەریکە لەرز دەگرین، یەکەمجارە هـاوینی هێنـدە سارد ببینـم، لەگـەڵ هاوسەفەران دوو بە دوو سەرمان بەیەکەوە ناوە، دونیایـەک پرسیار و قەلـەقی لە هزرماندا دێ و دەچێ، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات بەسەردەچێ.

کاتژمێر نـۆی بـەیانی پەیوەنـدیمان بـە کەسوکارمان کـرد و ڕامانگەیانـد پێویسـتە بـۆ هـەر یـەکێکمان دوو هـەزار دۆلار بـۆ نێـوان تورکیـا- بولگاریـا لـە نووسـینگە دابنـێن، ئـەوانیش بـەپەلـە ئەمـەیان جێبـەجێکرد، دواتـر بـەرەو بـازار ڕۆیشـتین و پێداویسـتی ڕێگـەمان کـڕی، پـێڵاوی چـاک و بـەهێز، جلوبـەرگی تونــدوتۆڵ، زۆر ســەرقاڵ بــووین و مژیلــی بەدەســتهێنانی پێداویســتییەکانین، دەرفەتی چاوگێڕان و سەردانی کردنـی هـیچ شـوێنیکمان نییـە، زۆر بـە خێرایـی کات تێدەپەڕێ، قاچاخچی چەند جار تەلەفۆنی بۆ ئاکامی هاوڕێم کرد، وتی:

- ئەوە لە کوێن بەپەلە بگەڕێنەوە، درەنگە.
- کەلوپەلەکانمان کڕیوە، کەمێکی دیکە دەگەڕێینەوە.

بە پەلەپروزێ هەر چوار هاوڕێ بەرەو هۆتێلەکە کەوتینەڕێ، دڵەکوتەمانە، قەلەقین، بڕیارە ئەمشەو سەرەتای کۆچی بەدمان بێ، ئەو جەنجاڵیەی ناخمان، دەرفەتی سەیرکردنی ئەملاولامانی نەهێشت، کاتژمێر سێی دوا نیوەڕۆ گەیشتینەوە.

قاچاخچییەکە وتی: تەواوی پارەکانتان دەگەڵ خۆتان مەبەن، پارە زیادەکانتان لای من جێبێڵن، دواتر لە پارەی نووستووی نووسینگە بە کەسوکارتانی دەدەمەوە، نەبادا بگیرێن و پارەکانتان لێ سەنن، هەرچی دراوی دۆلار هەیە پێم بدەن، لە دەرەوە دەیگۆڕم بە یۆرۆ، لە تورکیا بە پشتەوە یۆرۆ پارەی بازارە.

- زۆرباشە، چەندمان پارە پێبێ باشە؟
- یەکی دوو سەد دۆلارتان بۆ دەکەمە یۆرۆ.

پێنج کۆچبەر و هاوکارەکەی قاچاخچی بەلایەکدا و قاچاخچییەکەش بە لایەکی دیکە چووینە دەرەوە، ئێمە بەرەو مارکێت هەنگاومان نا، بایی پەنجا لیرەی تورکی خورما و کێک و ئاو و خواردنەوە وزە بەخشەکانمان کڕی، لە دوای تاوێ قاخاچییەکەش گەڕایەوە لامان و دۆلارەکەی کردبووە یۆرۆ و پووڵەکەی پێداینەوە. لە تەقسیمەوە لە قاخاچخی دابڕاین و وتی:

- بە هیوای کۆچ و سەفەرێکی سەلامەت.
- واتە، چیدیکە لەگەڵمان نابی؟
- نەخێر، تەنیا هونەری هاوکارم لەگەڵتان دەبێ.

ئیدی کارمان تەنیا لەگەڵ هاوکارەکەی قاخاچی بوو، بەپەلە و بە خێرایی و بە هۆشیارییەوە ڕێمان دەکرد، شوێنی دیدەنی و ڕۆیشتنمان بەردەم باڵەخانەی هستۆریایە، کۆچبەرانی دیکە لەوێ چاوەڕوانمان دەکەن، لە ڕێگەدا هەژار پەشیمان بۆوە، وتی:

- دوو برام لە بەڕیتانیایە، قسەم لەگەڵیان کردووە، ڕێگریان لێمکرد بە ڕێگەی بولگاریادا بێم، چونکە ڕێگەیەکی زۆر ناخۆش و مەترسیدارە، زۆر کەس لەم ڕێگایەدا، تیاچوون و جەستەیان بووەتە خۆراکی ئاژەڵە کێوییەکانی جەنگەڵستان.
- کەوایە نایەیت و دەگەڕێیتەوە؟
- بەڵێ، دیارە ڕێگاکە زۆر ترسناکە، بە قسەی براکانم دەکەم.
- ئێمە نامانەوێ بە ڕێگەی ئاویدا بڕۆین، دەخوازین بە ڕێگەی وشکانیدا بڕۆین.
- باشە، ئێوە بڕۆن و هیوای سەلامەتیتان بۆ دەخوازم.

هەژار لێمان دابڕا و گەڕایەوە لای قاچاخچی بۆ ئەوەی پارە و مۆبایلەکەی وەرگرێتەوە. لە ڕێگادا چەند جارێک ڕێگەمان گۆڕێ، هونەر دەیوت چاودێریمان دەکەن، بە لای کافێی سوورییەکاندا ڕۆیشتین، پێنج کەس، دوو دوو و دوو و سێ بەیەکەوە لە نزیک و لە دووی یەکدی دەڕۆین، هەریەکەی سیپاڵێکی شڕی بەشانەوەیە و لە دوور ڕا وێنەی کۆچبەر دەدەین، لە پڕدا هونەر وتی گەیشتین.

## هستۆریا.. سەرەتای ڕێگای ڕەش

بەردەم هستۆریای باڵاخانەی باڵابەرز، دەیان کۆچبەری کورد و فارسی لێیە، دانە دانە و دوو دوو، لە لایەکەوە لە پاڵ دار و لە نێو باخچە و لە دووری یەکدی دانیشتوون، هەمووان دەخوازن ڕێگەی قاچاخی ئەوروپا بگرنەبەر، لە کاتێکدا ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچێ و خەریکە تاریکی باڵ بەسەر ئاسمانی ئەستەنبوڵدا بکێشێ، هەرێمی هاوکاری قاچاخچییەکەمان، تەمەنی سی ساڵ دەبوو، پیاوێکی زلوزەلام، دەمووچاوێکی ژەهراوی، باز و عەزەڵە بەهێز، وتی:

لێرە دانیشن، چاوەڕوانی هاتنی ئۆتۆمبێلی ڕێبەری ڕێگە بن.

کەی ئۆتۆمبێل دەگات؟

کەمێکی دیکە، پەلەتان نەبێ، نابێ لە ڕێگەی قاچاخی ئەوروپا پەلە بکەن.

لەگەڵ دانیشتن ترس و لەرز زیاد بوو، کاتێک بیستمان زۆرجار لەم شوێنەدا کۆچبەر دەستگیر دەکرێ و دیپۆڕتی وڵاتی خۆی دەکرێتەوە، بە هۆشیارییەوە سەیری ئەملاولا دەکەین، بزانین چاودێری پۆلیسمان بەسەرەوە نییە؟ کەس چاوهدێریمان ناکات. فارس و کورد و عەرەب و پشتو و تورک زمان، تێکەڵی یەکدی بوون، تەنیا ڕێی ئەوروپا ئەمانە بەیەکدی دەبەستێتەوە، ئەگینا هیچ هۆیەکی دی نییە، ئەمانە بەیەکەوە ببەستنەوە. جارجار هاشوهوش پەیدا دەبوو، ژمارەیەک کۆچبەر تورە دەبوون، ئاخر کەی دەڕۆین؟ لە چاوەڕوانی ماندووبووین، ڕێبەرەکانیش بە هێمنی وتیان دەخوازن دەستگیر بکرێن؟ بە هێمنی و بێدەنگی دانیشن، تا دونیا بە تەواوی تاریک

دەبێ، ئەوسا ئۆتۆمبێلەکان دەگەن و دەڕۆن، بەمشێوەیە کۆچبەرەکان هێدی بوونەوە.

سێ هاوڕێ و هاوسەفەری کۆیە و هاوڕێ نوێیەکەی بیتوێن (سەرکار)، لە تەک یەک لە نێو پارکێکی بچووک دانیشتووین، هونەر لە لامان ماوە، دەخوازێ بمانخاتە نێو ئۆتۆمبێل ئەوسا بگەڕێتەوە، دوو کەسی شکڵ و شێوە سەیر هاتە لامانەوە و دانیشتن، دانەیەکیان کورتەباڵا بوو، لە سەروسیما زۆر جیاواز بوو، ڕەنگێکی ڕەش و ڕیشنێکی پڕ بوو، ئەوی دیکە بەشێکی جەستەی شوێنی کەتەر و چەقۆ بوو، هەموو گیانی تاتۆ بوو، بە گەورەیی لەسەر تەختایی بازوویی بە لاتینی نووسیبووی (peshmarga) لە عەزەڵەی قۆڵی نووسیبووی (I Love you mom)، ئەو عاشقە پێشمەرگەیە، لای ئێمە نەناس بوو. ئێمە لە قسە کردن بەردەوام بووین. بەڵێن وتی:

- دەبێ لەم ڕێگەیە چیمان لێ بەسەربێ، زەحمەتە بە هەفتەیەکی دیکە بگەینە بولگاریا.

لەو قسانەدا بووین، ئەو جەستە تاتۆییە، عاشقە پێشمەرگە بە قسە هات و هاتە پێش لێمان، وتی:

- کەلام شەرەف، بە نامووسم، ئەمشەو دەڕۆین و سبەی شەو کاتژمێر نۆ لە بولگاریا دەبن.

ئاکام لەمەڕ ڕێگەکە پرسیاری لێکرد، ئەویش وتی:

خۆش و سەلامەتە، گەشتە گەشت، گەشت! میوەجاتی زۆر دەخۆین، دەچم شوتی و هەڵوژە و حلکتان و بۆ دێنم، حلک! حلک!، زۆر بە هێمنی دەڕۆین و ڕێگەی چوار کاتژمێرە. ئاکام خۆی وەسوڕاند و بە پێکەنینەوە وتی: بەخودا ئەو گەشتە دەبێتە ڕێی جەهەنەم، شوتی دەبێتە تالیبەر، هەڵوژە دەبێتە کەتەر، حلک دەبێتە قامچی.

# بەرەو ئەدرنە

لە پڕدا نیو پاسێک لە نزیک شۆستە وەستا و بەپەلەپرۆزێ هەڵساین لە تروکایی چاودا، ئێمەی کۆچبەرانیان خستە نێو ئۆتۆمبێل، بە ئەستەم جێگەمان بووەوە، پازدە کۆچبەر لە نێو پاسە بچووکەکەدا بەپاڵ یەکدییەوە لەسەر جانتاکانمان دانیشتین، هونەر لێمان دابڕا، وەلێ پیاوە کورتە باڵاکە و پیاوی تاتۆکە لە پێشی ماشێنەکە دانیشتن. ئۆتۆمبێلەکە بەڕێکەوت، دیارە ئەو دوو کەسە ڕێبەری ڕێگەی نێوان تورکیا بولگاریان.

پیاوی تاتۆکە و کورتە باڵاکە، لە پێشەوە دانیشتبوون، ئێمەش جێگەمان زۆر خراپ و تەنگ بوو، وردە وردە ئەندامەکانی جەستەمان سڕ دەبوو، دوو خانەوادەمان لەگەڵ بوو، هاوژینێکی کوردی هەولێری دەگەڵ دوو منداڵ و هاوژینێکی ئیسفەهانی بێ منداڵ، جێگەی ئەوان تاڕادەیەک خۆشتر بوو، کورسیان لەژێردابوو، حەمە کەرکووکی هاواری لێ هەڵسا، وتی:

- قەستەم بەخودا، قاچەکانم لە جووڵە کەوتن، دەبێ جێگۆڕکێ پێ بکەم، تکایە هاوکاریم بکەن.
- زۆرباشە، بە نۆبەت پشوو بە ئەندامە سڕبووەکانی جەستەمان دەدەین.
- ماڵتان ئاوابێ، ئەم ڕێگەیە سەختە، دەبینە یەک خانەوادە، دەبێ هاوکاری یەکدی بکەین.

نیو پاس، زیاتر لە کاتژمێرێک ڕۆیشت، لە ماوەی ئەو کاتژمێرە یەکدی ناسینمان لەگەڵ هاوکۆچبەرەکان پەیداکرد، هەریەکەی سەرگوزەشتەیەکی خەماوی لابوو، حەمە کەرکووکی زیاتر قسەی دەکرد، وتی:

- من کێشەی کۆمەڵایەتیم هەبوو، لەبەرئەوە هەڵاتم.
- ئەحمەد، خەڵکی سلێمانی بوو، وتی: ئێرە پۆلیستەیشن نییە، لێرەوە کەیس دروست مەکە.

لەم قسە و باسانەدابووین، پیاوی تاتۆکە، وتی:

- بێ دەنگبن، بێ دەنگبن، پۆلیس بەدوامانەوەیە، دەبێ چارەسەری بکەین.
- چیمان لەدەست دێ؟
- پسمام، بێدەنگ بن.

ڕێبەرەکە، بە تورکی دەگەڵ شۆفێری نیو پاسەکە قسەی کرد، ئینجا ئاوڕی دایەوە و وتی:

- لە ژێر ئەو پردە دادەبەزین، تا پۆلیس دەڕوا.

لە ژێر پردێکدا، ئۆتۆمبێلەکەمان وەستا و دەرگای پشتەوەیان کردەوە و لە تروکایی چاودا، دابەزین و خۆمان هەڵدایە، پاڵ دار و دڕک و داڵی پاڵ ستوونە پانەکەی پردەکە، لەگەڵ دابەزینمان ماشێنەکە بە خێرایی ڕۆیشت. ژێر پرد، پەناگەیەکی باش بوو، لەوێ بۆمان دەرکەوت، پیاوی تاتۆکە ناوی سەلاحە و کورتە باڵاکەش ناوی محەمەدە، سەلاح، ڕێبەری تەواو بوو، محەممەدیش هاوکار و هەماهەنگی سەلاح بوو، لە ژێر پردەکە سەلاح وتی: بە بێ دەنگی لێرە دانیشن، قسەکەی تەواو کرد و ئۆتۆمبێلی پۆلیس بەلاماندا تێپەڕی و ڕاستەڕێ ڕۆیشت، بۆمان ڕوون نەبۆوە، چۆن هەستی کردبوو، پۆلیس لە پشتەوە چاودێریمان دەکات. سەلاح، بە بەرزایی گردەکەی ژێر پردەکە سەرکەوت و بە وردی و هۆشیارییەوە چاودێری دەکرد، بزانی چ خەبەرە؟ وەلێ محەمەد لامان بوو، لە دوای دڵنیابوونی سەلاح لە سەلامەتی

شوێنەکە، لەسەر گردەکەی ژێر پردەکە دانیشت، بە چەخماخەی دەستی ئاگری بچووکی لە نێو دەستیدا کردەووە.

محەممەدیش قسەی بۆ ئێمە دەکرد و وتی:

- کێشەتان نەبێ، خەم مەخۆن، کەمێکی دیکە دەڕۆین.
- بە دڵنیاییەوە دەڕۆین؟ ناگەڕێینەوە ئەستەنبوڵ؟
- دەڕۆین، ئەرخەیان بن.

من، چاوم لەسەر سەلاحە، لە دوای تاوێ گەڕایەوە لای ئێمە، لەوێڕا هەستمکرد، تریاکی کێشا، وزە و نەشئەی زیادی هەبوو، جوڵەی زیاد ببوو و دەستی بە قسە کردن کرد، وتی: بە خودێ، بە خودێ، وەجبە کۆچبەری فارس و عەرەب و ئەفغانی و پاکستانیم هەبوو، زۆر بە توندی مامەڵەم لەگەڵ کردوون، بە تالیبەرەوە لەگەڵیان هەڵسووکەوتم کردووە. بەڵام، کاتێک وتیان وەجبەی کۆچبەر ئامادەیە و کوردە، من کەیفم ساز بوو، دڵخۆش بووم، دڵنیابن، نایەڵم دەستگیر بکرێن، چونکە کوردن، کوردا! تەنیا یەک داواکاریتان لێدەکەم، هەرچیم وت، بە قسەم بکەن و گوهداریم بکەن. ئێوە کوردن، دەسەڵاتی ئێوەم نییە، خولامی پێڵاوەکانی ئێوەم! ئەم قسەیە بۆ کۆچبەرەکان زۆر سەیر بوو، زۆر جیاواز بوو، چونکە ڕێبەر و قاچاخچی پێناسەی جوانیان نییە، لەبەرئەوە گشت کۆچبەرە کوردەکان، وتیان: بەسەرچاو، هەرچیت وت بە قسەت دەکەین و گوهدارت دەبن، تۆ کوردێکی زۆر مەردی. ئینجا هەوڵیدا بە فارسی بە هاوژینە ئەسفەهانییەکە بڵێ: تا بیست خولەکی دیکە بە بێ دەنگی لێرە دەبین، دواتر دەڕۆین، وەلێ فارسیی زۆر بە کەمی دەزانی، لەوێدا هەوڵمدا بەو کەمە فارسییەی دەیزانم تێیانگەیەنم، کە سەلاح چی دەوێ، سەلاح پێی وتم:

- فارسی دەزانی؟
- بەڵێ، کەم، کەم.
- زۆرباشە، پێیان بڵێ کەمێکی دیکە لێرە دەڕۆین و بەسەلامەتی دەتانگەیەنمە بولگاریا، بەس گوهداری من بن.

- ئەو قسانەم بە هاوژینە فارسەکە وت.

سەلاح، تەلەفۆنەکە هەڵکردەوە و لەگەڵ شۆفێری ترۆمبێلەکە قسەی کرد تا وەڕێبکەوێتەوە بۆ لامان، ئێمەش بپەڕینەوە سایدی بەرانبەر و بچینەوە نێو نیو پاسەکە. – دیارە لە دوای ئێمە پاسەکە ڕۆیشتبوو، دواجار خۆی لە سەیارەی پۆلیس ون کردبوو و پەڕیبۆوە سایدی بەرانبەرمان- زۆر بە وردی کاتێک زانی سەیارەکەمان خەریکە بگاتە بەرانبەرمان وتی: بەپەلە دەپەڕینەوە ئاگاتان لەو دوو منداڵە و دوو خانمە بێ، ئۆتۆمبێل زۆر بە خێرایی لەسەر ئەو ڕێگا خێرایەدا دەڕوا، ئێمەش بە خێرایی دەپەڕینەوە بەسەر ئاسنی بچووکی هاتووچۆی نێوان دوو سایدەکە بازماندا و چووینە ئەوبەری ڕێگە، بەر لەوەی بچینەوە نێو ئۆتۆمبێلەکەمان باوکی دوو منداڵەکە کەوتە نێو چاڵێک ئاو و کەمێک قاچی ڕاستی ئازاری پێگەیشت و جلەکانی تەڕ بوو، وەلێ ئەمانە لە کردە خێراییەکە ساردی نەکردەوە و خۆی هەڵدایە نێو نیو پاسەکە، ئەڵبەتە ژمارەیەک لە کۆچبەرە گەنجەکان هاوکاری ئەو منداڵ و خانمانەیان کرد لە پەڕینەوە و سەرکەوتنەوەیان.

ئەمجار، سەلاح و محەمەد نەشئەیان زۆر بوو، تاقەتی باشیان هەبوو، بە دەنگی بەرز هاواری کرد، دەرچووین! ئیدی گۆرانی سەعید گابارییان هەڵدایە سەر دەنگدەرەکان، لە کەشێکی دڵتەنگی ترساوییەوە بۆ کەشێکی دڵخۆش و پڕ خۆشییەوە. دونیایەک قسەی دڵخۆش و نوکتە وترا و بەزمورەزمی نێو نیو پاس دەستی پێکرد. گەنجەکەی سلێمانی وتی:

- ئەمشەو کلاسیکۆ هەیە، سەیری یاری ڕیاڵ مەدرید و بەرشەلۆنە دەکەن؟
- ژمارەیەک کۆچبەر: ئێستا کەی کاتی سەیری یارییە؟

- سەلاح: ئێوارە زانیم ئەمشەو کلاسیکۆ هەیە، بەڵام چون بەڵێنم دابوو، پێم شەرم بوو، نەیەم. ئەگینا ئەم یارییە بە یەک ملیۆن دۆلار نادەم، گەر بۆتان جێبەجێ دەبێ، بیهێنن سەیری دەکەین.
- ئەحمەد: بەسەرچاو، هەر ئێستا. مۆبایلەکەی خستە سەر یاری و بەرەو پێشەوە بەرێیکرد، لەوێ هەڵیانواسی و بەیەکەوە سەیری یاریمان کرد. ڕێبەرەکەمان هاندەری یانەی ڕیال مەدریدی شاهانە بوو، لەهەر کاتێکدا ڕیاڵ مەدرید هێرشی بردبوایە سەر یانەی بەرشەلۆنە، هاتوهاوار دروست دەبوو، بە دەنگی بەرز، دەی! دەی! کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، گۆڵ، گۆڵ، گۆڵ بکە.

لەوکاتەدا، لە نێوان هەندێ کۆچبەری هاوڕێی یەکدی، مشتومڕی توند دروست بوو، لەسەر ڕێبەرەکەمان.

- پێمخۆش نەبوو، لەگەڵ ئەم قاچاخچییە بێین، تۆ لێ نەگەڕای.
- بۆچی کێشە چییە؟
- ئەی ئەو ترپاک کێشە چییە؟ لەبەر ترپاک و یاری ئاگای لە ئێمە نەماوە، سەرمان بەفەتارە دەدا.
- گشت ڕێبەرەکان بەمشێوەیەن، دەشێ ئەمە لە گشتیان باشتر بێ.
- دەبڕۆ، وەڵا بووینە فلیم.

بەرەو ئەدرنە دەڕۆین، تاڕادەیەک نێو پاسەکە خۆش بوو، کەس جەستە سڕی بیرنەمابوو، کاتێک ڕیال مەدرید گۆڵی کرد، سەلاح دەستی کرد بە هاتوهاوار و هەڵا لێدان، کۆچبەرانیش بۆ دڵخۆشی بەشداری ئەو هاتوهاوارە بوون، تەنانەت ئەوانەی هاندەری بەرشەلۆنەش بوون.

بەرەو کۆتایی ڕێگەکە دەڕۆین، ڕێبەر وتی: تەواوی جلوبەرگەکانتان بگۆڕن و جلی ڕەش لەبەربکەن، چونکە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ دەدرەوشێتەوە

و لەوەدەچێ لە دوور ڕا ببینرێین و پۆلیس بمانبینێ، کەمێکی دیکە دەگەین و دادەبەزین، بەڵام بیرتان نەچێ ئەو دوو بەلەمە هەواییە لەگەڵ خۆتان داگرن، بە نێو ئەدرنەدا ڕۆیشتین و لە دەرەوەی ئەدرنە، لە چۆڵەوانییەک ئۆتۆمبێل وەستا، بەیەکجار تێکڕا دابەزین و لە لێژایی تەک ڕۆخی ڕێگا خۆمان شاردەوە، دوو خوولەک، تا سێ خوولەک لەوێ دانیشتین، سەلاح وتی دەپەڕینەوە، ڕاکەن. بە خێرایی زۆر، وەک خلیسکانی مار، بە نووشتاوەییەوە ڕامانکرد و نەوەستاین، تا دووری دوو سێ کیلۆمەتر لە ڕێگەی گشتییەوە، لە پەنایەکەوە لە نێو پوش و پەڵاشی زەردە هەڵگەڕاو، دانیشتین.

## ئەدرنە

ئەدرنـە، یەکێکـە لـە شـارە سـنوورییەکانی تورکیـا، دەکەوێتـە بەشـی باکووری ڕۆژئاواوە، بە شارێکی ستراتیژی گرنگ و ناوەندێکی گەورە دادەنرێ بۆ پەڕینەوەی کۆچبەران بەرەو ئەوروپا. ئەدرنە، هاوسنووره لەگەڵ بولگاریا و یۆنان، ئێمـەش دەمانـەوێ لـە ئەدرنـەوە دەروازە و سـەرەتای ڕێگـەی ئـەوروپا بگرینـەبـەر. بـەم شـەوە مانـگ لـەدەر و ڕووناکـە، تـرس بـاڵی بەسـەر تـەواوی کۆچبەراندا کێشاوە. خانمە خاوەن دوو منداڵەکە دەستەکانی بـۆ ئاسمان بـەرز دەکاتـەوە و نـزا و پاڕانـەوە دەکـات، لـە خـودا داوا دەکـات، سـەلامەتیان بکا و دەستگیرنەکرێین. سەلاح، دوو بەلەمەکەی کردەوە و پەمپی هەواکەی هێنا، بە هاوکاری کۆچبـەران دوو بەلەمەکـەی پـڕ کـرد لـە هـەوا. ئێستا بەلەمـەکانمان ئامادەن، بۆ ئەوەی لە تەنگەبەری ئاوی نێوان تورکیا یۆنان بپەڕینـەوە. سـەلاح وتی: تا کاتژمێر سـێ پشـوو بـدەن، ئەوسا دەڕۆیـن. کۆچبـەران خـەریک بـوون، پشوو بدەن، سەلاح وتی: جانتا بچووکەکەی گیرفانم ون بووە، پێنج سەد دۆلار و سێ سەد لیـرەی تـورکی تێدایـە، بـە وردی لـەو شـوێنە گـەڕان، نەدۆزرایـەوە، دواتر گەیشتە ئەو باوەڕەی لە ژێر پردەکە لێی کەوتووە. تەلەفۆنی بۆ شۆفێری نیو پاسەکە کرد، کە بچێتە ژێر پردەکە و جانتاکەی بۆ بدۆزێتەوە.

خەریکـە پشـوو دەدەیـن، شـەوێکی چەنـد سـەیرە! هـیچ یـەک لـەم کۆچبەرانە لە کەشێکی وەهادا نەژیاون و نـەیانبینیووە، ڕۆژێ لـە ڕۆژان بیریـان لێ نەکردۆتەوە، مەگەر لە فیلمەکان بەرچاویان کەوتبێ، هیچی یەکدی ناناسن، ژن و پیاو و منداڵی نەناس بەیەکەوەن، لە کەش و هەوایەکی ساردی جەستە

تەزێنداین، بێدەنگییەکی بێ وێنە، کەم کەم قسە دەکەین، زیاتر لەیەکدی ڕادەمێنن و چاو لە چاوی یەکدی دەبڕن.

وردە وردە و نم نم باران دەباری، سەلاح کیسەی ڕەشی پاشماوەی خوڵ و خاشاکی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، یەکی کیسەیەکی پێداین و بەسەر خۆماندادا، ژمارەیەک کۆچبەر لەنێو پوشوپەڵاشی وشکبوونی سەرسنووری نێوان تورکیا یۆنان درێژبوون. وەک بڵێی ژێر کۆچبەران بومەلەرزەیە، هێندە دەلەرزین لە سەرمان، بەتایبەت دوو منداڵە بچووکەکە، زیاتر کرۆشکەیان دەکرد و دەچوونە نێو باوەشی دایکیانەوە، دایکیشیان بۆ نێو باوەشی باوکیان. هاوژینە ئێرانییەکە، بێ ئەزموونی ژیان بوون، زۆربەی کاتەکانی تەمەنیان لەنێو ئەکادیما بەسەربردبوو، لەو دیمەنانە وڕمابوون، ساردی و سەرما، باران و ئەو کەشە، قسەی پێ بڕیبوون، هەناسەیان توند ببوو. وەلێ کۆچبەرە گەنجەکان کەمتر ماندویەتیان پێوەدیار بوو، ئەگەرچی دەیانزانی وردە وردە سەختی ڕێگەی ئەوروپا دێتە ڕێمان، سەلاح تەواوی کۆچبەرانی ترساندبوو، بەوەی نابێ هەڵسن، بەڵکو دەبێ درێژبن، تا دەڕۆین، ئەمدیو و ئەودیو، سەر پشت و سەر سک، هەموو لایەکانی جەستەمان تاقیکردەوە بۆ درێژبوون. من، تەنیا کراسێکم لەبەردابوو، ئاکامی هاوسەفەرم، کراسێکی گەرمی بچووکی پێمدا و کەمێ گەرمم بووەوە، تا کاتژمێر سێی نیوە شەو، بەمشێوەیە کاتەکان دەڕۆیشتن.

## بەرەو یۆنان

کاتژمێر سێی نیوە شەو، جوڵەمانکرد، سەلاح وتی: بێ دەنگ، بێ دەنگ، بێ دەنگ، ڕێ دەکەین، ڕووی لە گەنجەکان کرد و وتی: هاوکاری ئەو خانەوادانە دەکەن بەتایبەت ئەو دوو منداڵە، بەلەمەکانیش هەڵگرن.

سەلاح، لە پێشی کۆچبەران بە ڕێگەیەکی بچووکی خۆڵاویدا دەڕۆیشت ئێمەش بە چرپە و وەک خلیسکانی مار بە خێرایی لەدووی دەڕۆیشتین، محەممەدی کورتەباڵاش، لە پشتەوەی کۆچبەران، لۆژە لۆژە دەهات.

سەلاح، جارێکی دیکە تریاکی کێشابوو، باش ڕێی دەکرد، وەلێ کۆچبەرەکان خەریک بوو بەرەو پەرت بوون بڕۆن، لەبەرئەوە بە ناچاری وەستا و خۆی لە محەمەد تووڕەکرد و وتی: تۆ چ کارەی؟ مەگەر نابێ ئەمانە ڕێکەخی و وەپێش خۆتیان بدەیت و دەگەڵ ڕۆیشتنی مندا بڕۆن؟ لەوێ بەو دەستەی تاتۆی پێشمەرگەی لەسەر بوو، لە تەختەی پشتەملی محەمەدیدا، دەی خێراکەن. ڕووی لە کۆچبەرەکان کرد، وتی: بەخودا ئاوا بکەن، دەستگیردەکرێن، زوو پێ هەڵبڕن، ڕێگاکە زۆر نییە، کورتە! وەدووم کەون. کاتێک بەلەمێکی بینی هەوای کەم بووبوو، ئارامی لە جەستەی نەما، سوور هەڵگەرا. لە بەلەمەکە نزیک بووەوە، دەستی لێدا و سەیری ژێرەوەی کرد، کون بووبوو، دڕکی پێداچووبوو، تا توانای هەبوو، دوو شەقی لە بەلەمەکەدا و شەقێکی دیکەشی لە محەمەد دا و وتی: گوهداری من نابن، ئەوە من دەگەڕێمەوە خۆتان بڕۆن بزانم چ دەکەن؟

سـەلاح، بـەرەو ئەدرنـە دەگەڕایـەوە، خەریکـە کۆچبـەرەکان وێـڵ و سەرگەردان بن، ئاخەر بە بێ ڕێبەر چ بکەین؟ هەرکۆچبەرە لە ڕاست خۆیەوە قسەیەکی دەکرد، ئەم خۆی لە ئەو توڕە دەکرد، بەلەمێکتان پێ هەڵنەگیرا، ئاوا ڕێگەی ئەوروپا دەگرنەبەر، لەپاش سەد مەتر ڕۆیشتن سەلاح گەڕایەوە، بە توڕەییەوە قسەی دەکرد، ئومێدی چیم پێتان هەبێ تەنیا بەلەمێکتان بە باشی هەڵنەگرت، من ئێوە ناگەیەنم.

- کۆچبەرێک: کێشە نییە، چارەی دەکەین و لەزگەی لەسەر لێدەدەین، چەسپی دەکەینەوە.
- یەکی دی: بەیەک بەلەم دەڕۆین.
- سەلاح: نابێ، نابێ! بۆ کوفرم پێدەکەن، بۆ گوهداری من نابن؟
- دایکی دوو کچەکە: کاک سەلاح، بیکە بۆ ڕاهی خودا، مەگەڕێوە، بەزەیت بەو منداڵانە دابێتەوە، تازە هاتووین، با نەگەڕێینەوە.

ئەم قسانەی دایکی دوو کچەکە، تاڕادەیەک سەلاحی هێمن کردەوە، بەلەمەکەی سەراوبن کرد و پارچە لەزگەیەکی لە شوێنی کونبووەکەدا و پڕیان لە هەوا کردەوە. وتیشی: چیدیکە ماندووم مەکەن، بە باشی هەڵیگرن.

ئێمەی کۆچبەران، بە بێدەنگی و بە خێرایی وەک خلیسکانی مار دەڕۆیشتین، ئەو ڕێگە خاکی پیادەڕەوە، کۆتایی نەدەهات. وردە وردە شەکەتی و ماندوویەتی بە جەستەی کۆچبەرانەوە وەدیارکەوت. دوو منداڵە کچەکە، ماوە ماوە لە شانی گەنجێکدابوو، چوار چواریش بەلەمێکیان هەڵگرتبوو. من، هەمیشە پێشەوەی بەلەمەکەم لەدەستدابوو، لە تەک سەلاحەوە دەڕۆیشتم، ئارەزووی پرسیاری زۆرم هەبوو، دەمخواست بەدەم ڕێگەوە بە هێمنی قسە بکەین و زانیاری لێوەرگرم.

- کاک سەلاح، ئەم ڕێگەیە تا چەند سەلامەتە؟

- ئەمە ڕێگەی تایبەتی خۆمە، ترسی نییە.
- هیچ ڕێبەرێکی دیکە کۆچبەر بەم ڕێگە داناهێنن؟
- تاکوتەرا هەیە.
- ئێستا بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕۆین؟
- کەمێکی دیکە دەگەینە یۆنان.
- یۆنان؟
- بەڵێ.
- مەگەر، بڕیار نییە بچینە بولگاریا؟
- هەروایە ئیدی.
- کەوایە بۆ دەچینە یۆنان؟
- ئەم ڕێگەیە سەلامەتە، شارەزام. بە درێژایی ڕۆژ لەنێو خاکی یۆنان دەڕۆین، لەگەڵ تاریک بوونی ئێوارە، دەچینە خاکی بولگاریاوە.
- زۆر چاکە. وێدەچێ لەمێژبێ لەو ڕێگەیەوە کۆچبەر بگوازیتەوە؟
- زۆر دەمێکە، تەمەنم لە ڕێی قاچاخ بەڕێکردووە. هەرچی ڕێگە هەیە شارەزام.. ئاوڕی لە کۆچبەرەکانی دواوە دایەوە، خێراکەن، خێرا!
- تاتۆی پێشمەرگەت لەسەر دەست هەڵکەندووە، ئاشقی پێشمەرگەی؟
- زۆر.. پێشمەرگە بەرگریکاری شەرەف و ناموسی کوردە، هی کوردستانە، پێشمەرگە لە دڵی مندایە.
- ئەی ئەم برین و شوێن کەتەر و چەقۆیانەی سەردەستت چییە؟
- لە چ دەپرسی؟ ڕووبەڕووی هەزاران گۆبەندی ژیان بومەتەوە.

بەشێک لە کۆچبەران بە لۆزە لۆز دێن، ژمارەیەکیان خەریکە پەکیان دەکەوێ، داوایان لە سەلاح کرد، لە شوێنێ پشوویەکی کورت بدەین، سەلاح ئەمەی قەبوڵکرد، لە پەنایەک دانیشتین -لە ڕاستیدا سەلاح ڕێبەرێکی کوردی

زۆر باش بوو-، لەوێ جگەرەیەکی داگیرساند، وەلێ لە نێو دەستی ئاگری بە چەخماخەکە لێدا و نەیدەهێشت دوکەڵی جگەرەکەی بەرز بێتەوە.

- حەمە کەرکووکی: هێندە ڕۆیشتین، هەر پساین، پسا! زۆرمان ماوە؟
- سەلاح: شورەییە ئەم قسە دەکەی، تۆ کوردی، کوردا! بیست خولەکی دیکە دەگەیەنێ.

دوو منداڵە کۆچبەرەکان، زۆر خۆشەویست بوون، بێ دەنگ و جوانکیلە، هەرکاتەی لای کۆچبەرێک بوو، سەرنجی کۆچبەرانیان بە لای خۆیاندا ڕادەکێشا، پرسیاری لە ناخمان دروست کردبوو، چ هۆکارێک وای لەو دایک و باوکە کردووە، بە دوو منداڵەوە بە ڕێگەی قاچاخ بەرەو ئەوروپا هەنگاو بنێن، گوناهی ئەو منداڵانە چین، بەم دۆخە خراپە تێدەپەڕن، گرێنتی مەرگ و ژینیان نییە، تەنیا پشتیان بە یەزدان بەستووە، دایکەکە دەڵێ: خودایە خۆم و ئەم دوو منداڵانە خۆشەویستانەم بە تۆ سپاردووە، کە بەشێکن لە ڕۆحم، باڵێکن لە جەستەم، بینایی چاوانمن، ئێمە لە پێناو ئایندەی ئەو منداڵانە ئەو ڕێگە جەهەنەمییەمان هەڵبژاردووە، دڵنیام خودا نائومێدم ناکا، باوەڕ دەکەم بگەینە مەنزەڵی دیاریکراومان، کە ئینگلتەڕایە.

لە دوای دە خولەک پشوودان، ڕێگەمان گرتەوەبەر، ئەو بیست خولەکەی کۆتایی زۆر سەخت و ناخۆش بوو، کاتێک گەیشتینە نێو دار و دڕک و داڵ، دەبوایە بەلەمەکانمان تا ئەو ئەندازەی بەرز دەبێتەوە، بەرزی کەینەوە، بۆئەوەی لە دڕکەکان بەدووربن و کوون نەبێ، جارێکی دیکە سەلاح ئارامی لێ نەبڕێ. بەلەمەکان لەسەر بەرزی دەستەکانمانە. لە دوای خۆمان قاچەکانمان ڕادەکێشین، بەم دار و بەو دار دەکەوین و جارجار لقی دار بە سینگماندا دەچەقێ و لق و پۆپیشی بە دەموچاومان دەکەوێ و بریندارمان دەکا، دڕک و مووسەکە و توترک و دڕوکەی سەر ئاسنین، لە جەستەمان

چەقیوە و لەگەڵ جلوبەرگەکانمان تێکەڵی یەکدی بوونە و لێمان جیانابێتەوە. بەمشێوەیە بەسەر گردێکدا سەردەکەوین، لەوێدا ئارەقە بەجەستەماندا دێتەخوارەوە.

لە ڕۆیشتن بەردەوامین، چانسمان لەوەدایە، ئاسمان ڕووناکە، سەلاح بە هێمنی دەڵێ: وەرن، وەرن، ئەوە گەیشتین. بێدەنگ، بێدەنگ، ئێرە زۆر ترسناکە، لەوەدەچێ پۆلیسی لێ بێ. کۆچبەران، هێدی هێدی لەسەر قسەی سەلاح دەڕۆن، وەلێ ترس و لەرز تەواوی جەستەی کۆچبەرانی گرتووە، ڕۆح بە جەستەمان قایل نییە، تەپە تەپ و ترپەی دڵ خێراتر لێدەدا و بە دانیشتنەوە دەڕۆین.

گردەکە بەرەو کۆتایی دەڕوا، سەلاح هۆشیاریدا بەوەی گەیشتین. بێ چرپە و بێ دەنگ، لە کەندەڵانێکدا شۆڕبووینەوە، زۆربەی کۆچبەران بە خلیسکان کەوتنە خوارەوە، بەلەمەکانمان شۆڕکردەوە، ئێستا لەسەر ئاوبڕی سنووری نێوان تورکیا یۆنان وەستاوین، دەبێ بەو بەلەمانە بپەڕینەوە.

# ئاوبڕی نێوان تورکیا–یۆنان

لە سەر گردەکەوە باوکی دیما و دیمەن منداڵەکانی هەڵدایە خوارەوە، بەڵێن و ئاکام گرتیانەوە و خستیانە باوەشیانەوە. سەلاح، دوو بەلەمەکەی هەڵدایە ناو ئاوبڕی نێوان تورکیا یۆنان، لە بنەڕەتدا ئەو بەلەمانە جێگەی دوو گەشتیار دەبۆوە، بەڵام لەوێدا پازدە کۆچبەریان هەڵدایە ناو بەلەمەکان.

بەلەمی یەکەم، باوکی دوو منداڵەکە لە پێشەوە و منداڵ و هاوژینەکانی لەپشتیدان، هاوژینە ئیسفەهانییەکە لەدوایانەوە دانیشتوون، سێ گەنجی دیکە و لە کۆتایشدا محەممەدی کورتە باڵا دانیشت.

بەلەمی دووەم، تەواوی کۆچبەرە گەنجەکان سەرکەوتن، ڕێککەوت من لەو بەلەمەدا لە دووەم کەسی سەرەتا دانیشتم.

وێناکردنی دانیشتنی ئەو کۆچبەرانە ئاسان نییە، ئەوەی بە چاو دەیبینی و لە ناخۆشی و کەشی خراپدا ڕووبەڕووت دەبێتەوە، ناتوانرێ وەک خۆی بگێڕیتەوە و هەمان وێنا نیشان بدەیت. زۆر بە ئەستەم جێگەمان بۆوە، بەشێک لە جەستەمان لەسەر ئەملاولای بەلەمەکە بوو، لەسەر ئەژنۆ دانیشتبووین، تەواو پاڵماندابووە یەکتر، لە دواتریش پاڵیان پێوە دەناین بۆ ئەوەی جێگەی کۆچبەری زیاتر بێتەوە. دوو بەلەمەکە لە یەک ئاراستە و لە تەک یەکدی بوون، کۆچبەرانی نێو بەلەمەکان دەستی یەکدیان گرتبوو و بەلەمەکانیان لە یەکتر نزیک کردەوە، ئینجا سەلاح بەسەر ڕۆخی بەلەمەکەدا هاتە پێشەوە و لاقێکی لەسەر بەلەمێک و لاقەکەی دی لەسەر بەلەمەکەی دی بوو. لەو

شەوە ساردە ترساوییەدا کەس دڵخۆش نەبوو، ئەگەرچی خەریکە سنووری وڵاتێک جێدەهێڵین، بەڵام ترسی ئاوەکە تەواوی کۆچبەرانی خستبووە نێو نزا و پاڕانەوە.

ئاوبڕی نێوان تورکیا یۆنان، چەند سەد مەترێ تێپەڕی نەدەکرد، وەلێ کەس نەیدەزانی ئەو ئاوە بەخوڕە چەند قوڵە، لەکاتی کون بوون و نقوم بوونی بەلەمەکە ئایندەی کۆچبەران چی لێدێ، لەمبارەیەوە سەلاح وتی مەترسن ئاوەکە قوڵ نییە، بە پیادەش دەتوانین بپەڕینەوە، بەڵام ئەم قسەیە ترسی ناخی کۆچبەرانی کەم نەکردەوە. سەلاح قاچەکانی لەسەر دوو بەلەمەکە بوو، بە دەست سەوڵی لێدەدا و بەلەمەکانی بەرەو ئەوبەری سنووری خاکی یۆنان دەپەڕاندەوە، لەگەڵ ڕۆیشتنی بەلەمەکان، هەستم کرد ئاو هاتۆتە نێو بەلەمەکەمان، ئای هاوار و سەد هاوار! ئەمە چ حاڵێکە؟ دەبێ بە کوێ بگەین؟ ئاوی ناو بەلەمەکە پێڵاوەکانی پڕکردم لە ئاو و پانتۆڵەکانمان تەڕ بوو.

- کاک سەلاح، ئاو هاتە ناو بەلەمەکەمان.
- کێشە نییە، ئەوە گەیشتین.
- کاکە، وردە وردە ئاوەکە زیاد دەبێ.
- مەترسن.

حەمە کەرکووکی بەچرپەوە قسەی دەکرد. خەریکە دڵم بتۆقێ، چەند ناخۆش و ترسناکە، خەریکە دەتۆقم، هەست دەکەم لە جووڵە دەکەوم، لە سەرەتای ڕێگە لە مەرگ نزیک دەبینەوە، ئاخەر بۆ بمرم؟ تازە گوڵی بەهاری گەنجیم پێڕادەگا، هێشتا لەم ژینەدا هیچم نەچنیوە تا جێی بهێڵم، تەنانەت دێڕە شیعری حاجی قادریی کۆیی شموولم ناکا، کە دەڵێ:
"مەرگ و ژین میسل و سێبەری تاوە.. ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە".

دیمـەنی دیمـا و دیمـەن زۆر تایبـەت بـوو، لـە نێـو باوەشـی دایـک و باوکیانـەوە دانیشـتوون، چاوەکانیـان ئاوساون، پـڕن لـە ئـاو، قوڵپـەی گریـان لـە ناخیاندایـە و دەری نابڕن، دیـارە دەزانـن و هەسـت دەکـەن لـە چ دۆخێکـدان، پێویستە ئارام بن و نوزەیان لێوەنەیا.

لەگەڵ سـەوڵ لێدان، بەلەمـەکان بـەرەو بەرانبـەر دەڕوا و بـە ئاراستەی تیژڕەوی ئاوەکەش شۆڕدەبێتەوە، ئاوی نێو بەلەمەکەی ئێمەش زیاد دەبێ، لـە دوای پێنج خولەک سەوڵ لێدان بە سـەوڵە پلاستیکەکە، بەلەمەکـە لـە ڕۆخـی سنووری یۆنان نزیک بۆوە و یەکڕاست کۆچبـەران خۆیان هەڵدایـە خـوارەوە و بەلەمەکەیان جێهێشت.

# یۆنان

له ڕۆخ ئاوبڕی یۆنان تورکیا، له نێو خاکی یۆنان وەستابووین، چاوەڕوانی سەلاح و محەممەدین، تا ڕێنمایی و ڕێبەریمان بکەن، چ بکەین و بەرەو کوێ بڕۆین؟ سەلاح، وتی: جانتاکەی شانم لای کێیە؟ کەس وەڵامی نەدایەوە، دووبارەی کردەوە و وتی: دەڵێم کوا جانتاکەم؟ کاتێ کەس وەڵامی نەدایەوە هەستی کرد، که جانتاکەی لەبەرەی تورکیا جێماوە، لەبەر پەلەپەلی لەبیری چووە و هیچ کۆچبەرێکیش لەگەڵ خۆی نەیهێناوە. سەلاح دەستی بە قسەکردن کرد، له ژێر پردەکه جانتای گیرفانم جێما، لێرە جانتای پشتم جێما، من هێندە لە خەمی ئێوەدام و لەگەڵتان باشم، ئێوە هیچتان لەبەرچاو نییە، تەنانەت ئاگاتان له جانتای من نییە.. زیاتر تووڕە بوو.

- سەڵاح: محەمەد، لەبەرچی تۆم لەگەڵ خۆم هێناوە، نابێ ئاگات لە شتەکانی من بێ؟
- محەممەد: من لەگەڵ بەلەمەکەی دیکه بووم.
- بەلەمی چی، بۆ جانتاکەت بۆ نەهێنام؟
- من ئاگام له کۆچبەرەکانی دیکه بوو.. ویستی قسەی دیکه بکا، سەلاح لێی نزیک بۆوە و دەستیکرد به شەق و مست لێدان لێی، دوو شەقی دیکەی بەهێزی خوارد، کەچی کۆچبەران بە زەردەخەنەوە سەیری یەکدیان دەکرد، بەو لێدانەی محەمەد پێدەکەنین.
- حەمە کەرکووکی: کاک سەلاح بە مەلە بچم جانتاکەت بۆ بێنم؟
- سەلاح، نا لێی گەڕێ.

هێشتا مشتومڕی ئەو کێشەیە یەکلایی نەبۆوە، سەلاح چاوی گێڕا، پرسیاری لە سەوڵەکە کرد، سەوڵەکە لای کێیە؟ بە هەمان شێوەی پێشوو کەس وەڵامی نەدایەوە. لای کەس نەبوو، سەلاح تەواو تووڕە بوو، ئاخەر بۆ خوام نایەڵن؟ بۆ پەستم دەکەن و ماندووم دەکەن؟ ئەو شتانە چی لێهات، لە ئاوی نێوان یۆنان بولگاریا چۆن بپەڕینەوە؟ کەس وەڵامی نەبوو. بەڵام لە نێو کۆچبەران بە دەنگی نزمەوە وتیان ئەحمەد سەوڵەکەی هەڵدایە ناو ئاوەکە. سەلاح، بە چاوی دوژمنایەتییەوە سەیری کۆچبەرانی کرد و بە توڕەییەوە وتی: خوابتانبڕێ، بە بەلەمەکە دەپەڕمەوە، جانتاکەم دەهێنمەوە و دەڕۆین.

لە ڕۆخی ئاوبڕی سنووری یۆنان جووڵەمان بە پێیەکان کرد و ڕۆیشتین، بە شەکەتی و ماندوویەتی ڕێدەکەین. یەکێک لە کۆچبەران دونیایەک جنێوی بە قاچاخچییەکەدا و وتی:

- بە ئێمەی وت، تەنیا دوو کاتژمێر بە پێ ڕێدەکەن، چەند لە مێژە بە پێ دەڕۆین، کەچی تازە کەمێکی ڕێگەکەمان بڕیوە.
- ئەحمەد: برا قاچاخچییەکەی ئێمەش هەمان درۆی کرد. هەمووی درۆزنن.
- وەڵاهی ئەمە قەبوڵ ناکەم، تەواوی پارەی ڕێگەی پێنادەم، ئێمەی بەم ڕێگە خراپەدا ناردووە.
- ئەحمەد: دڵنیابە تەواوی پارەکەت لێدەسەنن.
- ئارام: چ هەڵەیەکم کرد، لەگەڵ ئەم قاچاخچییە ڕێککەوتم.
- من: کاکە تازە کار لە کار ترازاوە، کاڵەکی بە ئەژنۆ مەشکێنە. لە دوای باران کەپەنکێ مەکە.

بەدەم ڕێگاوە ئەم قسانەمان دەکرد، لە دوای ڕۆیشتنی کیلۆمەترێ بە پێ ڕۆیشتن، لە شوێنێکی سەلامەت و بێدەنگ وەستاین، سەلاح وتی: تا

کاتژمێر نۆی پێش نیوەڕۆ لێرە پشوو دەدەین، ئەوسا ڕێدەکەینەوە. ئەم قسەی ڕێبەرەکەمان دڵخۆشکەر بوو، چونکە کۆچبەران لاقیان زەوی نەدەگرت، دەستبەجێ لە ناو دڕک و موسەکە خۆمان بە زەوی دادا و پاڵماندایەوە. کەشێکی زۆر ساردی هەبوو، نم نم باران دەباری، ئەو کیسەی سەلاح پێی دابووین بەسەر خۆماندادا، وەلێ لەرز گرتوینی و دەلەرزین، لەرزینی ساردی و ترس تێکەڵی یەکدی بووە، تا نیو کاتژمێرێ گشتمان بێدەنگین و پشوو دەدەین، چۆن پشوودانێک؟ لە لایەک باران بەسەرماندا دەبارێ، سەرمایە، زیندەوەری زۆری خاکی بەسەر جەستەمان کەوتووە، گیانمان بە خورو هاتووە، لە دوای خواردنی خورما و کێک و ئاو و خواردنەوە هێزییەکان، وردە وردە قسە دەستی پێکردەوە، کۆچبەران دەیانوت:

- ڕێگەی ئەوروپا، زۆر ناخۆشە.
- گرنگ ئەوەیە، دەستگیر نەکرێین و بە سەلامەتی بگەین.
- دەڵێی فلیم دەردەکەین، لەمە زیاتر چیمان بەسەربێ؟
- خەمی ئەو دوو کەنیشکە داماوەمە.
- ڕاستەدەکەی ئەوان زۆر گوناهن.

سەلاح، پەمپێکی هێنا و هەندێ پەمپی دژی ڤایرۆس و زیندەوەری لە دەست و دەموچاو و قاچی دوو منداڵەکەدا و خۆی دوورکەوتەوە، دیسان سەیری سەلاحم کرد، لە لایەکەوە خەریکی کێشانی تریاکە، لە شێوەی جگەرە ئامادەی دەکرد و وەک جگەرە دەیکێشا، وەلێ هیچ زانیارییەکم لە بارەی جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان نەبوو، نەمدەزانی چی جۆرێک دەکێشێ، لە دوای کێشانی تریاکەکە گەڕایەوە لامان. بۆ یەکەمجار هاوژینە ئێرانییەکە بە قسە هاتن.

- خانمی هاشمی: قاچاخچی بە ئێمەی وتووە تەنیا نیو کاتژمێر بە پێ ڕێدەکەن.
- ئاغای ڕەزایی: بەخودا وتی: کەمتر لە نیو کاتژمێریشە، هیچ کێشەتان نابێ.
- خانمی هاشمی: من دۆخم باش نییە، من و ئەم ڕێگەیان نەوتووە.
- ئاغای ڕەزایی: ئەم ڕێگەیە دوژمنی خانمی هاشمی هاوژینمەوە. ئەمە ڕێگای مەرگساتە.

ئیدی کەوتنە ڕەخنەگرتن لە سەلاح، ئەویش وتی: من ڕێبەرم و دەزانم چەند ڕێگەی پیادەی تێدایە، قاچاخچی هیچ نازانێ و تەنیا کۆچبەر کۆدەکاتەوە، هیچ قاچاخچییەک ئەم ڕێگەی نەبینیوە و شارەزا نییە، گەر بیانەوێ بگەنە ئەوروپا من دەیانهێنم. لە بەرانبەردا خانمی هاشمی گلەیی زیاتری کرد، سەلاحیش وتی: گەر قەبوڵتان نییە، دەتوانن بگەڕێنەوە، ئەمە ڕێگاکەیە. ورده ورده کۆچبەران زیاتر ئاشنای یەکدی دەبن و سەرەتای هاوڕێیەتی دەست پێدەکەن، لە نێوان خۆمان خواردن دەگۆڕینەوە. ئەو، کێک بەم دەدا، ئەم خورما بەو دەدا.

- حەمە کەرکووکی: مێش و مەگەز خواردینی، ئەوە چییە؟
- بەڵێن: هەر مێشێکی هێندەی چۆلەکەیەکی ئێمەیە.
- کۆچبەران: هاهاهاها.
- ئاکام: لە گەورەییان بۆمان ناکوژرێ و لە بچووکیان بۆمان ناگیرێ، ئەمە کەی حاڵە؟
- باوکی دوو منداڵەکە: گوێ مەدەنێ تێدەپەڕێ، بەرهەمەکەی لە گەیشتنە مەنزڵماندایە.

- کەرکووکی: بە سەلامەت بگەین، زۆر باشە.
- سەلاح: بە هێمنی قسە بکەن، با ڕاوچی و جوتیارانی ئەم ناوچەیە گوێیان لێمان نەبێ و هەواڵی پۆلیسمان لێ بدەن.

کاتێک سەلاح تریاکی دەکێشا، وزەی باشی وەردەگرت، ترسی نەدەما، بە بێ دوودڵی لە پشت ئێمەوە لەگەڵ محەمەد لێی خەوتن. وردە وردە خۆر بەدیاردەکەوێ و ڕووناکی بەسەر ناوچەکەدا باڵ دەکێشێ، نمەی باران نەماوە. تاوناتاوێ بێدەنگی بەسەر تەواوی کۆچەبەراندا زاڵ دەبوو، وەک بڵێی تەواوی کەس و کاریان لە شاڵاوەکانی ئەنفال دەستگیرکراوە و خۆیان ڕزگاریان بووە، دەنگیان گیراوە و قسەی بۆ نایەت. لەو بێدەنگییەدا گوێمان لە سرپە و خشپە بوو، وردە وردە لێمان نزیک دەبۆوە، ئێمەی کۆچبەران سەیری یەکدیمان دەکرد و پەنجەی شەهادەتمان بە ئاراستەی زارمان بەرز کردەوە، بەمانای بێدەنگی زیاتر، بێدەنگی هەناسە. لەگەڵ نزیک بوونەوە سرپە و خشپە زیاتر ترس دایدەگرتین، بە چرپە وتیان بەخودا دەستگیرکراین، با سەلاح خەبەرکەینەوە ئەو ئاگای لێمان نەماوە. ئەحمەد، سەلاحی هەڵساند، ئەویش بە هێمنی سەیری ئەملاولای کرد و کەمێک لە ئێمە دوورکەوتەوە و ئەمسەر و ئەوسەر دەگەڕا، لە پاش کەمێک گەڕایەوە، وتی: هیچ نییە، ئەمە کیسەڵە لێمان نزیک دەبێتەوە. هەمووی زەردەخەنەیان کرد و دایان لە پێکەنین.

دەوروبەری کاتژمێر نۆ، خۆمان کۆکردەوە و جانتاکانمان توندکردەوە و جلوبەرگی دیکەمان لەبەرکرد و کۆڵە پشتیمان بەشانداداا، ئەمجارە لە نێو خاکی یۆنان پیادەڕەوی دەکەین و دەڕۆین، تا ئێوارە لە نێو خاکی یۆنان دەمێنینەوە، ئێوارەش دەپەڕینەوە بۆ ناو خاکی بولگاریا، لەبەرئەوە دەبێ بەلەمەکانمان پێ بێت، تازە بەلەمێکیان کەڵکی نەماوە، کون بووە و سەوڵەکەی

بـزر بـووە، بەلەمەکـەی دیکـەم بـۆ بهێـنن، بـا هەواکـەی بـەتاڵ کەینـەوە و کۆیکەینەوە، یـەکێکتان هـەڵیگرن و دەسـتی دەسـتی پێبکـەن. سـەلاح پێشـمان کەوتەوە و کۆچبەران لە دوای ئەو و محەمەد لە پشتەوە دەڕۆین. دەبێ ئەمڕۆ باش بڕۆین، زوو زوو داوای پشوو نەکەین، بۆ ئەوەی تا ئێوارە بگەینـە شـوێنی مەبەست.

# دوو گیانە

نیو کاتژمێر و کاتژمێری یەکەم باش دەڕۆیشتین، لە نێو جەنگەڵ و دارستان بە پیادەڕەوی ڕێ دەکەین، لە گوندێکی کۆنی سەر سنوور نزیک بووینەوە، لەوێوە زیاتر هەستیار و هۆشیارتر، بێ چرپە و دەنگ تێپەڕین، نەبادا خەڵک بمانبینێ و پۆلیسمان لێ ئاگادار بکاتەوە. لە دوای تێپەڕینی ئەم گوندە، خانمی هاشمی خەریکە پەکی دەکەوێ، ئاغای ڕەزایی لەو خراپتری لێ بەسەرهاتووە، کۆچبەران دەڵێن خانمی هاشمی لە ئاغای ڕەزایی پیاوانەتر دەڕوا، ئاغای ئیسفەهانی بۆ هێندە شەکەت و ماندووبووە. سەیرانی دایکی دوو منداڵەکە دەچێتە لای خانمی ئێرانی، ئەم بە کوردی و ئەو بە فارسی قسە دەکەن، هەرچۆنێ بێ، سەیران لە خانمی هاشمی دەگات، کە دوو گیانە و ئەم پیادەڕەوییە زۆرە، کاریگەری نەرێنی بەسەر منداڵەکەی نێو سکییەوە دەبێ. دوو منداڵەکەی سەیران لە شانی کۆچبەراندایە، لەبەرئەوە خەمی دوو منداڵەکەی لەبیردەچێتەوە، بەپەلە بە سەلاحی ڕاگەیاند: ئەو ژنە فارسە دوگیانە، چ بکەین؟ ئەو ڕێبەرە کوردە، بە جارێک ئارامی لێبڕا، دەیان جنێویدا، کوفری گەورەی کرد، زۆری لە دڵگران بوو، کاتێک زانی ئەو خانمە دوو گیانە، وتی: بۆ خاتری خودا بۆ دەمکەنە بکوژ؟ بە هەزار قورئان، بەر لەوەی بەڕێکەوین بمزانیایە دوو گیانە یەک ملیار دۆلاریان پێدابام لەگەڵ خۆم نەدەهێنا، گوناهی ئەو منداڵەی نێو سکی ئەو دایکە چییە بە هۆی ئەم ڕێگەیەوە لەناو بچێ؟ گەروایە بۆ پێشتر پێم نالێن؟ ڕووی لە ئاسمان کرد و

وتی: خودایە، من چ بکەم؟ گوناهم چییە و دەسەڵاتم چییە، ئەو بێ ویژدانە گەمژانە بە سکی دوو گیانەوە ئەم ڕێگەیە هەڵدەبژێرن؟ جارجار، خانمی هاشمی بە جووڵە ماندوویەتی خۆی دەردەخست و پیاوە باڵابەرزە چوارشانەکەی لە ماندوویەتی هیچ قسەی بۆ نایەت، باوکی دوو کچەکە وتی:

- کاک سەلاح، دەبێ هێمن بڕۆین، لەمە زیاتر دەسەڵات چییە؟
- هیچ.. من دەکەنە بکوژی منداڵێکی فریشتە.
- وردە وردە دەڕۆین، ئیشەڵا کێشەمان نابێ.
- لەوە هێمنتر؟ باشە بابڕۆین.

چارە نییە، وردە وردە ڕێ دەکەینەوە، دوای نیو کاتژمێری دووبارە حاڵی خانمی هاشمی تێکچووەوە، داوایان لە سەلاح کرد پشوو بدەین، بە ناچاری وتی باشە. لە پەنایەکدا دانیشتین، خۆشی کەمێک دوورکەوتەوە و چەخماخ و تریاکی دەرهێنا و لە پەڕەی جگەرەدا کەمێکی تریاک پێچایەوە کێشای، ئەوسا بە لووسی خۆی خستە نێو ئاوی سنوور، مەلەیەکی پێنج خولەکی کرد و هاتە دەرەوە. خۆی وشک کردەوە، جلوبەرگی نێو جانتای کۆڵەپشتی دەرهێنا و لیباسی نوێی لەبەرکرد، دووبارە ڕێگە دەگرینەبەر.

# جەنگەڵستانی یۆنان

جەنگەڵستانێک خاڵی لە هەموو مرۆڤێک، جگە لە کۆچبەرانی ڕێگەی ئەوروپا. گوێ بیستی دەنگی بەسامی ناو دارەکان دەبین، ئەو دەنگە کەم کەم کۆچبەران دەترسێنێ، بەڵام ترسی ناخ نا، چونکە کۆچبەران بۆتنە هاوڕێی یەکتر و هەمیشە لە پاڵ یەکدییەوەن. بە هەمان شێوەی نێوان ئەدرنە بۆ سنووری تورکیا یۆنان، لەتەک سەلاحەوە دەڕۆم، وردە وردە قسەی دەکەین.

- لە ماوەی چەند ڕۆژ وەجبە کۆچبەرت ئامادە دەبێ؟
- هەمیشە وەجبەم ئامادەیە.
- بەردەوام لەم ڕێگایەدای؟
- بەڵێ. ژیانم بۆتە ئەم ڕێگەیە، بۆ پەڕینەوەی کۆچبەران.
- تەنیا لە ڕێگەی تورکیا بولگاریا کۆچبەران دەگوازیتەوە؟
- بەڵێ، ڕێگەی بولگاریا سڕبیاش شارەزام، بەڵام کۆچبەری لێ ناگوازمەوە.
- بۆ؟
- دەرفەتم نییە، فریا ناکەم.
- بە ڕێگەی یۆنان بە چەند ڕۆژ وەجبەیەک لە تورکیا دەگەیەنیتە بولگاریا و سۆفیا؟
- ئێوارە لە ئەستەنبوڵەوە بەڕێدەکەوم، تا کاتژمێر نۆ و دەی شەوی دواتر لە ڕێگا دەبم.

- له كوێ كۆچبەران ڕادەستی هاوكارانی بولگاریا دەكەیت؟
- له نوكتەی دیاریكراو، له ناو خاكی بولگاریا.
- به چەندی دەگەیتەوە، توركیا؟
- كاتژمێر نۆ و دەی شەو، كه كۆچبەرانم ڕادەستی ڕێبەرانی بولگاریا كرد، لەگەڵ محەممەد بەبەلەم بە نێو ئاو بڕی سنوور شۆڕی دەكەینەوە و نزیک كاتژمێر دوو و سێی شەو دەگەینەوە ئەدرنە، تا ڕۆژهەڵاتن دەگەمەوە ئەستەنبوڵ.
- ئەگەر ڕێككەوت پۆلیس توشمان بوو، چ بكەین؟ ڕووبەڕوویان دەبینەوە یا ڕادەكەن؟
- ئەمە پەیوەندی بەو كاتەوەیە، لەوەیە ڕاكەین.
- ئێمە چ بكەین؟
- من چیم كرد، ئێوەش ئەوە بكەن.

سەلاح وتی: لەم نزیكانە باخی میوەجاتی لێیە، دەچین هەندێ میوە دێنین، بەرخاتری ئەوەی كوردن و ئەو ژنە دوو گیانە. لە نزیک باخەكە وەستاین و له شوێنێكی پەنادا كۆچبەران دانیشتن، سەلاح و چەند كۆچبەرێک چوونە ناو باخەكه تا میوەجات بهێنن. سەیران و كۆچبەرانی دیكە لە خانمی هاشمی نزیک بوونەوە، لە تەندروستیمان پرسی، وتی: باشم. هیوادارم منداڵەكەی نێو سكم، كە چەندین ساڵە دەخوازین و ئاواتمانە منداڵێک دروست بكەین، سەلامەت بێ. سەیران وتی: گەروایە بۆ لەو كاتەدا ڕێگەی ئەوروپات هەڵبژارد؟ چوزانم، ئێستا ڕێككەوت. كۆچبەران هیوایانخواست سەلامەت بێ و منداڵەكەی نێو سكی تەندروستی باش بێ و كێشەی بۆ دروست نەبێ.

لە دوای دە خولەک، سەلاح و چوار کۆچبەرەکەی لەگەڵی بوو گەڕانەوە، نزیکەی دە شووتییان هێنابوو، بەپەلە چەقۆیان دەرهێنا و شوتییەکەیان پارچە پارچە کرد و دەستیان کرد بە شووتی خواردن، وەلێ سەلاح وتی زۆر مەخۆن با بارگەتان قورس نەبێ و توانای ڕێکردنتان بمێنێ، لە ماوەی دە خولەکیش شووتییەکان خوران، توێکڵەکەیان مابوو، ئەمیشیان کڕوساندبۆوە، تەنیا پەلکی شین مابوو، سووری پێوەدیار نەبوو. لەپڕدا، سەلاح وتی هەستن درەنگە، با بڕۆین. هەمدیسان ڕێگەمان گرتەوەبەر.

# خەیاڵ

بە درێژایی ماوەی ڕێکردنمان لە نێو خاکی یۆنان، لە تەک ئاوبڕی سنووری یۆنان تورکیا دەڕۆیشتین، بە هیچ جۆرێ لێی دوورنەدەکەوتینەوە، نەمزانی پیاوی تاتۆکە بەهۆی ئەم ئاوبڕەوە ڕێگەکە شارەزایە، یا ئامادەگی بۆ خۆی دەکا، بۆ ئەوەی هەرکاتێ پۆلیس هات، بە لووسی خۆی هەڵداتە ناو ئاوەکە و دەربازی بێت. کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆیە، دەڕۆین و ناگەینێ، دەڕۆین و ناگەینێ، سەدان کیلۆمەترمان بە پێ بڕیوە، وردە وردە خواردن و خواردنەوەی نێو پشتەکۆڵییەکانمان کەم دەبێتەوە، هیچ گرێنتییەکیش نییە، ئێوارە دەگەین، یا نا؟ ئەمە ڕێگەی قاچاخی ئەوروپا، دەشێ تا چوار ڕۆژی دیکە لەوێدا بمێنینەوە. من لە هاوڕێیەکی ڕۆژهەلاتم بیستبوو، لە نێو جەنگەڵستانی ڕێگەی ئەوروپا، لەگەڵ هاوڕێیەکی دیکەی لە ڕێبەر و هاوکۆچبەرەکانی دابڕابوون، بە بێ خواردن و خواردنەوە، چوار شەو و چوار ڕۆژ لە جەنگەڵستان مابوونەوە، هەموو ئاواتێکیان هاتنی پۆلیس و دەستگیرکردنیان بوو، لەبەرخۆمەوە دەمگوت ئەوان چانسی باشیان هەبوو، چەخماخیان لابوو، بە بەردەوامی ئاگریان دایساندبوو، خۆیان لە ئاژەڵە کێوییەکان پاراستبوو و ساردییەتی جەستەشیان دەرچووبوو، ئەوان لە شەوێکی تاریکی ئەنگوستەچاودا، بە دیار ئاگرەوە دانیشتوون، دەنگی لوورە لوورەی گورگ و زیقە زیقی بەراز و وەڕینی سەگ دەبیستن ترس و تۆقین لێیان نزیک دەبێتەوە، هێزی ڕاکردن و بەرگریکردنیشیان لاواز بووە، لەبەر برسیەتی و نەبوونی خۆراک کزوسیس

بوون، تینوێتی و برسیەتی شەکەت و ماندووی کردوون، هەرچۆنێ بێ زیاتر دار بە ئاگرەکەوە دەنێن، تا ئاژەڵە کێوییەکان لێیان نزیک نەبێتەوە. دوو بە دوو بەدەم گریان سەر لەسەر سەری یەکدی دادەنێن و داخی کوڵی دڵییان بۆ یەکدی دەڕێژن، وەلێ فرمێکسیان نییە، چونکە جەستەیان ئاوی کەم بووە. سەلاح ڕۆژهەلاتی دەڵێ: ئای بۆ ڕۆژانی لەدەست چووا!، ئەو ئێوارانەی دەگەڵ خانەوادەکەم لە دوای تەواوکردنی کارەکانمان، بەرەو ڕۆخ دەریاچەی زرێبار دەچووین، لەوێدا پشوومان دەدا و ماندوویەتی جەستەمان نەدەما، چاییەکی خەڵوزی دەستی دایکمان بە شەکری کولاوەی پڕ لەگوێز نۆش دەکرد، بە ڕوانین لە دار و زەوەندی نێو زرێوار و بینینی ئاوابوونی ڕۆژی نێو ڕۆژهەلات، چەند بە چێژ و ئەدگاری خۆشە، دەبێ کەی بگەڕێمەوە و دەستی دڵبەخەم و دڵشکاوی دایکم ماچ کەم و کڕنۆشی بۆبەرم.. کەریمی هاوڕێی فرمێسکی دیتەخوار دەڵێ: ئەمە کۆتایی ژیان و قەدەری منە، دەبێ لە دووری مەفتەنی کوردستان بمرم، چۆن مردنێک؟ مردنێک لە پێناو ڕێگەی ئەوروپادا، مردن بۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی باشتر و سەنگینتر، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئاواتە گەورەکانی ژیانم، سەلاح گیان، دەزانی دۆخی من تایبەترە، ئێستا بیری هاوژین و چوار منداڵەکەم دەکەم، بەڵێنم پێداوم بە سەلامەتی بگەمە ئەوروپا و ئەوانیش پەلکێشی ئەوروپا بکەم، ئێستا لەم جەنگەڵستانە بمرین و ببینە خۆراکی ئاژەڵە دڕندەکان، کێ بە مردنمان دەزانێ؟ کێ دەماندۆزێتەوە؟ چۆن جەستەی مردوومان دەگەیەننەوە کوردستان، دەبێ بە بیستنی هەواڵی مەرگم هاوژین و دوو منداڵەکەم چی بکەن؟ دوو کەسی ئاوارە و نامۆ، لەنێو سەختترین شوێندا، بە نایاسایی و قاچاخ دێن و دەڕۆن، مۆبایل و ئامێرەکانی پەیوەندیکردنیان لانییە، داخۆ چ دۆخێکیان هەیە؟ لەو خەیاڵەدابووم، گوێبیستی دەنگی فڕۆکە بووم، ئەم دەنگە، منی بەلایەکی دیکە دابرد، منی ئاوارە مرۆقم!

لەم جەنگەڵستانە بەو دۆخە دەروونییە خراپەدا بەم ڕێگا ترسناکەدا دەڕۆم، چونکە ناتوانم بە ڕێگەی یاسایی گەشت بکەم، وەک مرۆڤێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، تەنانەت مافی گەشتکردنم بۆ ولاتان و بەتایبەتی ولاتانی ئەوروپی نییە، لانی کەم، ئاشانی کولتور و شارستانیەتیان بم!

لەگەڵ هاوکۆچبەرانم ڕێدەکەم، تەنیا بە چاو دەبینم و بە جەستە لە دوایانەوە دەڕۆم، بیر و هەست و ئەندێشە و خەیاڵم لای ئەو هاوڕێیەمە، کە دوو ساڵ لەوەو پێش لەو جەنگەڵستانە گیریان خواردبوو. بیرمکەوتەوە، لە دوای بەڕێکردنی شەوی یەکەمیان لە جەنگەڵستان، ویڵ و عەوداڵی خواردن و خواردنەوە ببوون، لەو گەڕانەدا دار بەڕوویێکی بچووکیان دۆزیبۆوە، هێندە دڵخۆش بووبوون، وەک بڵێی هەنگوینیان لە کونی دار دۆزیوەتەوە، بە پەلە بەڕوویێکیان هەڵدابووە نێو دەمەوە، لەبەرخۆیەوە وتبوویان: ئوی.. ئەمە چییە؟ ژاڵە لەم بەڕووە شیرینترە. لە دوای هەر بەڕوویێک دەبێ یەک دەبە ئاو بخۆیتەوە، لە نێو ئەم دارانە و ئاو؟ گیرفانەکانیان پڕکردبوو لە بەڕوو، ئاخەر بەڕووی تاڵ چۆن دەخورێ؟ لەوێدا تێگەیشتم برسیەتی هەموو شتێکی بەدواوەیە، کورد گوتەنی "برسیەتی ڕەگی هاری بەدواوەیە" بەڕاستی پەندی کوردی شوناسی نەتەوەییە. لە دوای بەڕووی تاڵ نۆبەتی دۆزینەوە ئاوە، دۆزینەوەی ئاو، وەک ڕوانی دارە لە بیابان، لە دوای گەڕان و وردبوونەوەیەکی زۆر، لە ژێر بەردێکی گەورە، چاویان بە کەمێک ئاو دەکەوێ، کە پاشماوەی بارانی چەند مانگی ڕابردووە، ئاوەکە ڕەنگی زەرد بووە، دەخوازن ئاوەکە بخۆنەوە، لێی نزیک دەبنەوە، وەلێ پیسی و بۆنی ئاوەکە لە کەللەیان دەدا، بە ناچاری لووتیان دەگرن، وەک شەڕابی فەڕەنسی نۆشی دەکەن و دەبە و قووتووی فڕێدراوی کۆچبەرانی پێشوو کۆدەکەنەوە و پڕی دەکەن لەو زەرداوە،

لەبەرخۆیانەوە دەڵێن: کێشەمان نییە، بەڕوو و ئاومان لایە، شێر دەرەقەتمان نایە. لەو خەیاڵە قووڵ و فراوانەدابووم، بەڵێن بانگی کردم، زامدار! زامدار!

- سەرم هەڵبری، ها بەڵێن چ بووە؟
- ماڵەکەتە چ چبووە؟ دەجارە بانگت دەکەم، ئەوە لە کوێی؟
- لە خەیاڵێکی ناخۆشی ڕێگەی ئەورووپادا بووم.
- کەوایە، ئەو بەلەمە هەڵگرە، زۆر ماندووم.
- یەکێ نەزانێ حاڵم زۆرباشە، جا هەر لەو بەلەمەم کەمە.
- زامدار گیان، باوەڕبکە زۆر شەکەتم.

بەلەم لەسەر شانمە و بیرم لای سەلاح و کەریمە، ئەگەرچی هەوڵمدەدا ئەمە لە هزری خۆم لادەم، وەلێ نەمدەتوانی لە بیری کەم، وەک کێچ لە نێو کەوڵمدا دەهات و دەچوو. ئەوان هەر دەڕۆن و ناگەنێ و ناگەنێ، لە نێو جەنگەڵستان و باخچەی هاوڵاتیان پڕ بە دەنگ هاوار دەکەن، تا یەکێ بیانبینێ، چ ڕێگەی بولگاریایان نیشانبدەن، چ ڕادەستی پۆلیسیان بکەن، وەک بڵێی ئەم خاکە شوێنی ژیانی مرۆڤ نییە، خاڵییە لە هەموو مرۆڤێک. جارجار، بەڕوویکی تاڵاوی دەخۆن و دەبەیەک ئاوی ڕەنگ کۆلایی نۆش دەکەن. هاتمەوە سەرخۆ و بەدەم ڕۆیشتنەوە بەپەلە سەیری کۆڵەپشتییەکەم کرد، بزانم خواردن و خواردنەوە چیم ماوە؟ ترسی ئەو خەیاڵە سەراپای گیانی گرتبووم. کاتێ سێ دەبە ئاوی گەورە و کێک و خورما و کولیچەم بەرچاو کەوت، ئومێدم هاتەوەبەر.

# نیوەڕێ

پیاوی تاتۆکە، قسەی دەکرد و ئیرادەی کۆچبەرانی بەرز دەکرەوە، وتی: نیوەی ڕێگەمان بڕیوە، زۆرمان نەماوە. کۆچبەران بەجارێ وتیان: ئەی قوڕی خاکی کوردستان بەسەرمان، تازە نیوەی ڕێگەمان بڕیوە؟ واماندەزانێ کەمێکی دیکە دەگەین. ئەی هاوار و سەد هاوار، کەوایە با کەمێک پشوو بدەین. ڕێبەرە کوردەکە، وتی: پەلەمەکەن کەمێکی دیکە پشوو دەدەین، لەوێ میوەجاتی دیکەتان بۆ دەهێنم. ئاکام لەبەرخۆیەوە، بەخوا ڕاستانکرد، گەشتە، گەشت!

لە دوای بیست خولەک لای باخچەی هەڵووژە و شاتوو لاماندا، بەجارێ خۆمان بە زەوی دادا. شاتوو و هەڵووژە خۆی بۆ دەممان نەدەگرت، دیمەنی هیلاک و شەکەت و ماندوویەتی خانمی هاشمی زۆر بە ڕوونی دیار بوو، دڵی پڕبوو، تەواو ڕەنگی دەمووچاوی گۆڕابوو، چاوی تێربوو لە ئاو و دوو چاوانی سوور هەڵگەڕابوو، کاتێ کۆچبەران سەیریان دەکرد، بە هێمنی وتی: بە ئەندازەی عیشقی عیسا بۆ خودا، بیری دایکم و ئیسفەهان دەکەم. لەوێدا سەلاح وتی: لێرە هەڵدەستین و دەڕۆین، تا پازدە خولەک زۆر ترسناک و گوماناوییە، دەبێ زۆر هێمن و بەخێرایی بڕۆین، بە هیچ جۆرێ دەنگ نەڕوا، خشپەی پێکانتان کەمکەنەوە، لەو شوێنانەی وتم دانیشن لە تروکایی چاودا دانیشن. هەموویان وتیان بەسەرچاو. سەیران دیمەن و دیمای خستە نێو باوەشی خۆیەوە و تێر تێر کوشینی و بە توندی ماچی کردن، دەڵێی کەڵەشاخییان بۆ دەکا.

لەگەڵ ماندووبوون و بێهێزیی، دەبێ هۆشیارانەتر بڕۆین، چونکە لە جەنگەڵستان دەرچووین، تا دەگەینە جەنگەڵستانەکەی بەرانبەر، زەوی کشتوکاڵی لێیە، جوتیاران خەریکی زەوییەکانیانن، لە جەنگەڵستانەوە دابەزینە خوارەوە، بەنێو داراندا شۆڕبوونەوە، یەکێک لەو دارانە شانەی هەنگی هەنگوینی لەسەر بوو، کاتێک دارەکان جوڵێندران، هەنگەکان، بەوناوە بڵاوبوونەوە، یەکی دوو سێ تا چوار و پێنج هەنگی پێوەداین، ئاهـ بە ئازار بووا ئازاری هەنگەکانیان، لە هەنگەکانی کوردستان جیاوازتربوو. ئەوانەی هەنگ پێوەی دابوون، وتیان: ئووی براڕۆۆ.. باوکەڕۆ دێشێ.. دەڵێی دەرزییە.. سێ دانە پێوەی داوم، سێگۆشەیان دروست کردووە، دەلێی سیمبولی مۆسادە!.. دیمەنی بچکۆلە، دوو دانەی پێوەدابوو، ئەگەرچی ئازاری هەبوو، بەڵام دەنگی نەبوو، فرمێسک و گریانی نەبوو، هەستی دەکرد، دۆخەکە پێویستی بە بێدەنگییە، کە شۆڕبووینەوە لەبەر جوتیارەکان بە دانیشتنەوە دەڕۆیشتین، ڕۆیشتن بە پێوە سەخت بوو، نەخوازە بە دانیشتنەوە. لە ناکاو دەوەستاین و لەپڕدا بە خێرایی ڕاماندەکرد، وەک ڕیزی میروولە وابووین، ئەوەی پێشەوە دەوەستا ئاوڕی دەدایەوە، ئەوانەی دواتر هەمان شێوەیان دەکرد و لەگەڵ وەستان بە تەواوی دادەنیشتن. سەیرم کرد، دیمەن چاوەکانی سووربووەتەوە و ئاو لە چاوی پەنگی خواردووە، بەڵام بە هیچ جۆرێ نوزەی لێوەنایە و قسە ناکات، بە ڕاستی منداڵێکی زرنگ بوو.

دووری کۆچبەران لەگەڵ جوتیاران لە چەند سەد مەترێ پتر نەبوو، ئێمە لە تەک ڕیزێک بەرهەمی چێندراوی دەستییەوە دەڕۆیشتین، بە ئەندازەی مەترێک بەرز بوو، ئێمە لەم دیوی ئەم بەرهەمانە بووین، جوتیارەکان لەو دیو بوون. لە هەندێ شوێندا ئەو بەرهەمە کۆتایی دەهات، تا دەگەیشتینەوە بە چێندراوێکی دیکە، لە دوای وردبوونەوەی زۆر بە ڕاکردنی

خێرا دەڕۆیشتین، بەڵام هەمیشە سەڵاح دەیوت: گوهداری من بن، با دەستگیرنەکرێین، بەخوا قەسەم، هەر ئێوە دەگیرێن و من ڕادەکەم، ئیزرایل منی بۆ ناگیرێت.

ئەو پازدە بیست خولەکەمان تێپەڕکرد، ئەمجارە گەیشتینە نزیک زۆنگاوێک، سەلاح وتی: دەبێ لێرەوە دەرچەی ڕۆیشتن بدۆزمەوە، بەمەش ڕێگەکەمان زۆر کورت دەبێتەوە، هاتوچووی کرد، بەدڵخۆشییەوە گەڕایەوە، بە زەردەخەوە وتی: دەگەڵم وەرن. لە پەنایەکەوە بەلەمێکی کۆنی دۆزیبۆوە، پێدەچوو ئی سەردەمی داگیرکاری عوسمانیەکان بێ، وابزانم زۆر کۆنتر بوو، بڵێی سەردەمی داینەسوورِ، ئەو بەلەمە گەورە ژەنگاوییە پیسە قوڕاوییە بە زنجیر بەسترابۆوە، بە هەمووان خەریک بووین، تا زنجیرەکەمان لێکردەوە، سەرەتا پیاوە تاتۆکە بە نێو زۆنگاوەکەدا پەڕیوە، خەریک بوو لە نێو ئەو دڕک و توترکانە دەروازەی ڕێگەیەک بکاتەوە، بۆ دەرچوون. زۆنگاوێکی زۆر ناخۆش، ترسناک، لیتەیەکی زۆر شل، هەرچی بکەوتبوایە ناوی دەستبەجێ و بە هێمنی قوتی دەدا.

کۆچبەران دانیشتوون، چاویان لەسەر سەلاحە بزانین چ دەکا و چۆن ڕێگەیەک دەکاتەوە؟ بە دەست و قاچ، خەریکە کوێرە ڕێیەک دەکاتەوە، کە گردێکی بەسەرەوەیە، هێدی هێدی پێیدا سەردەکەوێ و تەواوی ڕێگەی سەر گردەکەی کردەوە، دواتر ڕۆیشت و بۆ ماوەیەک ون بوو، دیاربوو بۆ پشکنین چووبوو تەواوی ناوچەکەی چاو لێکردبوو، لە بەرانبەرمانەوە بە بەلەمەکە گەڕایەوە لامان و سەرجەم کۆچبەران سەرکەوتین. لە نێو بەلەمە کۆنەکەدا بیرم لەوەکردەوە، بە نێو دار و بەرد، قوڕ و لیتە، هەوراز و نشێو، کوچە و

کەلێندا هاتووین، ئێستاش لەسەر زۆنگاوێکداین، ئەڵبەتە پەڕینەوە و ڕۆیشتن بەسەر ئەم زۆرنگاوە زۆر درێژەی نەکێشا.

لەگەڵ گەیشتن بەو بەری زۆنگاوەکە، بەپەلە خۆمان هەڵدایە دەرەوەی زۆنگاوەکە، وەلێ زۆنگاوەکە هێندە خەست و لەمێژ بوو، کاریگەری لەسەر دەوروبەریشی هەبوو، لەگەڵ خۆهەڵدانمان تا نزیکەی ئەژنۆمان لە قوڕ دەچەقی. لەوێڕا بۆ سەرەوە و سەرکەوتن بەو گردەدا ناخۆشتر، تا سەر گردەکە سێ کۆچبەر وەستابوون و خۆیان بە دارەکان گرتبوو، کۆچبەرانی سەرنەکەوتووی خوارەوە، دەستیان دەدایە دەست کۆچبەرانی قەد گردەکە، ئەوانیش دەستی بە دەستی دەیانگەیاندە سەر گردەکە. بەم شێوەیە کۆچبەران بە نێو ئەو دڕکە دەرزیانەدا سەرکەوتن، ئینجا سەلاح وتی: بەهۆی ئەم ڕێگەیەوە زیاتر لە دوو کاتژمێرمان بۆ گەڕایەوە، ئەمەش لە سوود و قازانجی ئێوەیە دەتوانن زیاتر پشوو بدەن. بەڵام، ئەوێ شوێنی پشوودان نەبوو، دەستمان کردەوە بە ڕێکردن.

لە شوێنێکی سەلامەتدا، کە دەرفەتی پشوودانی هەبوو، وەستاین و پاڵماندایەوە، پیاوی تاتۆکە دوورکەوتەوە، هەستمکرد دەیەوێ هیرۆین بکێشێ، چونکە کێشانی هیرۆین، نەشئە و وزە و توانای زۆرت وێدەدا، لە ترسی دەرەکی و پۆلیس بەدووردەبێ، توانای ڕێکردن و ڕاکردنی باشی دەبێ، لەسەرووی هەموو ئەمانەوە غیرەتی تەواوەتی پێدەدا. بەڵام هیچ کێشەیەک بۆ کۆچبەران دروست ناکات، تەنیا بۆ بوێری و نەترسی خۆی تریاک دەکێشێ. کە دەستیکرد بە تریاک کێشان، قسەی ئیسماعیلی هاوڕێم بیرکەوتەوە کە لە بولگاریاوە دیپۆرتی کوردستان کرابۆوە، لە باسی ڕێگەی ئەوروپادا، کێشانی تریاکی ڕێبەرەکانی باسکرد و دەیوت: مارئاوەدان، ئەوەی من بینیم، کەس

نەیبینیوە، ئێمە لە کاتی پشوودان دابوون، من زۆر ماندووبووم، کەمێ دوورتر لە کۆچبەران دانیشتبووم، ڕێبەرەکەشمان لەلایەکی دیکە بوو، سەیرمکرد مشەوەشە، من لەوی زیاتر مشەوەش بووم، وامزانی گیراین، ورد ورد سەیرمکرد، پەڕەیەکی سپی و ئاگر و شتێکی وەک تووتنی لە نێو دەستیدابوو، وەک مەکینە پێچایەوە و بە بیست چرکە مژین، کۆتایی پێهێنا و دوکەڵی تێدا نەهێشت. ئینجا دەستی کرد، بە دانانی جلەکانی و خۆی ڕووت کردەوە و بەخێرایی وەک تیمساح خۆی خستە نێو ئاوەکە و وەک مار بۆی هاتەوە دەرێ، زۆرم بەلاوە سەیر بوو، کە بۆچی تریاک دەکێشێ.

## بێ ڕەنگ و بۆیە جیهانی غەریبی

من لەو خەیاڵەدابووم، بەڵێن و ئاکام، شیعری "خاکی وەتەن"ی قانعی شاعیریان بە ئاوازێکی حەزینەوە، بە دەنگێکی هێمنەوە کردە گۆرانی

ئەی خاکی وەتەن قوڕ بەسەر و بێ سەر و پا خۆم
بۆ بێکەسی ئەم ئەهلە دەسا شێتی جەفا خۆم
گیراوە وەتەن بۆ وەتەنم غەرقی فەنا خۆم
پەس تر لە هەموو بەد سیفەتی بەندی بەلا خۆم
دوور کەوتەو و ئاوارە لە هەر قەوم و برا خۆم

محەمەدی کورتە بالای جلوبەرگ شێواوی هاوکار و یارمەتیدەری سەلاح، وتی: بەڕاستی خۆش بوو، بە هێمنی بیلێنەوە، ئەو دوو هاوسەفەرەم، ئەمجارە بەشێک لە شیعری "شیوەنی نیشتیمان"ی کردە گۆرانی

هەوری بەختی کوردستانە شیوەن و گریان ئەکا
نالە نالی بێ کەسانە جەرگ و دڵ بریان ئەکا
دەنگی قیژ و هوڕی خەڵقە دێت لەژێر چەرخی زەمان
ئاهی مەزڵومانی برسی عالەمێ وێران ئەکا
دووکەڵی قرچەی دەروونی بێ جل و بەرگ و ژیان
بوو بە هەور و وا بەسەر کێوانەوە سەیوان ئەکا

ئەم گۆرانییە تەواو نەبوو، سەلاح گەڕایەوە، وتی: حەی حەی ئاهەنگ و زەماوەندە، کاکە ئێوە قاچاخن، قاچاخ، ئێستا کەی وەختی ئەم بەزمورەزمەیە؟ یاڵا با بڕۆین، خەریکە ڕۆژئاوا دەبێ، دەبێ پێش ڕۆژئاوابوون بگەینە شوێنی

پەڕینەوەمان بۆ بولگاریا. کۆچبەران خۆیان خڕکردەوە، دووبارە ڕێگە تەواو نەبووە نەبینراوەکە دەگرینەوەبەر. لە کاتی ڕێکردن هەمیشە بیر و خەیاڵم دەڕۆیشت، قاچاخچییەکە وتی تەنیا دوو بۆ چوار کاتژمێر بە پێ دەڕۆین، ڕێگەیەکی زۆر خۆش و ئاسانە، کەچی قسەکەی پێچەوانە دەرچوو. لە دوێنێ شەوەوە لە ڕێگەین و جارێ تەواو نەبووە. ئەو قاچاخچییە درۆزن و کڵاودوورە وتی: بە جلوبەرگی پاکەوە دەگەنە سۆفیا، وەلێ لە ئێستاوە هەموو گیانمان لە نێو قوڕدا دڕکدایە، لە نێو ئاو و زۆرنگاودا خەریک بوو بخنکێین. ئەو هەموو خەیاڵە ناخۆشەی ڕێگە زۆر ماندوو و بێزارکەر بوو، لە دڵی خۆمدا وتم: دەبێ هاوڕێیانیش لەو خەیاڵە ناخۆشانەدابن؟ پرسیارم لە بەڵێن کرد.

- بەڵێن خەیاڵی ناخۆش دەکەیت؟
- چۆنتزانی؟
- چۆن نازانم، ئەو دەردەی لە تۆیە، لە منیشە.
- بە پێکەنیەوە، خەیاڵەکانی من زۆر ناخۆش و بێتامە.
- باوەڕناکەم، هێندەی خەیاڵەکانی من، ناخۆش بێ.
- زامدار، لەو خەیاڵانە چەندین جار مردوم و ژیاوەتمەوە!
- بە ڕاستی ناخۆشە.
- هەرناخۆش، خەریکە لە هاتن پەژیوان دەبمەوە، وەلێ چارە نییە. ڕێگەی دیکە شک نابەم. ئاخەر بە هەموو هیوایەکەوە شازدە ساڵم تەرخانکرد بۆ خوێندن، نمرەی باشم بەدەست هێنا، لە باڵاترین خوێندنی زانکۆ، لە بەشی یاسا وەرگیرام، لەوێشدا نمرەکانم لە باڵا و زۆر باشەدا بوون. بەڵام شوێنی مانەوەم نەبوو، ژیان لە عێراق قورسە، هیچ گرێنتییەکی ژیان نییە، لە سەرووبەندی هاتنی داعش، شەو دەنووستم و لە بەیانی دڵنیا نەبووم، ئاخەر هیچ دوو نییە، لە یەک

خولەکدا، لە کەسێکی سەربەخۆوە ببم بە کەسێکی کۆیلە و ژێردەستەی داعش، ئەڵبەتە عێراق و کوردستان ناوچەیەکە، بە شەڕ فێربوون، من لە کوردستان گەورە بووم، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو، زیاتر لە دە شەڕی گەورە و نەهامەتی گەورەمان ڕووبەڕوو بۆتەوە، ئەمە جیا لەو خراپی دۆخی ئەمنی و نەبوونی هەلی کار و خزمەتگوزاری، ئەگەرنا، چ کارم لەم ڕێگە نەفرەتییەدایە؟

- ڕاستدەکەی، منیش هەمان کێشە و ئاریشەم هەبوو، ترسی من لە کوشتن و تیرۆرکردنیشدابوو، ڕۆژێ وەک سۆرانی مامەحەمە و سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانی، لەسەر ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لە ڕێگادا بمدەنە بەر دەسترێژی گوللە، یا لەبەردەم دەرگای ماڵەوە بە بەرچاوی دایک و باوک و خوشک و براکانم تیرۆرم بکەن و خوێنی پرژاوم بە نێو حەوشەکەدا بڵاوبێتەوە و دار و دیواری ماڵەوە بە خوێن سووربێ، دایک و باوکم سەکتە لێیاندا و خوشک و براکانم، ئازار بنۆشن، دیوارەکە لە خوێن پاک نەکەنەوە و بیکەن بە ئەرشیف و ڕۆژی تیرۆرکردنی زامداری خێرلەخۆ نەدیوی ژیان!
- چەندی سەرم هێنا و برد، سەیرمکرد و ئەملاولام کرد، هیچ ئومێد و تروسکایی ژیانم لە کوردستان بەرچاو نەدەکەوت، گەرنا جێهێشتنی کوردستان و کەسوکار، هێندە ئاسان نییە.

لەم گفتوگۆیە هێمنەدا، سەلاح وتی: تەنیا کاتژمێرێک ڕێی پیادەمان ماوە، تا لە نێو خاکی یۆنان دەردچین. لەبەرئەوە پشوو نادەین تا دەگەینە شوێنی خۆمان. ئەمە هەواڵێکی خۆش بوو، کۆچبەران دڵخۆش بوون، لە دڵێکی نائارامەوە زەردەخەنەیان دەهاتێ، ئەگەرچی لەوێڕا بەدواوە کۆچبەران خواردن و خواردنەوەیان کەم ببوو و بەشێکیان لایان نەمابوو، تینویەتی تەنگی بە دوو

کۆچبەر هەڵچنیبوو، کۆچبەرانی دیکە ئاویان پێدەدان. لەو کۆتاییەدا دیمەن و دیما و بەلەمەکە، وەک گونی قۆڕیان لێهاتبوو، لە کوردەواری دەڵێن: "گونی قۆڕ، بەڵایە.. بیبڕی دەتکوژێ، نایبڕی، حەیات دەبا"، لەسەر شانمان زۆر قورس بووبوون، هەڵگرتنیان وەک سەرەتای ڕێگە ئاسان نەبوو، سەیرانی دایکی ئەو دوو پەپولەی ڕێگە، وردە وردە توانای ڕێکردنی خۆشی نەمابوو، باوکیشیان بە هەمان شێوە، هەرچۆنێ بێ، ئەو کاتژمێرەشمان وەک کاتژمێرەکانی پێشووتر بەڵام بە ماندوویەتی زیاترەوە بڕی، کاتژمێر شەشی ئێوارە، سەلاح وتی ئێرە شوێنی وەستان و چاوەڕوانیمانە.

# سنووری بولگاریا

لێرەدەبین تا کاتژمێر حەوت، ئەو کاتژمێرە پشوو بدەن، چونکە لە دوای ئەو کاتەوە ڕێگە قورس و ترسناکەکە دێتە پێشمان، لە دووری پەنجا مەتر لە ئاوبڕەکە، لە نێو جەنگەڵستان بۆ پشوودان پاڵماندایەوە. بەر لە پاڵدانەوە، سەلاح وتی: ڕاستە ڕێگەیەکی زۆر و ناخۆشمان بڕیوە، بەڵام بە ئەندازەی ئەو دوو کاتژمێرەی ماوە، سەخت و قورس نییە، پاش کاتژمێرێکی دیکە لەم ئاوە دەپەڕینەوە و دەچینە سنووری بولگاریا، دەبێ دوو کاتژمێر بڕۆین تا دەگەینە نوکتە و هاوڕێیانی بولگاریا دێن و ئێوە بەرەو سۆفیا دەبەن، ئەو ماوەی سنووری بولگاریا زۆر بە وردی لە لایەن پۆلیسی بولگاریاوە چاودێری دەکرێ، بە دەیان بنکە و بارەگای پۆلیسی سنووری بولگاری لێیە، ڕاستە شەوە و دنیا تاریکە، وەلێ لە نەبوونی دەنگی دیکە، دەنگ ڕۆیشتن زۆر دەڕوا، ئەمەش وادەکا پۆلیسی سنوور ئاگادار بن و بەدواماندا بگەڕێن، ئەگەر دەستگیربکرێن، لەوەدەچێ بەرەو تورکیا ڕەوانەتان بکەنەوە، دەشێ بەرەو بولگاریاتان بەرن، بۆ ئەوەی لەو ترس و دووڵی و نا ئاسوودەییە ڕزگارتان بێ، دەبێ زۆر بەخێرایی و بێ دەنگی ڕێ بکەن، ئەو قسانەی دەیکەم لەبەر ئێوەیە، چونکە وەک وتم: ئەگەر بێتە سەر هاتنی پۆلیس و هەوڵی گرتن، نەک پۆلیس ئیزرایلیش منی پێ ناگیرێ، هەر خۆم دەزانم چۆن ڕادەکەم و خۆم ون دەکەم. ئەم قسانەی پیاوی تاتۆکە تەواوی کۆچبەرانی بە هۆش هێنایەوە و ورد ورد دەیانڕوانی و گوێچکەیان بۆ ئەم قسانە هەڵخستبوو، کاتێک ئەو ڕێبەرە کوردە لە قسەکانی

تەواو بوو، دووبارەی کردەوە، ئەوەی وتم بە قسەم بکەن و جێبەجێی بکەن، مەڵێن: پشوو دەدەین و ماندووبووین، هێز و توانامان لێبڕاوە، ڕێگەی ئەوروپا ئاوایە. کۆچبەرانیش بەڵێنیاندا، هەموو هەوڵێک دەدەن، بۆ ئەوەی باش ڕێبکەن و بەسەلامەتی بگەنە سۆفیای پایتەخی بولگاریا.

لە دوای تەواوکردنی ئەم قسەوباسانە، ئەو کۆچبەرانەی ئاویان لانەمابوو، کە زۆرینەی کۆچبەران بوو، وتیان ئاوی ئەو ئاوبڕە بخۆینەوە؟ سەلاحیش وتی: نا، دەچم ئاوتان بۆ دەهێنم، چوار دەبەی گەورەی ئاوی برد، لە ناوەڕاستی ئاوبڕەکە ئاوی هێنا، ڕەنگی دەبەکان، زەرد زەرد بوون، هاوشێوەی ئەو کۆلای هاوڕێ ڕۆژهەلاتییەکەم باسی دەکرد، کۆچبەران ئەو ئاوەیان خواردەوە، وەلێ من نەمخواردەوە، چون ئاوی نێو جانتای پشتم مابوو و خواردەوە. نزیکەی بیست خولەک تێپەڕیوە، سەلاح بە هاوکارە کورتە باڵاکەی وت، بەلەمەکە بێن و پڕی کەن لە هەوا، بەلەمیان لێککردەوە و کۆچبەران بە نۆبەت هەوایان لە بەلەمەکە کرد و بەلەمیان ئامادەکرد. لەوێدا تاتۆییەکە هەمیشە ڕێنمایی دەدا، ئەمجارە یەک بەلەممان پێیە، سەرەتا ئەو خانەوادانە دەپەڕێنمەوە، ئەوسا دەگەڕێمەوە ئێوە تا نیوەی ئاوەکە بە پێ دێن و دێنە ناو بەلەمەکە و بەپەلە دەچینە ئەوبەر. لەبەرئەوە دە خولەک پشوو بدەن و هەڵدەستین. شەش دە خولەکی دەویست، هەستاین و بەرەو ئاوەکە ڕۆیشتین و شۆڕبووینەوە.

لای ئاوەکە، سەلاح وەک پۆلیس چاودێری ئەملاولای دەکرد، ئینجا وتی بەلەمەکە بهێنن، بەلەممان لە نێو ئاو دانا، هاوژینە ئێرانییەکە و هاوژینە کوردەکە و دوو منداڵەکە، چونە نێو بەلەمەکە، لەگەڵ چەند کۆچبەرێکی دیکە و پیاوە کورتە باڵاکە و سەلاح لە نێو بەلەمەکەدابوون، ئێمەش بە دەست بەلەمەکەمان پاڵدا تا کەوتە نێو ئاو و بە هێزی سەوڵ ڕۆیشت، بە ماوەی دە

خولەک پەڕینەوە ئەوبەر و لە نێو خاکی بولگاریا دابەزین، ئێمەش لە پەنا دارەکانەوە سەیرمان دەکرد، ترسمان زۆر زیاتر بوو —هەمیشە لە ترسدابووین-، داخۆ ئەو بەلەمە بگاتە ئەوبەر؟ ئەو کۆچبەر و منداڵانە سەلامەت دەبن؟ لەوکاتەدا کە تازە خۆرئاوابووە، وێنای دونیا زۆر تایبەت بوو، ترسێنەر و تۆقێنەر و بە سام بوو، لە کاتێکدا لە کوردستان ئەو کەشانەمان لاخۆش بوو و زۆر تایبەت بوو، کەچی لەوێ وێرانکەر بوو، هێدی هێدی بەلەمەکە لە سنووری بولگاریا نزیک دەبێتەوە، بەر لەوەی بگاتە ڕۆخی وشکانی سەلاح خۆی فڕێدا و بەپەلە کۆچبەرانی داگرت، لە دابەزین هێندەی نەمابوو، دیمەنی بچکۆلانە بکەوێتە نێو ئاوەکەوە، گەر وابوایە هەر خوداوەند دەیزانی چ ڕوودەدا، کاتێک گشتیان دابەزین و محەمەد لەلایان مایەوە، سەلاح بەبەلەمەوە گەڕایەوە لەو بەری ئاوەکەوە بەدەست هێمای بۆ کردین بەرەو ناو ئاوەکە بڕۆین، بەپەلە پرۆزێ بەرەو ناو ئاوەکە ڕۆیشتین تا بەلەمەکە گەڕایەوە، ئێمە بەشێکی زۆری ئاوەکەمان بە پێ بڕیبوو، بە ئەندازەی مەترێ لە نێو ئاوەکەدابووین، لە مەتر بە خوارەوەی جەستەمان ئاو بزری کردبوو، لەگەڵ بەلەمەکە لەیەکدی نزیک بووینەوە و یەک یەک نا، بەڵکو هەموو بە جارێ هەوڵیدەدا بچێتە نێو بەلەمەکەوە، چەند جار بەلەمەکە ئەمسەر و ئەوسەری کرد و لەوەرگەڕان دەمانپاراست، گروپێک کۆچبەر لەو بەری بولگاریا ترسیان پێوەدیارە، ئێمەش لە نێوان یۆنان بولگاریا ترس سەراپای گیانی گرتووین، لەگەڵ سەلاح سەوڵی بەلەممان لێدەدا، چەند خولەکی بە پێ و چەند خولەک بە بەلەم ڕۆیشین و گەیشتینە لای هاوڕێ کۆچبەرەکانی دیکە، بە هەمان خێرایی ڕۆیشتن لە بەلەمەکە خۆمان هەڵدایە سەرخاکی بولگاریا، بۆ نێو دار و دڕک، هەستی ترس هەمووانی داگرتووە، دەڵێی کەس و کاری ئێزیدییە ڕفێندراوەکانین، تەنیا خۆمان لە ژێر دەستی داعش ڕزگارمان بووە. دایکی

دیمەن و دیما زیاتر ماندوویەتی پێوەدیارە، چونکە کچەکەی لە کەوتنە ناو ئاو ڕزگاری بووە.

بەلەمی نێو ئاوەکەمان دەرهێنا و سەلاح لە شوێنێکی دانا، بۆ ئەوەی لە کاتی گەڕانەوەی لەگەڵ محەممەد بەو بەلەمە بە نێو ئاوەکەدا شۆڕبنەوە تا دەگەنەوە نزیک سنووری تورکیا. ئەمجارە جیاواز لە پێشتر ڕێدەکەین، دەبێ زۆر خێرا بڕۆین، قسە نەکەین، پشوودانمان نەماوە، ئەگەرچی زۆر تەڕ بووین و پێیەکانمان لە نێو پێڵاوەکاندا دەخزن و باش ڕێ ناکەن. پیاوی تاتۆکە، وتی: با بڕۆین، چیم وت ئەوە دەکەین!

## بولگاریا

پیاوی تاتۆکە، سەیری کاتژمێرەکەی دەستی کرد، وتی: کات حەوت و بیست خولەکە، پشت بە خودا، کاتژمێر نۆ و نیو لە نوکتە دەبین. کۆچبەران، وتیان زۆر باشە. لەگەڵ ڕۆیشتن سەلاح قسەی دەکرد، دەیوت: دۆخی ڕێبەران ئاوایە، ئەو هەموو ئازار و ترس و نەهامەتییە دەبینین، لە بەرانبەردا بڕە پارەیەکی کەم وەردەگرم، سەیران پرسیاری کرد و وتی:

- کاک سەلاح، بۆ هەر کۆچبەرێک چەندت پارە وەرگرتووە؟
- سەلاح: لە پای گەیاندنی هەر کۆچبەرێک بۆ نێو خاکی بولگاریا، دوو سەد دۆلارم وەرگرتووە.
- سەیران: تەنیا دوو سەد دۆلار؟
- سەلاح: بە گۆڕی دایکم هەریەکەی دوو سەد دۆلار وەردەگرم.
- سەیران: بە ڕاستی دوو سەد دۆلار، زۆر کەمە. پارە نییە!
- سەلاح: پێشتر وانەبوو، زیاترمان دەسەند، بەڵام ئێستا هێندە ڕێبەری مێردمندالّی داشقە و نەشارەزای پشت بەستوو بە (gps) پەیدا بووە، بە نرخی کەم کۆچبەران دەگوازنەوە، ئێمەش پارەمان کەم بۆتەوە.
- سەیران: بۆ ئەم سەفەرە چەند وەردەگری؟
- سەلاح: چەند کۆچبەرن، دوو هێندە وەردەگرم.
- کۆچبەران: تێکرا وتیان، دوو سەد دۆلار زۆر نییە، پازدە کۆچبەرین دەکاتە سێ هەزار دۆلار، بە ڕاستی شیاوی زیاتری، ئەم بڕە پارەیە زۆر نییە!

- ئەو سێ هەزار دۆلارە تەنیا بۆ تەنگەی گیرفانم نییە، بەڵکو پارەی محەمەدی لێ دەدەم و پێداویستییەکانی ڕێگەشی پێدەکڕم.

ئەو قسانەی سەلاح بەرانبەر بە خۆم و سێ هاوڕێکەم ڕاست نەبوو، بۆ کۆچبەرانی دیکەش نازانم، ئێمە کە چوار کۆچبەرین، لەکاتی بەڕێکەوتنمان لە تورکیاوە هەریەکەمان بە هەزار و سێ سەد دۆلار فرۆشرابووین، پێشتریش بە کەسێکی دیکە فرۆشرابووین، ئەو کرداری کڕین و فرۆشتنە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە دەکرا، بە یەک تەلەفۆن ئێمەیان بە ئەو و ئەم فرۆشتبوو، بۆم ڕوونەبۆوە ئەو قاچاخچییەی ئێمە ڕێککەوتنمان لەگەڵی کردبوو، بۆ هەریەکێکمان چەندی پارە دەستکەوتبوو، بەڵام لە فرۆشتنمان بە سەلاح بە هەزار و سێ سەد دۆلار دڵنیابووم. چوار هەزار و سێ سەد دۆلاریمان، پێنج هەزار و دوو سەد دۆلار. یازدە دوو سەد دۆلاریش، دوو هەزار و دوو سەد دۆلار. دەکاتە حەوت هەزار و چوار سەد دۆلار، بۆ تەنیا سەفەرێک. ئەوەی بە ئێمە کرا، بازرگانییە بە مرۆڤ، هیچ بڕە پارەیەکیش بە ئەندازەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ زۆر نییە. جیاوازی ئێمەی چوار هاوڕێ لەگەڵ یازدە کۆچبەرەکەی دیکە لەوەدابوو، ئێمە بە سەلاح فرۆشرابووین، وەلێ کۆچبەرانی دیکە موڵکی سەلاح نەبوو، بەڵکو تەنیا گوێزەرەوەی کۆچبەران بوو. تەنیا ئێمە کڕین و فرۆشتنمان پێوە نەکرابوو، هاوکۆچبەرەکانیشمان چەندین جار بە تەلەفۆن کڕین و فرۆشتنیان پێوەکرابوو، لە ماوەی چەند خولەکێک دەستی دەستییان پێکرابوو، هیچی خاوەنی خۆیان نەبوون، بەڵکو وەک کۆیلە دەیانهێنان و دەیان بردن، هەرچیان پێوترابا، دەبوایە جێبەجێ بکرێ.

وردە وردە ڕۆیشتن نەما، ئێستا بەخێرای دەڕۆین، دوو هێندەی خێرایی پێش گەیشتنمان بە نێو خاکی بولگاریا دەڕۆین، تاڕادەیەک لە شێوەی ڕاکردنە، هەناسەی کۆچبەران هێدی هێدی تەنگ دەبێ، ماندوویەتی و ڕۆیشتن دەرفەتی هەناسەی قوڵیان پێنادات، قسەکردن نەماوە، تەنانەت توانای دەربڕینی قسەش نییە. تا نیو کاتژمێری سەرەتا کیشەی زۆرمان نەبوو، لە

دواتــردا و لەگــەڵ زیــاتر ڕۆیشــتن بە نــاو خــاکی بولگاریــا، ســەلاح خێراتــر دەڕۆیشت و هیچ ئەرزشێکی بۆ ڕۆیشتنی کۆچبەران دانەدەنا، بەو شەوە تاریکە ئەنگوســتەچاوەدا، دەبوایــە بــە هــەمان خێرایــی ڕێبەرەکــەمان بــڕۆین، هــیچ چارەیەکیشمان نییە، دەبێ بڕۆین و بڕۆین و بڕۆین، تا ئەوکاتەی دەستوور لـە تریاک کێشەکە وەردەگرین و دادەنیشین، ڕوونیش نییە، دەرفەتی پشوودانمان هەیە، یا نا؟

پــێڵاوی ســەیران بــێ کــەڵک بــووە، نــاتوانێ ڕێــی پــێ بکــا، بەوپــەڕی ناچارییەوە پێڵاوەکانی فڕێدا و بە لۆژە لۆژ، لە دوای کۆچبەرانەوە دەڕوا، سەلاح سـەیری دواوەی کـرد، بـۆ ئـەوەی بـە تورەییـەوە بڵـێ: خێـرا بـڕۆن، بـۆ پەلـەی ڕۆیشتنتان نییـە؟ چاوی بـە پێی پـەتی سـەیران کـەوت، یەکڕاست جانتاکـەی شانی داگرت و جوتـە پێڵاوێکـی نوێی لەبەرنـەکراوی دەرهێنـا و دایـە دەست سەیران، وتی: بەپەلە ئەمە لە پێ بکە و بابڕۆین. ئـەو جووتـە پـێڵاوی زیـادەی نێو جانتاکەی سەلاح، بۆ کاتێ پێویستی خۆی هێنابووی، هەرکاتێک پێڵاوەکەی دڕا، یا کون بوو، ئەو نوێیە لەبەربکا، کـەچی پـێڵاوی ئـەمجارەی دایـە سـەیران، سەیران زەردەخەنەی هاتەبەر، کاتێک بە هۆی لە پێ کردنی پێڵاوەکان ئازاری قاچەکانی کەم بوونەوە.

لە شوێنێکدا، سەلاح وتی: ئێرە زۆر کێشەیە، زۆرجار پۆلیسی پیادەڕەوی لێیە، هێمن هێمن بە دانیشتنەوە دەڕۆین، هاوشێوەی بۆقـەکانی نێـو زۆنگاوەکـان دەڕۆیـن، کـە جـار جـار خـۆی بـەرز دەکاتـەوە و خـۆی هەڵـدەدا، ئێمـەش بـەم شێوەیە، گـەر ڕەنـگ و دەنـگ نەبوایـە، بـە دانیشـتنانەوە دەڕۆیشـتین یـا خۆمـان هەڵـدەدا، بـە بێ دەنگی و بێ چرپـە، دەڕۆیـن. هەستمان بـە خشـپە خشـپ و سرتە سرت کرد، هەمووومان بە ڕێبەرەوە لە شوێنی خۆمان وەستاین، تـا بۆمـان دەرکــەوت، زینــدەوەری نێــو دارســتانە دێ و دەڕوا. ڕێدەکەینــەوە و دەنگــی

هەناسە سواریمان دەڕوا، ئارەقە بە تەواوی جەستەماندا شۆڕدەبێتەوە، هێزی ڕۆیشتن کەم بۆتەوە، ئەو کۆچبەرانەی زۆر ماندبووبوون، بەدەم ڕۆیشتنەوە بەشێک لە کەلوپەلەکانیان فڕێدا، بۆ ئەوەی قورسایی شانیان کەم بێتەوە، دیمەن و دیما لە شانی ئەم و ئەو، دەستی دەستی پێدەکرێ، دەڵێی قاچاخچین و کڕین و فرۆشتن بەو دوو منداڵە دەکەین، لەسەر شان و ملماندان و بە نێو دارەکاندا ڕادەکەین، چڵێک داری خوانەناس، دابووی لە دەمووچاوی دیمەن، ڕووشاندبووی و خوێنی لێهێنابوو، کاتێک ئازاری ڕوومەتی بێزاری کردبوو و هەست دەکا شتێکی تەڕ پێیدا دێتەخوارەوە، دەستی لێدابوو، چاوی بەخوێنەکە کەوتبوو، هاواری نەکرد و نەیقیژاندبوو، بەڵکو بەدەم ڕێکردنەوە، بەدەنگی نزم بە کۆچبەرەکەی وتبوو، دەمووچاوم دێشێ و بریندارە. لەپڕدا، سەلاح وەسوڕا و بەپەلە بۆ دواوە گەڕایەوە لەوکاتەدا دارێکی گەورە لە خوار سینگی و سەرووی سکی چەقی، وتی: ئۆف، ئۆف.. بەخودا، ئەمە بنکەی پۆلیسە، خێرا، خێرا، خێرا با بگەڕێینەوە. چ دۆخێکە؟ تەنیا ئەو کۆچبەرانەی بە ڕێگەی قاچاخچی ئەورووپادا ڕۆیشتوون، دەتوانن تێی بگەن و هەستی پێبکەن. زیاتر لە بیست کاتژمێرە پیادەڕەوی دەکەین، بەو هەموو ناخۆشییەوە گەیشتووینە ئێرە، لێرەدا دەستگیر بکرێین و بکەوینە دەست پۆلیسی بولگاری کە مامەڵەیان لەگەڵ کۆچبەران زۆر خراپە، بە ڕاستی ناخۆش و کارەساتە. ئەی داد و بێداد. خێرا، خێرای ئەو تریاک کێشە، چەند وشەیەکی ناخۆش و دڵهەژێن بوو، وەک ڕۆژی دوایی، کەس بە کەس نەبوو، بەپەلە بە ڕاکردنەوە بەرەو دواوە گەڕاینەوە، ئاگامان لە دڵە کوتەی ناخمان نەمابوو. دەبێ سەلاح چ بکا؟ گەر جێمان بێڵێ و هەڵێ، ئێمە چی بکەین؟ وەک نێچیر دەکەوینە دەستی ڕاوچی، ئێمە کۆچبەر و ئەوان پۆلیس. لەوێدا ئەحمەدی هاوڕێم بیرکەوتەوە، کە لە دوای دیپۆڕتکردنەوەی باسی دەستگیرکردنی خۆی و هاوکۆچبەرانی لە سنووری بۆ کردم. ئەوان، لە سنووری نێوان تورکیا بولگاریا لە لایەن پۆلیسی

بولگاریاوە دەستگیرکرابوون، تا توانایان هەبوو، لە کۆچبەرانیان دابوو، بە داری پۆلیسی دەستیان و دەست و لاق، ئازار و ئەشکەنجەی زۆریان دابوون، زۆر بە دڕندانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردبوون، شەقیان لە شوێنی زۆر هەستیار و ترسناک دابوو، شەقەکانیان بە ئاراستەی کڵاوەی ئەژنۆ وەشاندبوو، بۆ ئەوەی کڵاوەی ئەژنۆیان بشکێنن و توانای ڕێکردنیان نەمێنێت. ئەڵبەتە، تەواوی مۆبایل و پارەکانیان لێ سەندبوون، هەر شتێکی دیکەی بەنرخیان لە نێو جانتاکە دابووایە، دەیانبرد و پۆلیسەکان لە نێوان خۆیان دابەشیان دەکرد. ئەحمەد، نموونەی کۆچبەرێکی داماوی ڕێگای ئەوروپا بۆ گێڕابوومەوە، ئەو کۆچبەرەی ئاستی بینینی چاوەکانی لاواز بوو، لەبەدبەختی خۆی کەمێک لە دووری کۆچبەرانی دیکە دانیشتبوو، پۆلیسێکیان لێ چووبووە پێش و بە هەموو توانایەکییەوە شەقێکی لێدابوو، بە ئەندازەی دوو مەتر بەرز کردبووەوە، هێزی قاچی هاوشێوەی زنجیری دەبابە هێزداربووە، چاویلکە لە چاوەکە بەلایەک و چاویلکەکەی بەلایەکی تردا، بێنە بەرچاوت، کاتێ لە منداڵێکی بچووک تووڕە دەبی و بەهەموو تواناوە فڕێی دەدەی، یا شووت لە تۆپ دەی، چەند بە ئازارە، بەمشێوەیە لە کۆچبەرانی دیکەی نزیک کردبۆوە و گشتیانی لەسەر سک درێژ کردبوو و کەلوپەلە بەنرخەکانیان لێ سەندبوون.

گەڕاینەوە دواوە و ئەم ڕێگەیەمان نەگرتەوەبەر، بەڵکو بە ڕێگەیەکی دیکەدا ڕۆیشتین، سەڵاح دەستی لەسەر سینگی بوو، لەبەرخۆیەوە دەیوت: نەفرەتی، بە نەفرەت بن، بولگاری، ئەم بنکە تازەیە چییە؟ بۆم دەرکەوت ئەم بنکە تازە لەم شوێنە دروست کراوە، هێندەی نەمابوو، ببینە نێچیری دەستیان، نزیک بە کیلۆمەترێ بەرەو دواوە گەڕاینەوە و بە ئاراستەیەکی دیکە ڕۆیشتین، کەس بیری لای ئەو کیژۆڵە ناسکە نەمابوو، کە دار ڕوومەتی ڕووشاندووە و ئازاری پێگەیاندووە.

لە ڕێگەی ناو پوش و پەڵاش ڕزگارمان بوو، ئێستا لەسەر ڕێگەیەکی بەرداوی دەڕۆین، جارجار خرەی بەردەکانی ژێر پێمان گوێ لێدەبێ، کاتێ لە ژێر پێلاوەکانمان دەخزن، خێرایمان زیاتر کرد و گەیشتینە لای سککەی شەمەندەفەر، ئەو تریاک کێشە هەستیارە، سەری شۆڕکردەوە و گوێچکەی لەسەر سکەی شەمەندەفەرەکە دانا، بۆ ئەوەی بزانێ بەمزووانە شەمەندەفەر دێ یا نا؟ گەر جزەی سکەکە بێ، واتە شەمەندەفەر نزیکە و نابێ بپەڕینەوە، سەلاح هەستایەوە و وتی: ڕاکەن، هیچ لەگۆڕی نییە. هەستمکرد، سکەکە جزەی نەهاتووە. ڕامانکرد، تا گەیشتینەوە نێو پوش و پەڵاش و خرە بەردمان جێهێشت.

لە نێو پوش و پەڵاشەوە، بە هەناسەبڕکێ ڕادەکەین، دەڵێی لە دەستی چەکدارانی داعش ڕامانکردووە، دەمانەوێ بڕۆین و نەگەڕێینەوە، هەستدەکەین وەک ڕزگاربووانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە هەڵەبجەوە ڕادەکەین و ناخوازین لە نێو ئەو کەش و هەوا کیمیاییەدا بمێنینەوە. بەرەو پەناهەندەیی و ئاوارەیی و نامۆیی دەڕۆین. دیسانەوە نامۆیی و غوربەت وەک دێوەزمە هاتەوە گیانم، خەریکە دەمخوا و لەنێوم دەبا، ئاخەر، بۆ دەبێ ژیانی مرۆڤ ئاوای لێبێ؟ لە شوێنی خۆمان هەڵقەندرێین و بەرەو ژیانی پەناهەندەیی بڕۆین، داخۆ لە ئەوروپا مرۆڤایەتی باڵادەستە، یەکسانی و دادوەریی ژیان و بەیەکەوە هەیە، مرۆڤ بەهای مرۆڤ بوونی پێدەدرێ؟ یا ئەمەش تەنیا بانگەشە و باسوخواسی ڕاگەیاندنە؟ بۆ دەبێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی عەرەبی هەمیشە لە دۆخێکی خراپی ژیاندابن و هیچ ساڵێک نەبێ بە سەدان هەزار هاونیشتمانی ڕووەو ئەوروپا کۆچ نەکەن، کوردستانیش لە نێو هەناوی وڵاتانی عەرەبیدایە و ئەم سیستەمە بەسەر ئێمەشدا زاڵە، تاوانی مرۆڤی داماوی بێ دەسەڵات چییە

لە هەمبەر ئەو دۆخە؟ دونیایەک بابەت لە نێو هزرمدا دێ و دەچێ، لە نێو بیرکردنەوە غەرق بووم، بە جەستە لە ڕێگادام و بە بیروهەست و هۆش لە زۆر شوێنی دیکەم.

هەر ڕێدەکەین و نەگەیشتووین، ڕێدەکەین و ناگەینێ، سەلاح سەیری پشتەوەی کرد، وتی: سەیری ئەوبەر بکەن، ئەمە بنکەی سەرەکی پۆلیسە، بینیوتانە، کەمتر لە کیلۆمەترێ لێمانەوە دوورە، هێمن هێمن، بێدەنگ بێدەنگ، وەرن، هەستمان پێبکەن، تەواوی ماندووبوون و شەکەتی ڕێگەتان بە با دەچێ، ئێمەی کۆچبەرانیش هەر بە لە قاندنی سەرمان، باشەمان بۆی کرد.

لە ڕێکردن بەردەوامین، چاوێکمان لەسەر ڕێگاکەیە و چاوەکەی دیکەمان لەسەر بنکەی پۆلیسی سنوورە، پیاوی تاتۆکەش، هەمیشە هۆشداری دەدا، دەنگمان لێوە نەیا، بە کۆبیرەوە ڕێگە بکەین، هیچ شتێ نەکەین پۆلیس هەست بە بوونی خەڵک بکا. گەیشتبووینە نیوەی بنکە سەربازییەکە، لە نێو بیناکەوە لایتێکی زۆر بەهێزی گەورە، بە ئاراستەی ئێمە لێدرا. لایت لێدرا، قەڵەمی دەست و پێی کۆچبەران شکا، سەلاح وتی: دانیشن، خێرا، خێرا، دانیشن، بەوپەڕی خراپییەوە دانیشتین، کەسمان ڕەنگمان وەبەرنەماوە، کەمێ چووینە خوارتر بۆ ناو چاڵاییەک، لە ناو چاڵاییەکە بە ئاراستەی ئێمە لایت لێدرا، چۆن لایت لە نێو چاوی ڕێوی دەدەی بۆ ماوەیەک لە جوڵە دەوەستێ و ڕەق دەبێ، ئێمەش ئاوامان لێهات، وتیان سوێند بەخودا ئاشکرا بوین و دەستگیر دەکرێین.

بەشێک لە کۆچبەران ویستیان نێو چاڵاییەکە جێبێڵن و ڕاکەن، وەلێ سەلاح وتی: بوەستن، پێویست ناکا، ڕاکەن. جارێ لێرە دەبین، کۆچبەران کەوتنە ڕەخنەگرتن.

- بۆ لێرە بین؟
- سەلاح: جارێ کێشە نییە.
- بۆ دەتەوێ بە دەستگیر کردنمان بدەیت؟
- سەلاح: من ڕێبەرم، یا ئێوە؟
- تۆ.
- سەلاح: بە توڕەییەوە لێرەبن و تەواو.
- ئاخەر لایتیان بە ئاراستەی ئێمە لێدا.
- سەلاح: ئێوە تێناگەن؟ وتم لێرەین و تەواو، قسە مەکەن.

تەواوی کۆچبەران، گوێیان لە تەپە تەپی دڵی یەکدییە، سێ بۆ چوار خولەک لەوێ بووین، ئینجا سەلاح، وتی: هەستن دەڕۆین، دەستبەجێ هەستاین و لە دوای ڕێبەرەوە ڕێماندەکرد. دونیایەک پرسیارمان لا گەڵاڵە بوو، دەبێ چ بکەین، بگەڕێینەوە، یا بڕۆین، بە کوێدا دەڕۆین، بە هەمان ئەو ڕێگەی لایتیان ئاراستە کردین، یا ڕێگەکەمان دەگۆڕین؟ پەلەنەکەین دەزانین. سەلاح، بێ ترس بە هەمان ئەو ڕێگەیەدا ڕۆیشت کە لێیەوە لایتمان ئاراستەکرا، ترسمان زۆر بووە، لە ترۆپیکی ترسداین، ئاخەر ناهەقمان نییە، کەمێ لەمەوبەر لایتیان بەرانبەرمان پێکرد، ئێستاش بە هەمان ڕێگە دادەڕۆین، لەم نائاسوودەییەدا، دیسانەوە لایتی دەستی پۆلیسەکان ئاراستەی ئێمەی کۆچبەران کرد و ناوچەکەی ڕووناک کردەوە، کەچی سەلاح خێراتر دەڕوا و بە دەست هێمای خێرا ڕۆیشتنمان دەکەن، ئێمەش تا دەتوانین ڕادەکەین و دەڕۆین. خەریکە هەناسەمان بە کۆتا بێ و لایتی دەستی پۆلیسی سنووری بولگاریا پێدەکرێ و دەکوژێندرێتەوە، دەڵێی چاو شارکێمان لەگەڵ دەکەن. ڕۆح بە جەستەمان قایل نەبوو، کەوتبووینە دۆخێکی زۆر خراپی ڕۆحی، دەروونی،

هەستەکی، نەستەکی، جەستەیی. بەمشێوە ڕاکردنە بەردەوام بووین، تا لەو ڕاستە ڕێگەیە ڕزگارمان بوو و گەیشتینە پەنایەکی دیکە، ئەگەرچی لایت نەما ڕووبەڕوومان پێکرێ، وەلێ ترسمان لە لوتکەدایە. سەلاح، بە چرپە ڕایگەیاند: تەنیا پێنج خولەکمان ماوە، ئیدی ڕێگاکە تەواو دەبێ، ئەمە هەواڵێکی زۆر خۆش بوو بۆ ئەو دۆخە شپرزەیەی کۆچبەران، کە تێی کەوتوون.

## کۆتایی جەنگەڵستان

خەریکە جەنگەڵستان کۆتایی دێ و دەگەینە نزیک ئاوەدانی و ڕێگای سەرەکی، کۆچبەران شلومل شلومل دەڕۆین، دەخوازن دوو خولەک زووتر بگەنێ و پشوو بدەن، پووش و پەلاش، دڕک و داڵ، موسەکە و توترک، کۆتایی هاتووە، لەسەر ڕێگەی خۆڵیدا دەڕۆین، مانگ وەک گڵۆپێکی گەورەی جیهان ناوچەکەی ڕووناک کردووە، ئەو مانگە ڕووناکە، ئومێد بەخشە، تەنانەت لە نێو مێژووی ئیسلامیشدا مانگ پیرۆزی زیاتر لە ئەستێرە و خۆر هەیە، چونکە کاروانچییەکان، بە شەوان کاروانەکانیان وەڕێدەخست و بەرەو شوێنی بەرانبەر دەیانگواستەوە، بەپشتبەست بە ڕووناکی ئەو مانگە. بەسەر ئەم خۆڵەدا زۆر بە ئارامی ڕێدەکەین، بە دووری سەد مەتر لە بەردەممانەوە، گردێکی گەورە لە پێشمانە، دەبێ بە سەلامەتی بەسەر ئەو گردە سەرکەوین، هەرچەندی سەر دێنین و دەبەین، ئەستەمە جەستەمان سەرکەوێ، حەمە کەرکووکی، وتی: من نەخۆشم، ئاو نەخۆم، دەمرم! ئاوم نەماوە، ئاوم پێ بدەن، ئاو، ئاو! سەلاح وتی: بۆ خاتر خوا، ئێستا کەی وەختی ئاوە؟ دەبڕۆ، بڕۆ، کەرکووکی وتی: ئەستەمە ڕێم بۆ ناکرێ، بەپەلە ئەو کۆچبەرانەی ئاویان لاماوە، دەریانهێنا و پێیاندا و خواردییەوە، وەک بڵێی لە مردن گەڕاوەتەوە، وتی: خوا خێرتان بنووسێ. بە ئاراستەی گردەکەی بەرانبەرمان دەڕۆین، هاوشێوەی پردێک لە پێشمانە، یا دەبێ ڕێگەکەمان بۆ ماوەی دە خولەک درێژ کەینەوە، یا دەبێ لەژێر پردەکە بە نێو قوڕ و لیتاوەکە بڕۆین، پیاوە تریاکییەکە،

بەپەلـە ڕووەو ژێـر پـردەکـە دەڕوا، شـەپ، شـەپ، شـەپە شـەپی هـەنگاونانمان دەست پێدەکا، بۆ ماوەی سێ خولـەک بـە نێو ئـەو شـەپە شـەپە دەڕۆیـن، تا کڵاوەی ئەژنۆمان لە نێو قوڕاوی لیتەدایە.

بەرەو گردەکە سەردەکەوین، هەر دەڕۆین و شۆڕدەبینەوە، سەردەکەوین و دەخزین، پێ هەڵدەگرین و غلۆری خوارەوە دەبینەوە، دەڵێی یاری خلیسکێنە دەکـەن. سێ کۆچبـەر لـە بـەرزی گردەکـە وەسـتان، یـەک بـە یـەک، دەسـتی کۆچبەرانی خوارەوە دەگرن و بەرزیان دەکەنەوە، دەیدەن بە کۆچبـەری دواتـر، تا دەگەنە سەر گردەکە. ئەم کردەیە بە ماوەیەکی زۆر کەم جێبـەجێ دەکرێ، لەسـەر گردەکـەوە دەنگی شـەمەندەفەر دێ، هەستدەکەین زیـاتر لـە ئـاوەدانی نزیـک دەبینـەوە، لەسـەر گردەکـە سـەلاح وتـی: لـەم بەرزاییـەی بـەردەممان دەوەستین، ئەوە گەیشتین.

بەرەو بەرزاییـە بچووکەکەی بـەردەممان سـەرکەوتین، لـەو سـەرکەوتنە، زۆر دڵتـەنگ بـووم، ئـەو باسـانەم وەبیرکەوتـەوە، کـە کۆچبـەران لـە نوکتـە دەگیـرێن، ڕادەکـەن و هەڵـدێن، هەنـدێکیان دەسـتگیر دەکـرێن و بەشـێکیان ڕادەکـەن و ڕزگاریـان دەبێ، ئەوانـەی دەسـتگیر دەکـرێن و پۆلیسـەکان شـەق دەوەشـێنن و کۆچبـەرەکان شـەق پێکـەوتووانن، دواجـار شـەق وەشـێن و شـەق لێدراو، مـرۆڤن! وێنـەی هـاتنی پۆلیس دێتـە بـەرچاوم، هاتوهاوار و قیروقیـژە و ژاوەژاوی کۆچبەران تێکەڵی دەنگی گـرە و بـەرز و نەڕانـدنی پۆلیسـی سنووری بولگـاری دەبێتـەوە، کۆچبـەران پـەرت دەبـن و هەریەکە بـە لایەکدا بـە تەقڵـە شۆڕی دەکەنەوە. لـەم بیرانـەدابووم، گەیشـتینە شـوێنی مەبەسـت، کـە نوکتـەی پێـدەڵێن. نوکتـە، ڕێگەیـەکی بچـووکی کـۆنکرێتکراو بـوو، لـە سـەرووی ئـەم ڕێگایەوە بە دووری دە مـەترێک ڕێگەیـەکی قیرتـاوکراوی پـان هەبـوو، سـەلاح وتـی: گەیشـتین، بێـدەنگ بێـدەنگ، بـا لـەو کۆتاییـەدا تووشـی کێشـە نـەبین،

مۆبایلەکەی دەرهێنا و تێلی بۆ هاوکارانی سنووری بولگاریا کرد، تا بێن و بمانگەیەننە سۆفیا. سەیری کاتژمێری دەستم کرد، کاتژمێر نۆ و چل و شەش خولەک بوو، بێدەنگی بەسەر کۆچبەراندا زاڵ بوو، لە دوای ماوەیەک کچە جوانەکەی سەیران، لە دەستی ماندوویەتی و ئازاری هەنگەکە و ڕووشانی ڕوومەتی، دەستی بە گریان کرد، سەلاح بە توڕەییەوە بە دەنگی نزم، وتی دەمی بگرن! سەیران دەستی بۆ دەمی کەنیشکەکەی برد، بەر لەوەی دەستی بگاتە دەمی، لە سەر ڕێگا سەرەکییەکەی پشتمانەوە، لایتی ئۆتۆمبێل بەدیارکەوت و دوو ئۆتۆمبێل بەخێرایی زۆر، وەستان و دەنگە دەنگ پەیدابوو. کۆچبەران، وتیان بەخوا پۆلیسە، با ڕاکەین.

## هاتنی ئۆتۆمبێل

پیاوی تاتۆکە، فەرمانی کرد بوەستین، کەمێک لە ڕێگەی سەرەکی نزیک بۆوە، کاتێک زانی هاوڕێیانی خۆیەتی، وتی: خێرا وەرن، هاوکارانی خۆمانن، هەستان و ڕاکردنمان یەک بوو، دوو ئۆتۆمبێل بوون، دەرگایان کرابۆوە، بەپەلە ئێمەی هەڵدایە نێو ئۆتۆمبێل و چەند دەبە ئاوێکی وەرگرت و تا توانای هەبوو ڕایکرد و بەرەو تورکیا گەڕایەوە، بەرلەوەی ماشێنەکانی ئێمە بڕۆن، سەلاح و محەمەد هەڵاتن و دیارنەمان. چی دیکە، چاومان بە چاویان ناکەوێتەوە. کاتژمێر دەی شەوە، پازدە کۆچبەری نەشارەزا و نابەڵەد، ڕادەستی دوو ئۆتۆمبێلی جۆری بی ئێم دەبلیو کراوین، یەکیان بی ئێم دەبلیو ئاسایی بوو، ئەوەی دیکە بی ئێم دەبلیو درێژ بوو، ئێستا لە نێو سەیارەی بولگاریداین، ڕەنگیان ڕەش و مارۆنییە، ئێمە سەرکەوتین، بەرلەوەی دەرگاکان داخەین، تا توانایان هەبوو، پێیان لە بەنزینی ماشێنەکان نا، کۆچبەرانیش هەڵای خۆشییان لێدا، بە سەلامەتی گەیشتوون بە بولگاریا، من لە پێشەوەی بی ئێم دەبلیوە ئاساییەکە سەرکەوتبووم، گەنجێکی نزیکەی بیست و پێنج ساڵە شۆفێر بوو، بە شڕە ئینگلیزییەکەوە قسەم لەگەڵ کرد، زۆر لە من خراپتر بوو، ئینگلیزی زۆر کەم دەزانی، بەرلەوەی بێن و ئێمە سەرخەن، دونیایەک دەبە ئاوی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، دیاربوو ئەزموونیان هەبووە، دەیانزانی کۆچبەران چەندە شەکەت و هیلاک و تینوون، دەممان نا بە ئاوەوە، دەبەیەک و دوو دەبە بە ئاسانی نۆش کرا، لە دوای ڕۆیشتنی پازدە خولەکێک، لە ڕێگای سەرەکی ناو بولگاریا، هەردوو ئۆتۆمبێلەکە لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی دیکە لە پارکینگێک وەستان،

لەگەڵ وەستانی ماشێنەکەی ئێمە، ماشێنەکەی دواوەمان دای لە پشتی ماشێنی ئێمە، وەلێ گوێیان پێنەدا، شۆفێرەکان دابەزین و چەند خولەکێک بەیەکەوە قسەیانکرد، ئاڵوگۆڕیان بە شۆفێرەکان کرد، ئەو کەسەی بۆ شۆفێری هاتە نێو سەیارەکەی ئێمە، تەمەنی لە سەرووی سی ساڵی دەبوو، بەرلەوەی شۆفێری بکا، تریاکی دەرکرد و کێشای، ئەوسا سەرکەوت، هەردوو سەیارە بەیەکەوە لە دووی یەکدی دەڕۆیشتن.

ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکان ڕۆیشتنی ئاسایی نەبوو، هێندەی من چاوم لەسەر کێچی بەردەمی شۆفێرەکە بوو، لە خێرایی دوو سەد نەدەهاتە خوارەوە، تا دوو سەد و سی ئاگاداربووم، ئەم شۆفێرە کەمێ ئینگلیزی دەزانی، وردە وردە لەگەڵی کەوتمە قسەکردن، پرسیارم لێکرد، داخۆ بە چەند کاتژمێری دیکە دەگەینە سۆفیا، وتی: کەمتر لە دوو کاتژمێر، بەلامەوە سەیر بوو، چونکە لەسەر تابلۆ هەڵواسراوەکانی ئەو ناوچەیە نووسرابوو، سۆفیا سێ سەد و پەنجا کیلۆمەتر دوورە، ئەم ڕێیە دوورودرێژە بە دوو کاتژمێر دەبڕدرێ؟ لە دڵی خۆمدا، وتم: بۆنا؟ ئەوە لە خێرایی دوو سەد نایەتە خوارەوە، دەشێ بەو کاتە بگەین.

# ڕێگای سۆفیا

بولگاریا، ئەو وڵاتەی یەکەمجارە دەیبینم، پێشتر هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم لەبارەیەوە نەبوو، تەنیا دەمزانی بە خراپی لەگەڵ کۆچبەران مامەڵە دەکەن. لە ڕووکەشد وێنایەکی جوانمان نیشان دەدا، ڕێگاکانیان زۆر پان و فراوان بوو، بەم شەوە درەنگە، ئەم شار و ناوچانە لەژێر گڵۆپدا دەتریسکێنەوە، لایتەکان تەواوی ناوچەکانی ڕووناک کردوە، دەڵێی ڕۆژە و دونیا بە لای زەردیدا دەڕوا. ئەو ئۆتۆمبێلەی ئێمە، شەش کۆچبەری تێدایە، ئێمەی هاوڕێیان لێرەداین، بەرەو دواوە ملم وەسوڕاندووە، لەگەڵ ئاکام و بەڵێن قسە دەکەم، بزانم دۆخیان چۆنە؟ دڵخۆشی بە ڕوخساریانەوە دیارە، زەردەخەنەیان دێتێ، ئاویان خواردووە، سەلامەتن و بەرەو سۆفیا دەڕۆن، تەنیا برسیەتی تەنگی پێهەڵچنیون. بەڵێن و ئاکام وتیان باشمان بۆ ڕێککەوتووە، خودا هاوکار و یاربوو، بە سەلامەتی گەیشتووینە بولگاریا، قۆناغێکی باشمان بڕیوە، بە شەوێک دوو وڵاتمان بە قاچاخ بڕیوە، لە ڕێگەی پایتەختداین. بەڵێن، ڕاستدەکەی دوو شەوە کوردستانمان جێهێشتووە، ئێستا لە بولگاریاین، پشت بەخودا بە ئاسانی دەگەینە شوێنی مەبەستمان.

شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە، زەوقی هەس، تریاکی کێشاوە، باش ئەم ڕێگەیە دەبڕێ، لە خێرایی دوو سەد دانابەزێ، گۆرانی ڕاپی بولگاری هەڵداوەتە سەر دەنگدەرەکان، دەستی لە سووکانی سەیارەکەی بەرداوە و هەڵبەز و دابەز بە دەستەکانی دەکا، جارجار، دەست دەدا لە سووکانەکەی بەردەمی و

ئۆتۆمبێلەکەی ڕاست دەکاتەوە، دەنگی ڕاپەکەی سەر دەنگدەرەکانی نزمکرد و سەرِی سووڕاند و پرسیاری کرد.

- خەڵکی کوێن و لەکوێوە هاتوون؟
- کوردین، لە کوردستانی باشوور، کوردستانی لکێندراو بە عێراقی هەناوی وڵاتانی عەرەبییەوە هاتووین.
- دەتانەوێ بچنە چ وڵاتێک؟
- ئەڵمانیا، یا بەریتانیا.
- ئێستا یەکلایی نەبۆتنەوە؟
- نەخێر، کوێ بگونجێ لەوێ دەمێنینەوە.
- زۆرباشە، سەرکەوتووبن.

دونیایەک تابلۆ لەسەر ڕێگاکە هەڵواسرابوو، لە دوای تاوێ ڕۆیشتن، نووسرابوو سۆفیا دوو سەد و بیست کیلۆمەتر، دیارە بە ئاراستەی سۆفیا دەڕۆین، زوو زوو، فەقاسی بە سەیارەکە لێدەدا و لەتەک ماشێنەکانی دیکەوە دەڕۆیشت. بەڵێن، وتی:

- زامدار، چۆن پەیوەندی بەماڵەوە بکەین و ئەم هەواڵە خۆشەیان پێبدەین؟
- جارێ هیچمان لانییە، تا دەگەینە هۆتێل.
- دەبێ ئەو شۆفێرە وێمانی نەدا؟
- نا، باوەڕناکەم، شتی واناکات.
- پرسیاری لێ ناکەیت؟
- نا، پێویست ناکا، دڵنیام نایدات، چونکە قاچاخچییە و خۆی کەشف ناکا. پەلەمەکە، تا دەگەینە شوێنی خۆمان.

ئێمەی برسی هەناو خاڵی، جارجار لەگەڵ ڕاپە بولگارییەکان دەست دێنین و دەبەین، دڵخۆشین و باشمان بڕیوە، تاوناتاوێ وێنەی کوردستان و بنەماڵە و دۆست و هاوڕێیان دێتەوە یادمان، گریان و دڵتەنگی ئەوان ئێمەش ماندوو دەکا. لە نێو ئەو ئۆتۆمبێلە شتێکم هاتەوە یاد، ئاخەر بۆ دەبێ هێندە ڕووداوە ناخۆش و نەخوازراوەکان بێتەوە یادم، لەم نامۆیی و دوورییەدا؟ هاوڕێیەکی کۆچبەرم دوو ساڵ لەوەو پێش بەم ڕێگەیەدا هاتبووە خاکی بولگاریا، لە نێو ئۆتۆمبێلی بولگاریدا بوون، بە هۆی تیژڕەوی و خێرا ڕۆیشتنەوە ئۆتۆمبێلەکەیان وەرگەڕابوو و دۆخی تەندروستیان زۆر تێکچووبوو، هەموو هەوڵێکیان ئەوەبوو، ئاشکرابن، یا پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەن، پۆلیس بەهانایانەوە بێن و بەرەو نەخۆشخانەیان بەرن، دەست و قاچ شکاویان تێدابوو، ئەم باسە لە نێو هزرم دەهات و دەچوو، هەر لە نێو دڵی خۆمدا، دەموت: خودایە بە سەلامەت گەیشتووینە ئەم بولگاریایە، بەم شێوەیەش سەلامەت بین و تووشی ڕووداوی نەخوازراو نەبین، نەک خۆمان بەڵکو دایک و باوک و خوشک و براکانمان، توشی نارەحەتی و دڵتەنگی زۆر دەبن، خۆیان بۆ هەواڵی هاوشێوە و ناخۆش ناگرن.

بەدەم گوێگرتنەوە لە ڕاپی بولگاری ڕێدەکەین، تابلۆی بەرانبەرمان پێمان ڕادەگەیەنێ سەد و هەشتا کیلۆمەترمان ڕێگە ماوە تا دەگەینە سۆفیا، لەم ڕێگایەدا، هێندێ شت سەرنجمان ڕادەکێشێ

- بەڵێن، سەیری ئەم دیمەنە بکە؟
- بە وردی لێی دەڕوانم.
- ئەی ئەم ڕێگا پان و فراوانەت بینیوە؟
- بەڵێ، یەک و هەزاری فەرقە، دەگەڵ ڕێگاکانی ئێمە.
- پاکی ڕێگاکان، سەرنجی ڕاکێشاوم.

- قوربان، هەر هی تۆ نا، هی منیشی ڕاکێشاوە. تۆ ئەو باڵاخانە بەرزانەت بینیوە؟
- بەڵێ، تایبەتە.
- دەڵێی بەشێکە لە بەهەشت.
- با بگەینە سۆفیا، بزانین لەوێ چ باسە.
- بەو تیژ ڕەوییە بڕۆین، هاکا گەیشتین.
- مەگەر ڕێگاکانی ئێمە هێندە باش بێ، بۆ ڕۆیشتن!
- نەبابە!

پێشتر بە پێ ڕێماندەکرد، ئێستا لە نێو ماشێنداین، ڕێگەی سێ سەد و پەنجا کیلۆمەتر دەبڕین، بولگاریا، وڵاتێکە لەنێو دارستاندا، یەکپارچە دارستان و جەنگەڵستانە، سەوز دەچێتەوە، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکە، گشتی دار و سەوزاییە، بەراوردی ئێرە و وڵاتانی عەرەبی چۆن دەکرێ؟ ئێرە لە سروشتدا هاوشێوەی بەهەشتە و عەرەبستانیش تەنیا دارێکی لێ ناڕوێ! ئەم جیاوازییە ڕووکەشییە پەیوەندی بەچییەوە هەیە؟ کە دواجار کاریگەری بەسەر تاکەکانی نێو کۆمەڵگەکانەوە دەبێ، چۆن دەڕوانن و دەژین، ئەم جیاوازییە لە لای خوداوەندە؟ یا بەڕێوەبەرانی وڵات ئەمجۆرەیان خوڵقاندووە؟ تۆ بڵێی خودا بەمجۆرەی دابەش کردبێ؟ ڕۆژهەڵات، هەمیشە خۆراکی ڕۆژئاواییەکان بێ؟ ڕۆژهەڵاتیان ئاواتەخوازی ژیانی ڕۆژئاواییان بێ؟ ئەم پرسیارانە دێن دەچن، وەلێ جارێ وەڵامیان نییە. تا ئەزموونی وڵاتانی ڕۆژئاوا نەکەم، بۆم ڕوون نابێتەوە.

لەسەر تابلۆی لای ترافیکەکە نووسراوە، سۆفیا سەد کیلۆمەتر، دیارە باش ڕێدەکەین، دوو سەد و پەنجا کیلۆمەترمان بڕیوە و تەنیا سەد کیلۆمەتر ماوە، خەریکە دڵنیابین لەوەی بە سەلامەتی دەگەینە سۆفیا، کاتژمێر یازدەی

شەو لایداوە، لە دوای بڕینی ئەو هەموو ڕێگەیە، پۆلیس و بنکەی پۆلیسیمان بەرچاو نەکەوتووە، وێدەچێ بە ئاسانی بگەین.

ئەم دەنگدەرە دەنگ بەرزانە، بێزاریان کردووین، خەریکە لەم ڕاپە بولگاریانە تووڕەدەبین، خۆمان برسین، دەستم بۆ دوگمەی کزکردنی دەنگدەرەکان برد، کزی بکەم، شۆفێرەکە دای لەدەستم و دەنگی زیاد کردەوە. ئای لەو خوانەناسە، هەست بە دۆخی ئێمە ناکا؟ نازانێ چۆن و بە چ ڕێگەیەک هاتووین؟ یا دەزانێ، وەلێ بەهای مرۆڤمان بۆ دانانێن؟ بە ناچاری سەرم بەلای دەستە ڕاستی خۆمدا شۆڕکردەوە، بۆ ئەوەی کەمێ پشوو بدەم، چۆن پشوو دانێک؟ قاچەکانم لە نێو ئاو و قوڕدا تەزیون، سەرمای چەشتووە، ئەم ساردییە پەڕیوەتە نێو هەموو جەستەم، سەقف سلاید کراوەتەوە و بایەکی زۆر ساردی دێ، دەمەوێ دایخەم، شۆفێرەکە ڕێگەنادا، دەڵێ: گەرمایە، کەمێکی دیکە دەگەین، ئەو تریاکی کێشاوە و گەرمایەتی، ئێمەش ساردیمان چەشتووە، وەک شەق شەقە دەلەرزین، چەندی دەکەم، خەوم لێناکەوێ، ساردی چۆن دەرفەتی خەوت پێدەدا؟ مرۆڤ لە سارایدا ڕەق دەبێتەوە. ئۆف دیسانەوە ئەدگاری ناخۆشم هاتەوە یاد، چەند ساڵ لەوەوپێش، دوو برای کورد، لەگەڵ ژمارەیەک کۆچبەری دیکە، ڕێگەی ئەوروپا دەگرنەبەر، ئەو دوو برایە، لە کۆچبەرانی دیکە دادەبڕێن و تەنیا دەمێننەوە، تا هێندەی دەتوانن لە نێو جەنگەڵستان ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە، دواجار لە ساردی و سەرمادا ڕەق دەبنەوە، لە دوای ماوەیەکی زۆر، ڕێبەرێکی کورد لە کاتی گواستنەوەی کۆچبەران دەیانبینێ، مردنی ئەو دوو برایە، لە تەک یەک و شان لەسەر شانی یەکدی سەرنجی ڕادەکێشێ و وێنەیان دەگرێ، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوی دەکاتەوە، زانیاری لەبارەیانەوە دەخاتەڕوو و دەڵێ: ئەم دوو کۆچبەرە، لە

نێوان سنووری تورکیا بولگاریا لە سەرمان ڕەق بوونەتەوە، تکایە کەسوکاری ئاگادار بکەنەوە، لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، براکەی لە بەڕیتانیاوە دێ و تەواوی جەنگەڵستان دەگەڕێ، تا دەیاندۆزێتەوە و جەستەی مردوویان دەگەڕێنێتەوە کوردستان. لە نێو ئەم ئۆتۆمبێلە خەوم لێناکەوێ، پشووم بۆ نادرێ، لە نێو ساردی و تەزانی جەستە، کوا پشوو دەدرێ؟

# پایتەختی ڕووناکی

سۆفیا، پایتەختی بولگاریا، شارێکی مێژوویی دوو هەزار ساڵەیە، لەسەر ڕووبەری (٤٩٢) کیلۆمەتر دووجا، زیاتر لە ملیۆنێک خەڵکی لێ دادەنیشێ. سەوزایی و ئاو، بەسەر ئەم شارەدا زاڵە، لەهەموو کوچە و کۆڵان و شەقام و ماڵ و باڵەخانەیەک، سەوزایی و ئاو بەرچاو دەکەوێ و چاوەکانت دەگەشێنێتەوە. تەنیا بیست کیلۆمەترمان ماوە، بگەینە ئەم شارە ڕووناکە، لەوەدەچێ دە خولەکی دیکە بگەین، بۆ دواوە سەرم سوڕاند، وتم:

- بەڵێن، پازدە بیست خولەکی دیکە دەگەینە سۆفیا، لە شوێنێکی باش و ئارام پشوو دەدەین.
- بەڵێ، تەخت لێی دەخەوین و تا ماندوویەتی جەستەمان نەڕوا، هەڵناستین.
- خەریکە ناخۆشییەکان تێدەپەڕن.
- پەنا بەخودا!

بەدەم قسەکردنەوە بووین، بەڵێن وتی: گەیشتینە نێو سۆفیا، سەرم بۆ پێشی سەیارە وەسوڕاند، پێشوازی لە میوانان دەکرێ بۆ ناو سۆفیا، سۆفیا چ سۆفیا؟ پایتەختی باڵەخانە و کۆشک و تەلار، سۆفیای سەوازیی و دارستان، سۆفیای درەوشاوە و ڕووناکی، ئەو سۆفیایەی بۆ ژمارەیەک کۆچبەر بەدبەختی و بۆ ژمارەیەکی دیکە دڵخۆشی هێناوە، بە کۆبیر و سەرنجەوە بەملاولای خۆمان دەڕوانین، ئەو بینا و باڵەخانانە لە نێو ئەو هەموو دارە سەوزانە دروست

کراوە، ئەمە چ ژینگەیەکە بولگاریا هەیەتی؟ داخۆ بەشێکی سروشتی بەهەشت نییە لێرە ڕوابێ؟ بیرمان لەوە دەکردەوە دەبێ لە نێو کام باڵەخانە بمێنینەوە و پشوو بدەین، لە نێو هەرکامیان دابین ماندوویەتی ڕۆح و جەستەمان نامێنێ، لە چوارڕیانێکدا لاماندا، دیاربوو لایەکی بەرەو سەنتەری شار و بازاڕ دەڕۆیشت، لە لای پارکینگێکی گەورە نێو هۆتێلێکی مەزن، هەردوو سەیارەکە وەستا و شۆفێرەکە دابەزی، لە دڵی خۆمان وتمان کەمێکی دیکە دەچینە نێو ئەو باڵەخانەیەوە، هێندەی نەبرد، شۆفێرێکی دیکە هات و بەخێرایی دەستی بە لێخوڕین کرد، ئەو دەستی دەستییەی شۆفێران بۆئەوە بوو، گومانیان کەم لەسەربێ و بە ئاسانی نەناسرێنەوە و کێشەیان بۆ دروست نەبێ، بە نێو ئەو ڕێگا فراوانەدا ڕۆیشتین، لە پارکینگێکی دیکە وەستان و وتیان دابەزن، هەموو کۆچبەرانی نێو هەردوو ئۆتۆمبێلەکە دابەزین، بەو خەیاڵەی بەرەو باڵەخانەی بەرانبەرمان دەڕۆین، کەچی خستیانینە نێو دوو تاکسی گەورەوە، شۆفێری تاکسیەکەی ئێمە، پیرەپیاوێکی لەڕولاوازی تەمەن پەنجا ساڵ دەبوو، هەشت کۆچبەر لەنێو ئەم ئۆتۆمبێلەداین، هاوژینە ئیسفەهانییەکە لای ئێمە بوون، لە دوای چەند خولەک ڕۆیشت، وەستا و هاوژینی کچە وردیلە ئیسفەهانییەکەیان ناردە نێو تەکسییەکەی دی، چەند جار لەسەر ڕێگا فراوانەکاندا هات و چوو، لە لای سککەی شەمەندەفەرێکەوە، خۆی کرد بە کوێرە ڕێیەکدا، کە بەتەک سککەکەدا دەڕۆیشت، دەوروبەری دوو خولەک بەوێدا ڕۆیشت و لە خێرایی ڕۆیشتنەوە وەستا و ئێمەی بەپەلە دابەزاند و وتی: لەم سککەیە بپەڕنەوە لای ئەو کابرایەی ئەوبەر!

## خانووی قەرەجەکان

بەڕاکە ڕاک، بەسەر سککەی شەمەندەفەردا ڕۆیشتین، کچە وردیلە ئیسفەهانییەکە، توانای ڕێکردنی ئەو کەمە ڕێگایەی نەبوو، لە هەوڵی هاتندابوو و بیریشی لای هاوژینەکەی بوو، ئاوڕی دەدایەوە بزانێ ئەو کەی دەگات؟ بەپەلە پروزێ گەڕامەوە دەستیم گرت و دەگەڵ خۆمدا هێنام، هەر دەیوت هاوژینەکەم هاوژینەکەم، وتم: بوەستە ئەویش دەگات. لەوبەر چاوەڕێمانن گەیشتینە لای، ژنێکی ڕەشتاڵە و پیاوێکی چوارشانەی هێندەی دووکەسی دەبوو، گۆ گۆی دانا، سەیری ئەملاولامکرد، هیچ خانوویێک نییە؟ دەبێ بچینە کوێ؟ لە کوێ بمێنینەوە؟ تاکسییەکەی دیکە بۆ نەهات؟ ئەو پیاوە دووکەسییە، ئێمەی وەپێش خۆیدا، بەرەو کولانە خانوێک، لە ڕاستیدا خانوو نەبوو، تەویلەی مەڕومالات بوو، بەپەلە ئێمەیان پاڵ پێوەنا بۆ نێو ژوورەوە، ئاژەڵ ئاسا خستیانینە نێو خانووەکە، بگرە لە ئاژەڵ خراپتر مامەڵەیان لەگەڵ کردین، چونکە ڕێزی ئاژەڵ دەگیرێ، لانی کەم دەڵێن هۆشیاربە، با سەرێک مردار نەبێتەوە، بە هێمنی بیانخەنە کولانەوە!

دەرگای کولانەکە، دەرگایەکی داری سێ پارچەی شکاوی لێکدراو بوو، کە چووینە ژوورەوە، براڕۆ ناخۆشە؟ سەد خۆزگە بە ڕێگەی هاوشانی پیاوە تاتۆکە! گێچی ژوورەوە هی سەردەمی پێش زانین بوو، بە دەیان پارچەی سەقف و دیوارەکانی بەربوۆوە، چوارچێوەی پەنجەرەکانی دار بوو، لە جیات شوشە، بلۆک دانرابوو، لەدیوی دەرەوەش پەنجەرە و شوشە و پەردەی پێوەبوو،

ئەملای ژوورێک و ئەولای دەبلیوو سی بێ ئاو و داشقە بوو، ئەرزەکەی خۆڵ و چیمەنتۆ تێکەڵ بوو، تەنیا پارچە پەڕۆیەکی تەنکی لەسەر ڕاخرابوو، سام گرتبووینی، ئەمە چ خانوویکە؟ چ شوێنێکە دەبێ پێشتر کۆچبەر لێرە مابێتەوە؟ دەبێ تا کەی لێرەبین؟ خۆمان بەو حاڵە شپرزەیەوە، گەیشتووین بەم شوێنە خراپ و نابووتەوە، هێشتا قاچمان لەدومان نایە، تا بەتەواوی بچینە ژوورەوە، لە لایەک شوێنەکەمان بەدڵ نییە، لە لایەکی دیکە چاوەڕوانی کۆچبەرەکانی دیکەین، ئەوانیش گەیشتن! ئێستا دەبێ بە پێڵاوەوە بچینە ژوورەوە، ئەی داد و بێداد، لانی کەم، پێڵاوەکان نابەینە شوێنی نووستنمان، با لای دەبلیو سی داینێین، کەمێک قاچەکانمان پاک کەینەوە، جلوبەرگمان وەگۆڕین، تا بتوانین کەمێ پشوو بدەین، قاچم لە نێو ئەو پێڵاوە دەرهێنا، کە نزیکەی سی و شەش کاتژمێرە لەنێویدایە. ئێستا بووە بەبەلەم، پێیەکانم چرچ بووە، بچووک بۆتەوە و ڕەنگی گۆڕاوە، سپی سپی بووە، کۆچبەران بە نابەدڵی خەریکن جلوبەرگیان دەگۆڕن، دەست و دەموچاو و قاچەکانیان دەشۆن، هاوکات سەیری ئەو ژوورە دەکەن، وڕماون، لەو شوێنە، بولگاریا ئەم شوێنەی هەیە؟ دەبێ ئێرە شوێنی کێ بێ؟ بۆ چ بەکاربێ؟ ئەمە شارستانیەتی ئەوروپایە؟ تەزیوین و بە ئاوی بەستوو خۆمان پاک دەکەینەوە، لە دوای پاکبوونەوەمان چووینە ژوورە تایبەتییەکە، ئەو ژوورەی جێگەی چوار کەسە و پازدە کۆچبەری تێدایە، لە دیوار نزیک بووینایەوە پارچەی لێ بەردەبۆوە، هەمووومان دەلەرزین، داوای گەرمکەرەوەمان لە پیاوە دوو کەسییەکە کرد، ئەویش ژنەکەی نارد و هیتەرێکی بچووکی گەرمی بۆ هێناین، پێکرا و شوێن نەما، دەست و قاچی لەبەرانبەر دانەنرێ، لە پڕدا پارچە گێچێکی سەقفەکە بەسەرمنادا کەوت، کۆچبەران بە پێکەنییەوە، شوکری خودا بکەن، سەقفەکە خۆی نەهاتە خوارەوە! کۆچبەران سەیری یەکدی دەکەن و بە کۆبیرەوە دەڕوانن، چاوەڕوانی چییان

دەکرد و چیان بینی، ئەمەیە دەڵێ: ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان لە خەیاڵێ، ئەم گەرمگەرە بچووکە، بە ئاسانی جەستەی تەزیومان گەرم ناکاتەوە، گەرمکەرەوەکە تەنیا بیست سانیتم درێژ و هەشت سانتیم پان، چۆن توانای گەمکردنەوەی پازدە کۆچبەری دەبێ؟ کۆچبەرانی جەستە سڕ بوو، لەسەر پەرچەیەکی تەنک دانیشتوون، نەک جەستە، بەڵکو زەوی ژێریشمان تەزیوە، ئەگەرچی کۆچبەران جلوبەرگە تەڕەکانیان داکەندووە و جلوبەرگی پاک و تەمیزیان لەبەرکردووە، وردە وردە جلی زیاتر بەسەر خۆیان هەڵدەکێشن، تا سەرمایان نەبێ، جانتاکانیان لە ژێر خۆیان داناوە، ئەو کۆچبەر سیلەی دەداتێ و بەردەم گەرمییەکە چۆڵ دەکات و ئەم دەچێتە بەردەمی، تەنیا تەقسیمێکی کارەبای دوو کونی لێیە، مۆبایلەکانمان هەڵدایە ژێر شەحنی کارەبا.

# من و دایکم

پیاوە زلوزەلامەکە هاتە ژوورەوە، سیمکارتێکی ڤیڤاکۆمی بولگاری وەمندا، بەپەلە هەڵمدایە سەر مۆبایلەکەم، سەیرم کرد، کاتژمێر یەک و دوازدە خولەکە، زەنگێکم بۆ باوکم لێدا! زەنگ دەڕوا، تووت، تووت! وەلێ وەڵام نییە! لەدڵی خۆمدا، وتم: شایەد نووستبێ، ئەمجارە ژمارەی دایکم گرت، لە یەکەم زەنگ وەڵامم وەرگرت، دیاربوو هەروەک ڕاوچی چاوەڕوانی نێچیر دەکا، لەگەڵ هاتنی بیکوژێتەوە، ئاواش چاوەڕوانی تەلەفۆنی دەستی منە.

- ئەلۆ، سڵاو دایکە گیان!
- گیان، گیان، گیانی دایک، زامدار لە کوێی؟
- دایکە گیان، بە سەلامەتی گەیشتووینە بولگاریا، ئێستا لە نێو خانوێکدا پشوو دەدەین.
- کوڕم، خەریکە دڵم دەتەقێ، بە خودا بەرگەی دوریت ناگرم، بگەڕێوە.
- دایکە گیان، چاوانت ماچ دەکەم، لە سۆفیای پایتەختین.
- تۆ هەر دووردەکەویتەوە، دەتەوێ من دڵخۆش بم؟
- ئازیزم، دڵنیابە لە دوای خوێندنی ماستەر دەگەڕێمەوە.
- بە فرمێسکەوە، گەیشتنە شوێنی خۆیان؟
- بەڵێ، چەند خولەکێکە گەیشتووین.
- ئەی چ دەکەن؟
- بڕیارە لە نزیکترین دەرفەت، بەرەو ڕۆمانیا هەنگاو بنێین.
- تخوا، زیاتر مەڕۆ، بگەڕێوە، بەرگەی دووری تۆ ناگرم، دوو ڕۆژە ڕۆیشتووی کەچی بە ئەندازەی هەزار عیسای مەسیح، لە خاچ دراوم!

- دایکی من، ئێستا کەی کاتی ئەم قسانەیە؟ دەرفەتی زۆر قسەکردنم نییە.
- کوڕی شیرینم، وەک چۆلەکە باڵەفرەم کردی، ئێستا گەورە بوویت و باڵت گرتووە، جێمدێڵی؟
- خوداهافیز.
- بوەستە، لەوکاتەوەی ڕۆیشتووی فرمێسک لە چاوانم نەوەستاوە، هێز و توانام لێبڕاوە. توخدا بگەڕێوە، مەبە هۆی مردنم! سەکتە لێمدەدا.
- دایکی خۆشەویستم، خۆم لە دۆخێکی باشدانیم، تۆش بۆ هێندەی دیکە دڵم تەنگ دەکەی؟
- بە گریانەوە، سوێند بە خودا، وەک ئەو دایکەم لێدێ، کاتێ کوڕەکەی گەیشتە شوێنی خۆی، بە دڵخۆشییەوە زەنگی بۆماڵەوەیان لێدا، بۆئەوەی هەواڵی گەیشتن بە دایکی بدا، بەرلەوەی هەواڵەکە بگەیەنێ، پێیانوت: لە دووری تۆ، دایکت مردووە! ها ئەوە باوکت قسەت لەگەڵ دەکا.
- ئەلو، بەڵێ کاکە/ باوکە.
- لە کوێن؟ گەیشتنە کوێ؟
- گەیشتووینە بولگاریا، سەلامەتین و لە خانووێکداین، ئەمشەو پشوو دەدەین.
- زۆرباشە، خۆ ئازارتان زۆر نەبینی؟
- نا، باش بوو، دەرفەتی قسەکردنم نییە، سبەی قسەدەکەینەوە. شەوشاد.
- ئاگات لە خۆت بێ، شەو و شەوگارت شاد.

ئاسوودەم، هەواڵم گەیاندە دەمی ماڵەوە، دڵتەنگیشم گوێم لەم قسانەی زاری دایکم بووم، باوکی دیمەن، کاک زامدار ئەو تەلەفۆنەم پێبدە، زەنگ بۆ باوکم لێدەم، بفەرموو!

# هوتێل نیکی

پیاوە گەورەکە، دەهات و دەچوو، ئێمەی کۆچبەران داوای خواردنمان لێکرد، وتی: پارە! کێشە ئەوە بوو، ئەو زلوزەلامە هیچ زمانێکی نەدەزانی جگە لە زمانی بولگاری، تەنیا دەیزانی بڵێ: "money" پارە! کێشە نییە، پارە دەدەین، وتی: یەک سەندەویچ بە پێنجە، پێنج! لای ئەو تەنیا پارەیەک پێنجی لەسەر بوایە، قەبوڵی بوو، گرنگ ئەوەیە پێنج بێ! جا پێنج دۆلار بێ، یا پێنج یۆرۆ، یا پێنج لیڤەی دراوی بولگاری! ئێمەی کۆچبەران تەنیا یۆرۆمان لابوو، یەکدی پێنج یۆرۆماندا، داوای نۆ سەندەویچمان کرد، چل و پێنج یۆرۆیان لێ سەندین، دە یۆرۆشیان بۆ کرێی تەکسی ڕێگە لێ سەندین، لە دوای نیو کاتژمێر سەندەویچێکی هێنابوو، لە خانووەکەی خۆی خراوتر بوو، باوەڕماندەکرد گشت سەندەویچەکانی بە پێنج یۆرۆ کڕیبێ، کە دەکاتە دە لیڤە. سەندەویچەکی بچووکی ڕەق، چەند پارچە سوسی تێدابوو، دەگەڵ دوو قاش خەیار و تەماتە، بە نابەدڵی خواردمان، یەک دوو کۆچبەر هێڵنجیان هات و نەیان خوارد، پیاوە پانوپۆڕە تۆقێنەرەکە هەر لامان بوو، ژنە هاوڕێکەی بانگی کرد، وتی: نیکی، نیکی، نیکی! لەوێڕا بۆمان دەرکەوت، ئەو پیاوە تۆقێنەرە نیکی ناوە.

وردە وردە فێر بووین، نیکی نیکی بانگی دەکەین، نیکی شێوەی عەسابە قەڵەوەکانی دالاس تەکساس و مەیامی دەدا، زیاتر شێوەی بە لای عەسابەکانی مەیامی دەچێ، بالای سەد و هەشتا سانتیم دەبوو، پانیەکەی کەمێ لەخوار

درێژییەکەیەوە بوو، بە تەنێ ورگی شەست کیلۆ دەبوو، سەرێکی زلی پۆلاینی هەبوو، چاو گەورەی دەرپەڕیو، تیشێرتێکی ڕەشی گەورەی چوار مەتری لەبەردابوو، سێ چارەگێکی ڕەشی کون کونی کۆنی خراپتر لە تیشێرتەکەی لەبەردابوو، پێلاوێکی هاوشێوەی کەشتی بەسەر پێیەکانییەوە بوو، تەنیا پێنج پەنجەی قاچی تا نیوەی لە نێو پێڵاوەکانیدابوو، مستی بە ئەندازەی جووتەی هێسترێک بە هێز بوو. لە بانگی ئێمەدا نیکی هاتە ژوورەوە بە دەنگی بەرز، دەستی بۆ لای دەمی بەرز کردەوە، هشـــش، یانی بێدەنگن، ئەمجارە دەستی بادا و وتی: نۆ نیکی! ئۆڵ فاک! ئۆکەی؟ ئێمەش دەستمان بۆ بە سینگەوە گرت و وتمان ئۆکەی ئۆکەی، بەسەرچاو! ڕوومان لە یەکدی کرد، وتمان با بە قسەی بکەین، تا سوارمان نەبووە!

ئەم کابرا عەنتیکە، قاچاخچییە! تەواوی پۆلیسی بولگاریا بێن، بۆیان دەستگیر ناکرێ، عەزەڵاتی دەستەکانی وەک سەرینی خرِی کۆنی کوردەواری گەورەیە، دەستێکی ڕەشی قورس، بە هەر کەسی بکێشێ وەک کەپس لە ئەرزی دەدا. لای خۆمانەوە بەرانبەر یەکدی قسە دەکەین، کەس زاتی نەکرد، بڵێ ئەو ساندەویچە بەسەرچووە، بێتام و ناخۆشە، ئەمە کەی خواردنی مرۆڤە؟ یەکی پێنج یۆرۆت لێ سەندین، کەچی خواردنی داشقەترین چێشتخانەت بۆ هێناوین، بەڵێن وتی: سوێندی شەرعی دەخۆم، چاوی بە چێشتخانە نەکەوتووە، ئەو ژنە هاوکارەی ئامادەی کردووە، ئەم سویسە خاوە، قاشی تەماتە و خەیارەکە گەورەیە، بە نانی خواردنگە ناچێ.

دیمەن، دیما، سەیران و خانمی هاشمی، بومەلەرزە لە ناخیاندا ڕوواوە، سەرمایانە، ئێمەش ئەمجارە بە هێمنی وتمان: "پلیس، پلیس"، بە دەست هێمامان بۆ سەرمابوونی ئەم چوار کەسە کرد، نیکی بە مۆڕەیەکی بەرازانەوە، سەیری کردین، کەمێ هاتە پێش و وتی: ئۆکەی و ڕۆیشت. کاتێ نیکی

دەچووە دەرەوەی ئەو کەلاوە خانووە، زنجیرێکی درێژی لە دەرگا دارە سێ پارچەییە چڵکنەکەی دەدا و قوفڵێکی گەورەی لێدەدا! لە کاتێکدا نەک خۆت بە دەرگاکە دادابا، بەڵکو پاڵێکت پێوەنابا، ورد و خاش دەبوو، وەک تەپەدۆر هەڵدەوەری، لە دوای کەمێک بەڕێز کاک نیکی گەڕایەوە، گوایە پەتۆی هێناوە، پەڕۆیەکی تەنکی بەسەر شانی دا شۆڕکردبۆوە، کۆتایی ئەو پەتۆیە! تا نزیک ورگە شۆڕبووەکەی هاتبوو.

ئەمشەو زۆر ماندووین، پشوو بدەین بزانین سبەی چیمان لێ بەسەردێ، کۆڵمان لە کۆڵ ئەو زرتە زەلامە بێتەوە، ئەمەیە دەڵێ "سندانمان تەواو کرد، نۆبەتی قولزەرقورتە!"، هاوڕێیان ئەوە چۆن بخەوین؟

- سەیران: بەجددی بیرتان لەوە کردۆتەوە، لەم تەویلەیە چۆن خەومان لێدەکەوێ؟
- کۆچبەران: هەرچۆنێ بێ، دەبێ بخەوێن!
- سەیران: ماندوو و شەکەتین، ئەو منداڵانەش هیلاکن، با بخەوین.
- کۆچبەران: زۆر باشە.. هاوڕێیان هەریەکە شوێنێ بۆ خۆی دیاریکا و لێی بخەوێ.
- سەیران: من و هاوژین و دوو منداڵەکەم لە پاڵ دیوارەوە ڕادەکشێین، خانمی هاشمی و ئاغای ڕەزایی لە تەکمان، ئێوەش لەولاوەترەوە، درێژبن.
- فەرموون، ئێوە پشوو بدەن.
- سەیران: بەخوا من لێرە ناخەوم، هەزار زیندەوەری لێیە، ئەو دیوارەش هەڵدەوەرێ، پیاوەکە وەرە تۆ لای دیوارەوە بخەوە.
- خەریکە درێژ دەبن و پشوو وەردەگرن. سەیران خانم، دیمەن و دیما چۆنن؟

- داماوانە چۆن بن؟ تەواو ماندوو و شەکەتن، هەموو جەستەیان ئازارە، خەریکم وردە وردە، قاچەکانیان بۆ دەشێلم!
- هیوادارم باش بێت.
- زۆر سپاس.

دیمەن و دیما، ڕەنگیان تەواو تێک چووە، کەمێک ڕەش بوون. دیمەن ڕوومەتی خەتێکی برینی تێکەوتووە، یەکێ نەزانێ یەژێ ئەمە بۆ چەقۆی بەرکەوتووە؟ شوێنی هەنگەکانی لادەستی گەورە بووە و سوور هەڵگەڕاوە، زۆر ماندوو بووە، بە هێمنی دەڵێ دایە و باوە چۆکم دێشێ، ئەوانیش خەریکە دەستی لە چۆکی دەدەن و دەیهێنن و دەیبەن، دیما کە بچووکترە، وڕ بووە، هۆشی لە هیچ نییە. تەنیا سەیر دەکات و دەڕوانێ.

لە گفتوگۆ بەردەوامین، بیرەوەری ڕێگە دەگێڕینەوە لە هەندێ کاتدا پێدەکەین و لە هەندێ کاتدا خەم داماندەگرێ. بە پێکەنینەوە، کاکە محەمەد خۆش بوو، شەقی چاکی لەو ڕێگەیە خوارد، ئەو کورتە باڵایە، لە ئێمە خێراتر دەڕۆیشت، ئەوە چۆن فریا دەکەوت، بەڵێن بە پێکەنینەوە وتی: کاکە ئێوە ئاگاتان لێ نەبوو، لەنێو توتڕکەکان لەگەڵ ئاکام هەڵمانگرتبوو، بەس دەیگوت بە سەلاح نەڵێن! هەمووی دامان لە قاقای پێکەنین! ئای لەو ڕێبەرە، ئێمە هەر لە خواوە ڕزگارمان بوو، دەنا ئەو محەمەدە هی ئەوە نەبوو ئێمە بگەیەنێتە بولگاریا، ئاکام بێدەنگی شکاند و بە زەردەخەنەوە وتی: دوو ڕۆژی دیکە لای برادەرانی قسەی قەڵەو دەکا، سینگی دەردەپەڕێنێ و بەو جەستە بچووکەوە یەژێ وەجبەی کۆچبەرانم گەیاندۆتە بولگاریا.

سەرکار، هاوڕێیان دوو شەو لەوە پێش لە کوێ بووین، ئێستا لە کوێین؟ بەم ڕێگە ناخۆشەدا هاتین. لەبەرخۆیەوە وتی: هەندێ شتیشی خۆش بوو! ئەمجارە پێکەنین باڵی بەسەر کۆچبەرانی نێو ئەو تەویلەیەدا کێشاوە. دە

مۆبایلێک دەربێنن، وێنەی یادەوەری تۆمارکهی‌ن، وێنە دەگرن، بیکەن بە سێڵفی با گشتمان دەرچین. بە مۆبایلی جیاواز، وێنە تۆماردەکرێ، کورتە ڤیدیۆش تۆمارکرا، پێکەنین لەسەر جەستەی ماندووەوە دەرچووە!

ئێمەی کۆچبەران، هەریەکە پەیوەندیمان لەگەڵ قاچاخچییەک هەبوو، لە ڕێگەی پیاوی تاتۆکەوە کۆچبەرانی ئەو قاچاخچییانە کۆکرانەوە و بەیەکەوە ڕێگەمان بڕی، لەم کەلاوە خانووەدا، هەریەکە بە جیا بیرمان لەوە دەکرەوە، سبەی زوو پەیوەندی بە قاچاخچی خۆمانەوە بکەین، بۆ ئەوەی بە زووترین کات بەرەو سڕبیا یا ڕۆمانیامان بنێرن. سەیران، ئەمشەومان لێ بڕۆیشتبا، خوا گەورەیە بۆ سبەی!

لەو قسەوباسانەدابووین، زۆر بەڕێز نیکی دەرگا شڕەکەی کردەوە و هاتە ژوورەوە، ئێمە بێدەنگ بووین، لەسەر دەرگاوە، سەیری کردین و دەستی لە ژێر سەری دانا و چاوی داخست و پرخە پرخی کرد، یانی کاتی نووستنە و بخەون. دەیخواست ئێمە بخەوین بۆ ئەوەی کەس هەست نەکا، ئێمەی کۆچبەران لێرەداین، گەر لە نووستنی ئێمە دڵنیابێ، خۆشی پشوو دەدا و دەخەوێ، ئێمەش ئۆکەی، ئۆکەی! دەستبەجێ لە هەمان شوێن خۆمان لێی ڕاکشاین و جانتاکانمان خستە ژێر سەرمانەوە وەک سەرین دامانناْ، چاوەکانمان داخست، نیکی چۆوە دەرەوە، ئێمەش هەڵساینەوە!

هەستنەوە، هەستنەوە، نێرەکەر نیکی ڕۆیشت. ئاکامی بێدەنگ وەقسە هات، ئەمشەو لێدانێکی باش دەخۆین، کاکە بخەون، بەو ماندوویەتییە دەتانەوێ چ بکەن؟ بەسەرچاو کاک ئاکام، فەرمان دەکەیت، ئێستا دەخەوین. ڕێککەوتین، لە دوای ماندووبوونێکی بێ شوومار، پشوو بدەین. لە تەک یەکەوە، پاڵمان بەیەکەوە داوە، یەکێک سەری لای چەپی ژوورەکەیە، ئەوەی دیکە، سەری لای ڕاستی ژوورەکەیە، پێیەکانمان نزیک دەمی یەکدی بوو، بەمشێوە

نەبوایە، جێگامان نەدەبۆوە، ئاواش شوێنی وەسوڕانی خۆمان نەبوو، ئەو ژوورەی لێ دەخەوتین، ژێرەکەی هەڵبەز و دابەزی زۆری هەبوو، تەخت نەبوو، بەرد و چیمەنتۆی بەرزی ژێرمان، بێزاری کردبووین، زۆرمان ئەمدیو و ئەودیو کرد، تا خەومان لێکەوت، یەک تەختە، کەفت ماندوو خەومان لێکەوت، جاروبار لە سەرما، یا پاڵ پێوەنانی کۆچبەرانی تر، هۆشمان دەهاتەوەبەر، دەوروبەری کاتژمێر حەوتی بەیانی گشتمان هەڵساین. لە ژوورەوە بەرەو ژووره قوڕاوییە پێڵاو لێدانراوەکان هاتینەدەر و لەوێڕا بەرەو کونێکی بچووک هەبوو، گوایە ئاودەستە، تەنیا بۆڕی ئاوی لێ بوو، دەگەڵ داشقە کونجێکی سپی، شکاوی، پیسی، ڕەش هەڵگەڕاوی بۆن گرتووی پیسایی، دانە دانە دەچینە ئەم کونە بچووکەوە، شۆره شینە لاسەر شکاوەکەمان دەکردەوە، دەستوچاومان دەشۆرێ، ئەوسا بەرەو تەویلەی وارمان دەچووینەوە ژوور، وەپاڵ دیوار ڕوو لە یەکدی دانیشتووین و قسە دەکەین، جاروبار، پارچە گێچێکی دیوارەکە دێتەخوارەوە.

ئەو هاوڕێیانەی سیمکارتی (تورک سێل)ی نێودەوڵەتیان لابوو، دەستیان کرد، بە تەلەفۆن و تەلەفۆنکاری، دەگەڵ کەس و کار و قاچاخچی قسەیان دەکرد، قاچاخچی هاوژین و دوو منداڵەکە، پەیوەندییان دەگەڵ قاچاخچی گرت و بەڵێنی پێدان، شەو بەرەو ڕۆمانیا بەڕێیان کات. هاوکات، قاچاخچی حەمە کەرکووکی وتبووی: ڕێگەی ڕۆمانیا داخراوە، دەرچوون نییە، لەبەرئەوە بەرەو سڕبیات ڕەوان دەکەم، لەوێڕا بۆ ڕۆمانیا دەتنێرم. ئێمە پازدە کۆچبەرین و پێنج قاچاخچیمان هەیە، دوو کەس و سێ کەس و چوار کەس، لەگەڵ قاچاخچییەکدا ڕێککەوتووە، هەموو قاچاخچییەکان دەیانوت ئەمشەو لەو شوێنە دەردەچن و بەرەو وڵاتێکی دیکەتان دەنێرین. من و ئاکام و بەڵێن و سەرکار، قاچاخچییەکمان هەیە، پەیوەندیمان پێوەی کرد، دڵخۆشی خۆی دەربڕی بەوەی گەیشتووینە سۆفیا و بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدا، وتی: کاکە لە سەرەتاوە وتم

ئیشی من جددییە و کۆچبەرانم بە سەلامەت دەگەنێ، ئێوە سەلامەتن و گەیشتوون، تەلەفۆن بۆ کەسوکارتان بکەن، یەکی دوو هەزار دۆلارم بۆ ئازاد بکەن، هەر ئەمڕۆش یەکی هەزار و نۆ سەد دۆلار کرێی ڕێی بولگاریا ڕۆمانیا لە نووسینگە دانێن، تا شەو بەڕێتان کەم. لە ڕاستیدا، باوەڕمان بە قسەکانی کرد، چونکە ئەو قسانەی لە نێو هۆتێلەکەیدا کردی، جێبەجێی کرد، کاتێک وتی سبەی ئێوارە بەرەو بولگاریا دەڕۆن، ڕاستی کرد. ئێمەش پەیوەندیمان بە ماڵەوە کرد، یەکی دوو هەزار دۆلار ئازاد بکەن و هەزار و نۆ سەد دۆلاریش بۆ ڕێگەی بولگاریا ڕۆمانیا لە نوسینگە دانێن، زۆر باشە. ئێمە لەگەڵ قاچاخچییەکەمان ڕێککەوتین و پارەکەمان لە نووسینگە داناوە، بڕیار دەبێ شەو بەڕێکەوین. کۆچبەرانی دیکەش، لەگەڵ قاچاخچییەکانیان لە پەیوەندیدان، هەموومان هەواڵی خۆشمان وەرگرتووە، ئەمشەو دەڕۆین.

هاوژینە فارسەکە، بەیەکەوە مقۆمقۆیان بوو، قسەمان لەگەڵدا کردن، وتیان یەکی نۆ هەزار دۆلارمان لە نووسینگە داناوە، تا ئەڵمانیا، کەچی ژمارە تەلەفۆنی ئەو کەسە داخراوە کە لەگەڵی ڕێککەتبووین، تەنانەت ژمارە تەلەفۆنی نووسینگەش داخراوە! گەنجە کۆچبەرەکەی سلێمانی یەکڕاست وتی بەخوا کڵاویان بۆ دووریون!

- ئاغای ڕەزایی: ئەو قاچاخچییە ناناسم، لەڕێی هاوڕێیەکەوە ناسیومە.
- کۆچبەران: تەلەفۆن بۆ ئەو هاوڕێیەت بکە.
- ئاغای ڕەزایی: ژمارەکەی خامۆشە، داخراوە!
- کۆچبەران: لەگەڵ خاوەن نووسینگە قسە بکە.
- ئاغای ڕەزایی: ژمارەی ئەویش داخراوە.
- کۆچبەران: ژمارەی کەسی دیکەت لانییە؟

- ئاغـای ڕەزایـی: نـەخێر، تـەنیا ژمـارەی ئـەو هاوڕێیـە و قاچـاخچی و نووسینگەم لایە.
- کۆچبەران: هاوار بە ماڵمان، ئاخەر ئێوە بەو گەمژەییەوە چۆن ڕێگەی ئەوروپاتان گرتۆتەبەر؟ لە سەرەتای ڕێگا بوون بە فلیم، فلیمی فارسی!
- ئاغای ڕەزایی: ئێوە دەڵێن من چی بکەم؟
- کۆچبەران: بوەستە تا ژمارەکان بەردەست دەبن.
- حەمە کەرکووکی: یەهووو، ئێستا دەڕۆم.
- کۆچبەران: دانیشە، کاکە حەمە بۆ کوێ دەڕۆی؟
- قاچاخچییەکەم برادەری پورزاکەمە، وتی: ئێستا یـەکێک دەنێـرم، لـەو کولانەت لابدا.
- بەخۆشی بێ.
- نەخشەبێ لە ئێوە.
- گەنجە کزولاوازەی سلێمانی: ئەوە لە دووی منیش دێن!
- کۆچبەران: گەر وابێ ئەمشەو ئێرە چۆڵ دەبێ.

لە نێو قسەداین، کەس بیری بە لای خواردن داناچێ، هەمووی خەریکە ئامادەکارییـە بـۆ ڕۆیشـتن. نیکـی وەژوور کـەوت، فـەرمووی هـای ئـۆڵ، ئێمـەی کۆچبەرانیش بە ڕێز و تەقدیرەوە، هایمـان بـۆی کـردەوە. دەسـتی لـە سـکیدا و دەستی بۆ دەمی دەبرد و ددانـی هەڵبـەز و دابـەز پێـدەکرد، بـە زمـانی جەسـتە پێی ڕاگەیاندین، خواردن ناخۆن؟ ئێمـەش بـە زمـانی جەسـتە قسـەمان لەگـەڵ کرد، یەک دوو کۆچبەری بە زار و بە زمانی جەستە، برسیەتی خۆیان نیشاندا، ئەمان بوونە دەمڕاست و چاوساغی خـواردنی کۆچبـەران، نیکـی، وتـی: ئۆکـەی، ئۆکەی، مۆنی مۆنی! سەیری یەکیان کرد و وتیـان ئـەی باوکـەڕۆ، دوێنـێ شـەو قـازانجی زۆری کـردووە، دەیـەوێ ئـەمڕۆش بمـان ڕوتێنێتـەوە، نیکـی ڕووی لـە

ئێمە کرد، ڕووی دەستی ئاراستەی یەکمان کرد و بە زار وتی وەن/ یەک، ڤایف/ پێنج، بۆ هەرکەسێک پێنج، جار گرنگ نییە ئەو پێنجە چ جۆرە دراوێک بێ؟ بە هەمان شێوەی دوێنێ شەو پارەی دەوێ. بەڵێن بە پێکەنینەوە، وتی: ئای داد و بێدار، دەستی بۆ لای سکی برد و دەستێکی بە ڕیشیداهێنا و کەمێک خۆی لار کردەوە و سەری شۆڕ کرد، واتە زۆرم برسی، لە وەڵامدا نیکی وتی: ئۆکەی، ئۆکەی! بەڵێن، وتی: نۆ مۆنی! نیکی خۆی لێ مرومۆچ کرد و بە تووڕەییەوە نەڕەیەکی شێرانەی بۆ کرد.

- بۆخاتر خوا، بەڵێن وەرە ئێرە، با توشی دەردی ئەم ورچە نەبین!
- هاوڕێیان، ئەوە چ خواردنێک دێنێ؟
- نازانین، تەنیا وتی ملکۆ، ملکۆ.
- شێخ عەبدولقادری گەیلانی ملکۆ چییە؟
- تا نەیەتەوە نازانین، وەلێ هێندە دەزانین دەخورێ.

لە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ نزیک دەبینەوە و نیکی بەدیارکەوت، دوو کیسەی بەدەستەوەیە، دوو کیسی درێژی نانی لە ژێر باڵەکانیەتی، لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی لێی چووینە پێش، دەڵێی: بابانوێڵە و سەریساڵی تازەی زاینییە و دیاری هێناوە، خواردنەکانمان لێی وەرگرت، سەیرمان کرد، دوو قووتوو ماست و شەش تەماتە و دوو کیس نانی هێناوە، دەگەڵ کۆکا کۆلایەکی ڕەش.

- ئای لەمە! سێ یۆرۆی بردووە، هێندەی خواردن هێناوە؟
- ئەم خواردنە کوا بەشی ئێمەی ماندوو دەکا؟ ئەمە خواردنی چۆلەکەیە!
- کاکە گلەیی مەکەن، گەر خواردنی نەهێنابا و نەگەڕاباوە، دەسەڵات هەبوو؟

- نەخێر. ڕاست دەکەی، چاک بوو هێنای.
- دیمەنی چکۆڵە، کاتێ نیکی بەرەو دەرەوەی دەڕۆیشت، وەقسە هات، باوکە، باوکە! ئەو پیاوە دەڵێی شرێکە، شرێک!
- کۆچبەران –بەدەر لە هاوژینە ئیسفەهانییەکە- دایان لە قاقای پێکەنین.

نیکی هاتەوە ژوورێ، دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و پەنجەی شایەتومانی بادا و وتی: ئۆڵ فاک!، ئەمجارە سوێندی بەخودا خوارد، دەنگیان بەرز بکەنەوە، سواری هەمووان دەبێ! کۆچبەران وتیان: سۆری سۆری، نیکیش بە تووڕەییەوە دەستی ڕادەوەشاند و سۆری سۆری؟ تەواوی کۆچبەران، بێدەنگ بوون، وەک بڵێی زمان لە دەمیاندا نەماوە. نیکی بەرەو دواوە گەڕایەوە و لە نێو کولانەکەدا چووە دەرەوە، کە دەرگای قوفڵ دایەوە، ئەوسا بە هێمنی بە قسەی دیمەنی بچووک پێدەکەنین، وترا تەنیا دیمەن نیکی ناسی، دەڵێی کۆپی شرێکە. جارجار، شرێک دەوترا و پێکەنین دەهاتەوە سەر دەموچاوی ڕەش هەڵگەڕاوی کۆچبەران. لە پڕدا، ئەو ژنەی شەوی یەکەم دەگەڵ نیکی چاوەڕوانمان بوو، بە ژوور کەوت. ئەو ژنە، شێوەی لە ژنانی فلیپینی دەچوو، ڕەش تاڵەیەکی موو زەردە بوو، پرچی کردبووە کەزی، کەزی گەورە و کەزی بچووک، ئەڵبەتە نەمانزانی ئەو ژنە چی نیکییە! هاوژینیەتی یا دۆستییەتی؟ سۆزانییە یا هاوکارە؟ کۆچبەران باوەڕیانوابوو هاوژینی نییە، گەر هاوژینیەتی چۆنە تا ئێستا گیانی دەرنەچووە لەگەڵ نیکی، بەڵام شەوی پێشوو، دەنگی منداڵ لە تەک خانووەکەی ئێمەوە دەهات، کە نیکی تێدا دەمایەوە. ئەو، بە ویژدان بوو، لە دوو خانم و دوو منداڵەکەی پرسی، ئەوسا چووە دەرەوە.

نان و ماست و تەماتە دەخورێ. ئەو نانە هەموو هەویر بوو، نەبرژابوو، وەلێ پارچەیەکی بچووکیش نەمایەوە، ڕاستە، دەڵێن برسیەتی واتلێدەکا لە بەرد

نەرمتر بهارێ! کات دەڕوا، ئاغای ڕەزایی و خانمی هاشمی بێدەنگ و بێزار، لەتێ نان و پارچەیەک تەماتەیان خوارد، ئەمجارە بە مۆبایلەکەی دەستی ئاغای ڕەزایی زەنگمان بۆ هاوڕێکەی لێدا، زەنگ دەڕۆیشت، ئەمە تەزوویەکی دڵخۆشی بەدڵی ئەو دوو هاوژینەدا هێنا، ئەلۆ ئەلۆ، قسەی لەگەڵ هاوڕێکەی کرد، وردە وردە ڕەنگی دەموچاوی دەگەشایەوە، لە کاتی داخستنی تەلەفۆنەکەی زەردەخەنەی هاتێ، کاتێ وتبووی وادەکەم ئەمڕۆ بەرەو ڕۆمانیا بڕۆن. ئەمە هەواڵێکی زۆر خۆش بوو، دڵی ئێمەشی خۆش کرد، لەسەر خۆمانەوە، خەممان لەوان دەخوارد، گوناح و فەقیرن، هێندەی نەبرد، زەنگی بۆ لێدرایەوە، پێیانڕاگەیاندن خۆیان ئامادە بکەن، بەپەلە خۆیان کۆکردەوە، دەوروبەری کاتژمێر سێی دوا نیوەڕۆ، بە ڕۆژی ڕووناک لەو کولانەیە دەرچوون، ئای لەمە هەمووومان لە خەمی ئەوان دابووین، کەچی لە پێش هەمووانەوە ڕۆیشتن. لەو سەروبەندانە، حەمە کەرکوکیش تەلەفۆنی بۆ هات و ڕۆیشت. وردە، وردە، خەریکە ئەو شوێنە تایبەتەمان چۆڵ بێ. ئاکام، فەرمووی: ئەمە هۆتێلە هۆتێل، ناوی هۆتێل نیکی لێدەنێن. بە دڵمانە، هۆتێل نیکی ناوێکی گونجاوە بۆ ئەم شوێنە، بەڵێ، هۆتێلی پێنج ئەستێرەیە.

خەریکە دونیا تاریک دەبێ، پەیوەندیمان بە قاچاخچییەکەمانەوە کرد، وتی: پەلەمەکەن، ڕێگا داخراوە، لە پەیوەندیدام ڕێگایەکی باش بدۆزمەوە، دەنێرمە دواتان. شەو هات و تەلەفۆن نەهاتەوە، کەچی سێ کۆچبەری دیکە لەو شوێنە چوونە دەرەوە! ئێستا نۆ کۆچبەر ماوین. قاچاخچییەکەمان پەیوەندی پێوەکردینەوە، وتی: ئەمشەو بمێننەوە تا سبەی شەو، هەموو ڕێگاکان داخراون و پۆلیسی لێیە.

- شەش کۆچبەر ڕۆیشتوون، ئەوان بە کوێ دادەڕۆن؟
- دیارە شوێنیان گواستۆتەوە.

- کاکە، وتیان دەڕۆین بۆ ڕۆمانیا.
- کەواتە خۆیان بە گرتن دەدەن.
- ئێمە چاوەڕێ بین؟
- بەڵێ، تا سبەی شەو!

ئەو پێنج کۆچبەرەی دیکەش، هاوشێوەی ئێمە وەڵامیان وەرگرت، شەوی پێشوو پازدە کۆچبەر بووین، ئەمشەو نۆ کۆچبەر ماوەتینەوە، جێگەمان باشتر بووە، لەوەدەچێ باشتر پشوو بدەین و خەومان لێ بکەوێ. لە بارەی هۆکاری جێهێشتنی کوردستان، لەگەڵ ئەو نۆ کۆچبەرە سەری قسەوباسمان کردەوە، ئەو خێزانەی دوو منداڵیان پێ بوو وتی: کار و ئیشم نەما، دۆخمان خراپ بوو، بژێوی ڕۆژانەم بۆ پەیدا نەدەبوو، ئەو شوێنەی کارم لێی دەکرد، کاریان نەما، کرێی مانگانەیان کەمکردەوە، بە دۆخی خراپەوە دوو ساڵم بەڕێکرد، دۆخ هەر چاک نەبوو، نەبوو! لەبەرئەوە بڕیارمدا کوردستان جێبێڵم. سەرەتا دۆست و خزمان هەوڵی زۆریاندا، لە بڕیاری جێهێشتنی کوردستان پاشگەزمکەنەوە، وەلێ لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانم پێداگیربووین، لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم، خانوو و ناوماڵەکەم بەیەکەوە فرۆشت، لە دوای فرۆشتنی خانوو و ناو ماڵەکەم، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە ماڵی باوکم ماینەوە، ئەوسا بە فڕۆکە بەرەو ئەستەنبوڵ بەڕێکەوتین، دواتر دەگەڵ ئێوە یەکمان گرت و ئێستا لە هۆتێل پێنج ئەستێرەی نیکی داین.

- بەڵێن: بە هیوای سەلامەتی و گەیشتن بەو وڵاتەی دەیخوازن.
- زۆر سپاس، لەگەڵ ئێوەشدا.
- بەڵێن: دڵنیابن، لە کالاس و دانکیک و بەڕیتانیا یەک دەبینینەوە.
- ئیشەڵا، ئیشەڵا.

نیکی هاتەوە ژوور، بە زمانی جەستە پێی ڕاگەیاندین پاڵدەینە یەکدی، لە نێو خۆماندا وتمان دەبێ بۆ بڵێ بچنە سەرەوە؟ داخۆ کۆچبەری دیکە بێننە ئێرە؟ هیچمان لا ڕوون نییە، چاوەڕێ دەبین، زارمان لێک هەڵهێنا و دەستمان بە قسە کردەوە، ئەو نۆ کۆچبەرە دەیانخواست دوامەنزڵیان بەریتانیا بێ، بەریتانیا وڵاتی ئیش و کارە، وڵاتێکی خۆش و تایبەتە، هەم شوێنی کارە و هەم شوێنی گەشتە.

دەنگە دەنگ و مشەوەشیات دروست بوو، قوفڵی ئەو دەرگایەی بە دەست ورد دەکرا کرایەوە و هەشت کۆچبەری دیکەیان هێنایە ئەو کولانەوە، چوار منداڵ و ژنێک و سێ پیاو وەژوور کەوتن، وێنە و جلوبەرگیان هاوشێوەی ئێمە نەبوو، لە کاتی گەیشتنمان بۆ ئەو ماڵە. ئەوان، پاکوخاوێن و جوان بوون، تێر و پڕ دیار بوون، ژن و پیاو و چوار منداڵ و دوو گەنج، هاتنە ژوورەوە، لەسەر فەرمانی نیکی پێڵاوەکانیان بردە لاوە و لەوێ شوێنی خۆیان کردەوە. وەک بڵێی ئەو نۆ کۆچبەرە، کەسوکاری یەکدین و لە یەک بنەماڵەداین، بەیەکەوە ماندوبوون و بەخێرهاتنمان کردن، پیاوەکە بە دەنگێکی پڕەوە سوپاسی کردین و ژنەکەش بە هێمنی سپاسگوزاری کرد، سەرەتا باوەڕمان وابوو، ئەمانە هاوژین، ماڵیان ئاوابێ بە چوار منداڵەوە ئەم ڕێگەیان گرتووە؟ منداڵەکان بە زوویی دەگەڵ دیمەن و دیما تێکەڵ بوون، ئێمەش زیاتر لە یەکدی نزیک بووینەوە و قسەمانکرد. پیاوەکە ناوی سۆفی و ژنەکەش ناوی خەجێ بوو، وەک هاوژینی یەکدی خۆیان ناساند، سۆفی پیاوێکی باڵا بەرز ڕەشتاڵەی جوان بوو، تەنکە ڕیشێکی ڕەشی دانابوو، تەپڵی سەری کەمێ قژی پێوەبوو و ئەملاولایەکانی تراشیبوو، کراسێکی ڕەش و چاکەتێکی بۆری لەبەردابوو. خەجێ، لە سەروسیمادا جیاواز بوو، ژنێکی زۆر جوانی باڵا مامناوەند، تەمەن سی ساڵ دەبوو، قژێکی ئاوریشمی خورمایی بەسەر سینگ و

شانیدا هاتبووە خوارێ، برۆی پەڕی ڕەشەداڵ بوو، چاو ڕەش، کوڵمەی سێوی پڕ لە ئاو بوو، ڕەنگی بە لای ڕەشتاڵەی ئەسمەر دەچوو، زۆر بێدەنگ بوو. وەلێ منداڵەکانیان ناشرین بوو، پرچ تێکئالاوی بۆری دەمووچاو سوتاویان هەبوو، ئەو منداڵانە لەگەڵ دیمەن و دیما، بوونە هاوڕێ.

- دیمەن: ئێوە شرێک دەناسن؟ پاپایەکە؟
- چوار منداڵەکە: ئم، دەیناسین.
- دیمەن: ئەو شرێکە لێرەیە، تەمەشای کە.
- چوار منداڵەکە: کێ هەوە؟
- ئەو کابرا قەڵەوە گەورەیە.
- چوار منداڵەکە: بە پێکەنینەوە، ئەوە شرێکە.

ئەو منداڵانە بە دایکە بانگی خەجێیان دەکرد، وەلێ بە باوکە بانگی سۆفیان نەدەکرد، بە هۆی تێکەڵابوونی ئەو منداڵانە لەگەڵ دیمەن و دیما، باسیان لە دایک و باوکیان کردبوو، ئەو چوار منداڵە وتبوویان: باوکمان لە ئەڵمانیایە دەچینە لای ئەو، دیمەن وتبووی ئەی ئەو پیاوە کێیە؟ وتبوویان هاوڕێی دایکمە.

هەمووان، لە دوودڵی و قەلەقیدا ین، نا ئاسوودە و دڵتەنگین، دەبێ ئەمشەو بەڕێکەوین؟ یا وەک دوێنێ شەو بمێنینەوە؟ ئەمشەویش وەک شەوی پێشوو، نەڵێن ڕێگا نییە. دوێنێ شەو چەند کۆچبەر ڕۆیشتوون، وەلێ دەنگیان نییە، دەبێ چیان لێهاتبێ؟ بە کوێ گەیشتبن؟ وردە وردە کات دەڕوا، چاوەڕوانی شەو دەکەین، لەو باسەدابووین، دەرگا کرایەوە، وتمان نیکی هات، دەبێ ئەمجارە چی بووێ؟

- هەلەو نیکی، های نیکی!
- نیکی، پلتە پلتێکی لێوە هات..

- منیش لاسایی پڵتە پڵتەکەی نیکیم کردەووە. وەک بڵێی ئارەزووی کێشەم هەیە،
- نیکی، بە تووڕەییەوە، مۆڕەی کرد.
- ئای لۆڤیو نیکی.
- بەڵێن، زامدار دانیشە، بە خودا دەتکوژێ!
- نیکی، بەرازانە هاتە پێشەوە.
- بە پێکەنینەوە هەستامەوە سەرپێ، دەستم بۆی ڕاکێشا تۆقە بکەین!
- نیکی، دەستی بۆ تۆقەکردن هێنا، تا توانای هەبوو، مستێکی بە سینگمدا کێشا، مستی ئەو بەرازە، بە دیوای دادام، دەڵێی هێستر جووتەی لێداوم!

نیکی ڕۆیشت و بێدەنگ لێی دانیشتم. هێندەی نەبرد، بەرلەوەی خۆری نێو خانووی قەرەجەکان ئاوابێ، تەلەفۆن بۆ سۆفی کرا، پێی ڕاگەیاندرا، ئامادەبن، ئۆتۆمبێلیان لەدوا دەچێ و بەرەو ڕۆمانیا دەڕۆن، دە خولەکێک بەسەر تەلەفۆنەکەیدا تێپەڕی نیکی هاتەژوور و خەجێ و سۆفی و چوار منداڵ و دوو گەنجەکەی بردە دەرەوە و لێمان ئاوا بوو. بەر لە چوونە دەرەوە باوەشمان بەیەکدادا و ئەملاولای یەکترمان ماچ کرد و هیوای ژیانێکی خۆش و سەرکەوتوومان بۆ یەکدی خواست. لەگەڵ ڕۆیشتنی ئەوان، زەنگمان بۆ قاچاخچییەکەمان لێدا، وتی: پەلەم لێمەکەن، خەریکم ڕێگایەکی باش بدۆزمەوە و ئۆتۆمبێلتان لەدوا بنێرم و بەڕێتان کەم، بەس پەلەم لێمەکەن.

دەگەڵ دونیا تاریک بوون، ئۆتۆمبێل لە دوای پێنج کۆچبەرەکەی دیکە هات، دوو شەو و دوو ڕۆژە بەیەکەوەین و نزیکیمان پێوەدیارە، خۆیان کۆکردەوە و هەر پێنجیان بەیەکەوە چوونە دەرەوە، فرمسک لە چاومان قەتیس ماوە، بۆ لەیەک دابڕانمان، وەلێ چارەسەر نییە، دەبێ قەبوڵمان بێ، ڕێگەی

ئەوروپا بەمجۆرەیە، کەس بۆ کەس نییە، تا دەگەیتە شوێنی مەبەست، تێکەڵی چەندین وەجبە کۆچبەری جیاواز دەبیت و بۆ ماوەیەکی کاتی بەیەکەوە دەبی و دواتر لێک دادەبڕێی. تا لەیەکدی ئاوابووین، بە دەست خودا هافیزیمان لەیەکدی کرد. ئەوسا ناخۆشی دەستی پێکرد، تەنیا چوار کۆچبەر لەو کەلاوەیە ماوەتینەوە، کاتژمێر هەشت و نۆ و دەی شەو دەڕوا، قاچاخچییەکەمان وەڵامی نەبوو، پەیوەندیمان پێوەی کردەوە.

- سڵاو، چی بوو؟ ئۆتۆمبێل لەدوامان نەهات؟ کۆچبەرانی دیکە گشتی ڕۆیشتن، تەنیا ئێمە ماوین، بۆ کەس لە دوامان نەهاتووە؟
- قاچاخچی، بە قورئانی قەدیم، ئێوە خۆتان بە دەستگیر کردن دەدەن، پەلەتان چییە؟ جارێ لەوێ بن؟ کەی کێشەیە؟ ئەم قسانەمان بەلاوە سەیر بوو، لە بنەڕەتدا ڕێککەوتنی ئێمە بەمشێوەیە نەبوو، بڕیاربوو دوێنێ شەو لەم هۆتێلە دەرمان کا، ئەگەرنا، سەد لە سەد ئەمشەو دەردەچین، کەچی ئێستا بەمجۆرە قسە دەکا!
- کاکی ئازیز! ئێمە ئاوا قسەمان نەکردووە، قسەکەی پێ بڕین.
- قاچاخچی، دەزانم ڕاستدەکەن، بەڵام ڕێگا نییە، بە خودای نییە، ئەگەرنا بۆ بەرێتان ناکەم؟
- گەر ڕێگا نییە، ئەو کۆچبەرانە بەرەو کوێ دەڕۆن؟
- قاچاخچی، هەموویان دەستگیر دەکرێن، لەوە دڵنیابن.
- ئەمشەو لێرە بمێنینەوە؟
- قاچاخچی، بەڵێ، لەوێ بن. ئیشەڵا سبەی سەد لە سەد، بەرێتان دەکەم.
- باشە، بیست و چوار کاتژمێری دیکە چاوەڕوان دەبین. بەڵام، زۆرمان برسییە خەریکە قڕمان بۆ بێ، وابکە خواردنمان بۆ بێ.

- قاچاخچی، باشە، بەسەرچاو.

باشە، بەسەرچاوی قاچاخچی زۆر بەهای نەبوو، بایەخمان پێی نەدا، ئەم وردە درۆیانە بۆ قاچاخچی زۆر ئاساییە، ڕۆژانە سەدان درۆ دەکەن، گەر درۆ زمانی هەبووایە، قاچاخچییە درۆزنەکانی قووت دەدا، ئەمجارە چوار هاوڕێ بەیەکەوەین، ئەو ژوورە گەرموگوڕ و جەنجاڵە پێچەوانە بۆوە، تا ئێستا جێگا نەبوو لێی ڕاکێشین و ئێستا ساردی بەسەر چۆڵی ژوورەکەدا زاڵ بووە. لە تەک یەک و بەرانبەر یەکدی دانیشتووین، قسە دەکەین، سەرکار خەریکە دڵی بتەقێ زۆر لە قاچاخچی تووڕەیە، دەڵێ: وەڵاهی بگەمە شوێنی مەبەست بەماڵەوەمان دەڵێم تەواوی پارەکە بەو قاچاخچییە نەدات، فێڵی لێ کردووین. سەرکار، گەنجێکی بەژن و باڵا ڕێک و جوانە، ڕەنگ سپی و خۆشکەلانەیە، تاکووتەرا مووی لە دەمووچاوی بەدەرکەوتووە، هێندەی مووس لە دەمووچاوی داوە، سوورهەڵگەڕاوە و برینداری کردووە، تەمەنی بیست ساڵە و فێرخوازی قۆناغی سێیەمی پەیمانگای کۆمپیوتەری دەڤەری بیتوێن بووە، ئەوروپا لە کەللەی داوە و خوێندنەکەی جێهێشتووە ڕێگەی قاچاخی گرتۆتەبەر و دەیەوێ بگاتە نێو کچە چاو سەوز و قژ زەرد و پێست سوورەکانی ئەڵمانیا. جانتایەکی ڕەنگ ڕەشی لەژێر سەری داناوە، لەسەر پشت لێی ڕاکشاوە. لەملاشەوە، ئاکامی بێدەنگ، بە دیوارەکە خۆی شۆڕکردۆتەوە، تەپوتۆزی دیوارەکە کەوتۆتە سەر سەرە بێ قژەکەی و ڕەنگی سپی کردووە. ئاکام، بیست و سێ ساڵە و نیوەی قژی هەڵوەریوە، ڕووتاوەتەوە. قەڵەوێکی جوانکیلەیە، ماندوویەتی بە جەستەیەوە دیارە و ڕەنگی گۆڕاوە. من و بەڵێنی بیست و سێ ساڵ، سەرمان لەسەر سەری یەکدی داناوە، سەری لەسەر ملم داناوە، منیش سەرم لەسەر سەری داناوە. بەڵێن، گەنجێکی شیکی جوان و باڵا ڕێکە، سمێڵی پان و گەورە و ڕەشە، ڕەشێکی تۆخ، ڕیشی بەرداوەتەوە و مۆدێکی جوانی لە سەروسیما داناوە،

عاشقی پەکەکە و شەرڤانە، پەچەی پەکەکەی لەملدایە، چەند ڕۆژە دەستی بەسەروسیمای دانەهێناوە و ڕیشی چاک نەکردووە و برسیەتی پێوە دیارە، دەمووچاوی قوپاوەتەوە. ماوەیەکی زۆرە بێدەنگین، هەر یەکەمان بیر لە شتێ دەکەینەوە. لەم بیرکردنەوە قوڵەدابووین، دەنگی دەرگا هاتەوە، نیکی و زەرفێ نان و چوار تەماتە و سەتڵێکی بچووکی ماست وەژوور کەوتن، تەزوویەکی خۆش بە جەستەماندا هات، وتمان: بە هەزار قورئان، قاچاخچییەکەمان خواردنی ناردووە، دەستی خۆش بێ و دەستەکانی بشکێن، نان و تەماتەی ناردووە، ئێمە بەو برسییەتییەوە بەوە تێر دەبین؟ نەبەخوا، وەهەرحاڵ باشە، لە نەبوونی باشترە و ئیدارەی پێدەکەین. نان و تەماتە و ماست لەبەر دەستمان خۆی ناگرێ، زۆر بە زوویی خواردنەکان خەلاس بوون، دەڵێی جنۆکە دەگەڵی خواردین، ئەمە کوێڕا خەلاس بوو؟ کاکە خواردن ئاگای لە بڕان نییە، دەزانی چەندەمان برسی بوو؟ زۆر بەپەلەش خواردمان. بەرەو شێرەی ئاوی لای ئاودەستەکە چووین، ئاومان خواردەوە. تەنیا ئاو کە شکمان دەبرد، هەر ئەو ئاوە بوو، کە تامێکی ناخۆشی لێ بوو.

بە دڵساردی و زاڵبوونی هەستی ئاوارەیی و نامۆیی، ئێمەی پەناهەندەیە سەرمان لەسەر جانتاکانمان دانا و لاقمان لێی ڕاکێشا، زیاتر لە یەکتر نزیک دەبووینەوە بۆ ئەوەی سەرمامان نەبێ، گەرمکەرەوەکەشمان لە ژێر قاچەکانمان دانابوو. بەدەم ورتە ورت کردنەوە خەومان لێکەوت.

ئەمشەویشمان وەڕێکرد، دوو ڕۆژ و سێ شەومان لەو تەویلەیەدا تێپەڕاند، ڕۆژی ئەمڕۆ دەگەڵ دوێنێ و پێری جیاوازترە، لانی کەم کۆچبەران زۆر بوون و بەیەکەوە سەرقاڵ دەبووین، ئێستا تەنیا چوار کەسین و تەواو بێتاقەت بووین. قاخاچخی پەیوەندی پێوەکردین، وتی: کاتژمێر سێ لەو شوێنە دەردەچن و بەرەو سڕبیا دەڕۆن، لە دوای کاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆوە، پێڵاوەکانمان تووند کرد و جانتاکانمان لە شان کرد، لە چاوەڕوانی ڕۆیشتنداین،

کاتژمێر سێ نیکی وەژوور کەوت و ئێمە دڵخۆش بووین، باوەڕمانوابوو، پێمانڕادەگەیەنێ خۆمان ئامادەبکەین، کەمێکی دیکە دەڕۆین، بەڵام هەواڵ پرسییەکی کرد و ڕۆیشتە دەرەوە، کاتژمێر سێ تێپەڕی هیچ هەواڵ نییە، گەیشتینە کاتژمێر چوار، هیچ لە ئارادانییە، پەیوەندیمان بە قاچاخچییەوە کرد، وتی: پۆلیس لە دوای ئەو ئۆتۆمبێلەوە بووە، لەبەرئەوە خۆی بزر کردووە، ئێستا لە ڕێگایە و دێ، گەیشتینە کاتژمێر پێنج و نزیک شەش، ئەو ئۆتۆمبێلە نەهات، پەیوەندیمان بە قاچاخچییەوە کرد، وتی: ئەو سەگبابە، تووشی ڕووداوی هاتووچۆ بووە، بوەستن هەوڵدەدەم تا کاتژمێر هەشت ئۆتۆمبێلێکی دیکە بنێرمە لاتان، لە ڕاستیدا ئەم پاساو هێنانەوانە درۆ بوو.

چرکە و خولەک و کاتژمێر، بووە بە دێوەزمە و ناڕوا، بە درێژایی ڕۆژ لە چاوەڕوانیدداین، ئێستا نا ئێستا، ڕاماندەگرن، خەریکە لە چاوەڕوانی دڵمان دەتۆقێ، برسیەتی و ناخۆشی و پیسی شوێنەکە لەملاوە بوەستێ، دەیان زیندەوەری بچووک بەسەر جەستەمان هەڵدەگەڕێ و دەیان برین و سووربوونەوە بە هۆی هەڵگەڕانی زیندەوەرەکان لە جەستەمان دروست بووە و دەخورێ! جانتاکانمان لە شانە، پێڵاوەکانمان لە پێدایە. بە پێوە بەخێرایی دێین و دەڕۆین، دەماری تەحەمولمان پچڕاوە، چاومان لەسەر ڕووناکبوونی شاشەی مۆبایلەکەمانە، کاتژمێر حەوت و هەشت و نۆ تێدەپەڕێ، هیچ وەڵام نییە! لە دوای کاتژمێر نۆ دڵنیابووین، ئەمشەویش ناڕۆین، پێڵاوەکانمان لە پێ داکەن و جانتاکانمان فڕێدا، سەرکار، تورە تورە، هەر بە پێوە دێ و دەڕوا، وتی: خۆم دەڕۆم، ئێستا دەرگا دەشکێنم و ڕادەکەم، هەرچۆنێ بێ لێرە باشترە. جاروبار بە دەست و قاچ دەیدا و دەیکێشا بە دیوار و پەنجەرە، دەگەڵی خەریک بووین، تا هێورمان کردۆتەوە و ئەو باوەڕەمان لا دروستکرد، کە بە تەنێ ڕۆیشتن و بە نەشارەزایی بە نێو بولگاریا موجازەفەیە بە ژیانەوە، کێشە و ئاریشەی زۆری تووش دەبێ، خۆی بیستوویەتی پۆلیسی بولگاری چەند بە خراپی مامەڵە دەکا، پەلەمەکە، هێمن بەرەوە، پەیوەندی بە قاچاخچییەکەمان

دەکەین بزانین چ دەڵێ؟ دەوروبەری کاتژمێر نۆ و نیو، قسەمان لەگەڵی کرد، وتی: بە خودا، بە تەلاقم، بە ناموسم، بە شەرەفم، ئۆتۆمبێلێکی دیکەم ناردە دواتان، نزیکەی دوو کاتژمێرە لە نزیک خانووەکەی ئێوەن، بەڵام پۆلیسی چاودێری ئەو ناوە دەکات، ناوێرێ لێتان نزیک بێتەوە! ئەگەرچی دڵنیابووین درۆ دەکا، وەلێ باشەمان بۆی کرد و باوەڕی تەواومان لا دروست بوو، ئەمشەویش ئێرە جێگامانە. بە هەمان شێوەی شەوی ڕابردوو، پاڵمانداوەتەوە، تەواو برسیمانە، ئەمڕۆ هەرچی زاتە نەکەوتۆتە سەر زارمان!

نزیکەی کاتژمێر یازدە، نیکی وەژوور کەوت و تەواوی ژوورەکەی پێ پاک کردینەوە و بە کزومات و مەلوولی لێی درێژ بووینەوە، لە داخان و لە برسان خەومان لێنەدەکەوت، کاتژمێر یەک وەجبەیەکی نوێی کۆچبەریان هێنا، بیست و پێنج کەس بوون، بیست و یەک کەسیان ئێزیدی لای شەنگال بوون، چوار کەسەکەی دیکە، کوردی هەولێر بوون. لە ئێمە برسیتر و لە ئێمە ماندووتر و شەکەتتر، توانامان نەبوو، هەستین، لە شوێنی خۆمان ڕووەو بەشی سەرەوە ژوورەکە چووین، تا ئەوانیش جێگای خۆیان بکەنەوە. بۆنی پێڵاو و گۆرەوی و ئارەقەی جلوبەرگ و هەناسە، هەمووی تێکەڵی یەکدی ببوون، بۆنێکی هێندە ناخۆش و بێزارکەر بڵاوبۆوە، دەڵێی: بۆنی مرۆڤی مۆمیاکراوە! خەریکە قێز لە مرۆڤ بوونمان دەکەمەوە. ئەم چرکەساتانە تێنەدەپەڕین، لە کاتژمێر شەشی بەیانییەوە هەستام و بەرەو لای دەرگا ڕۆیشتم، بەشکوو لەوێ بۆنێکی پاک و هەوایەکی ساف هەڵمژم!

# ڕێککەوتنی پۆلیس

عومــەر و هــاوژین و دوو منــداڵی چــوارده و شــازده ســاڵ، ڕێگــەی ئەوروپایان گرتۆتەبەر، مـن و ئـەو، زۆر بـە زوویـی تێکـەڵاویمان دروست کـرد، عومەر پیاوێکی سەرووی چل پێنج ساڵەی باریکەلە بـوو، هەمیشـە جگەرەکـەی بـەلا لێویـەوە بـوو، لـە یەکـەم بینینییـەوە خۆشـیمان لـە یەکدی هات و بووینـە هاوڕێ، زۆربەی قسەکانمان لـە چوارچێوەی ئـەم ڕێگەیـەدا بـوو، کـە بڕیومانـە. ئـەو ڕێگـە و شـێوازەی ئـەوان پێـی گەیشـتبوونە بولگاریـا زۆر جیـاواز بـوو، کـەم کەس بەم شێوازە ئەم ڕێگەیە دەبڕن.

- عومەر، ئێمە بە ڕێککەوتنی پۆلیس هاتینە نێو خاکی بولگاریا.
- چۆن بە ڕێککەوتنی پۆلیس؟
- عومەر، پۆلیس دەرگای سنووری بۆ کردینەوە و هاتینە ژوورەوە.
- بەم ئاسانییە؟
- عومەر، بەڵێ.
- نازانم، عەقڵم وەری ناگرێ.
- عومەر، تۆ چەندت پارە بۆ نێوانی تورکیا بولگاریا داوە؟
- دوو هەزار دۆلار.
- عومەر، مـن دوو هـەزار و پێـنج سـەد دۆلارم داوە. جـا گـوێم لـێ بگـرە بۆتی بگێڕمەوە، بۆ ئەوەی بـاوەڕی تـەواو بـەو باسـە بکـەیت، چونکـە تـا خۆشم نەمیبینی زۆر باوەڕم نەبوو!

من، گەنجێکی تازە پێگەیشتوو و بێ کەس و کار نیم، خاوەن هاوژین و دوو منداڵم، کوردستانم بەجێهێشتووە، بۆ ئەوەی ژیانێکی مرۆڤانە و ڕێکوپێک بۆ منداڵ و هاوژینەکەم دابین بکەم، لەبەرئەوە ماوەیەکی زۆر لە تورکیا گەڕام و پرسیار و سۆراخی زۆرم کرد، بۆ ئەوەی قاچاخچی باش بدۆزمەوە و بە گرێنتی ڕەوانەی ئەڵمانیام بکات، دواجار دەگەڵ قاچاخچییەکی شاری هەولێر ڕێککەوتم، کە بە گرێنتی و ڕێککەوتنی پۆلیس دەمگەیەنێتە بەرلینی ئەڵمانیا، ئەم هەواڵە زۆر دڵخۆشکەر بوو، کەمتر خەمم لە هاوژین و منداڵەکان دەخوارد، وەلێ کرێی ئەم ڕێگە گرێنتییە گرانتر بوو، هەر کۆچبەرێکی ئاسایی بڕی دوو هەزار دۆلار بۆ نێوانی تورکیا بولگاریا دەدا، وەلێ ئێمە یەکی دوو هەزار و پێنج سەد دۆلارماندا. کاتژمێر شەشی ئێوارە، لە تورکیا بەرەو بولگاریا جووڵەمان کرد و ماوەی چوار کاتژمێر لە سنووری جوگرافی تورکیا، لە نێو سەیارەیەکەی بچووکدا ڕێمانکرد، ئەوسا لە نێو سەیارەکە دایانگرتین و لە دوای پێنج خوولەک چووینە نێو ئۆتۆمبێلێکی دیکە و ڕاستەوخۆ تا سنووری بولگاریا ڕۆیشتین، وردە وردە لە دەرگای سەرەکی سنووری نێوان تورکیا و بولگاریا نزیک دەبووینەوە، ڕێبەرەکەمان لە پێشی ماشێنەکەوە لیزەرێکی ئاراستەی دەرگاکە کرد، هێندەی نەبرد دەرگای سنوور کرایەوە، ڕێک واقمان وڕما! چەند سەیرە! بەجددی قاچاخچییەکەمان ڕاستی فەرموو، ئەوە ڕێککەوتنی پۆلیسە. لەگەڵ چوونمان بۆ نێو سنووری بولگاریا، سەیارەیەکی گەورەی ڕەشی پۆلیسی لە چاوەڕوانیماندابوو، بەپەلە لە سەیارەکەی خۆمان دابەزین و چووینە نێو سەیارەی پۆلیس و سەیارەکەی خۆمان گەڕایەوە خاکی تورکیا!

لەگەڵ پۆلیس ڕێککەوتن کراوە، بە سەیارەی پۆلیس کۆچبەرانی قاچاخ دەگەیەننە سۆفیا، دواجار هەر پۆلیس کۆچبەران دەداتە بەر شەق و دارکاریان

دەکات و دەستگیریان دەکات، وەلێ لەنێو سەیارەکەدا، ڕێزێکی زۆریان لێگرتین و زۆر بە جوانی مامەڵەیان لەگەڵدا کردین، ئەڵبەتە ئەوانە پارەی باشیان وەرگرتووە، دوو هەزار دۆلاری ئێمە بۆ قاچاخچییەکە بوو، پێنج سەد دۆلارەکەش بۆ ئەم پۆلیسانەیە، ئێمە بیست و پێنج کۆچبەر بووین، بیست و پێنج پینجی دەکاتە دوازدە هەزار و پێنج سەد دۆلار، ڕوونە ئەم برە پارەیە، پارەیەکی زۆرە و هەموو کارێکی پێدەکرێ، بەتایبەت بۆ ئێستا، کە سیستەمی سەرمایەداری بەسەر زۆرینەی وڵاتانی جیهاندا زاڵە، بە هۆی ئەم سەرمایەوە ئەو پۆلیسانە ئامادەییان تێدایە، خیانەت لە خاک و وڵاتی خۆیان بکەن و بە دەستی خۆیان دەگای سەرەکی بۆ کۆچبەران بکەنەوە، لەوە گەورەتر بە سەیارەی پۆلیس کۆچبەران بگوازنەوە پایتەختی وڵاتەکەیان. نزیکەی سێ کاتژمێر لە ڕێگا بووین، تا گەیشتینە ئەم شوێنە خۆشە! سۆفیا، لە دوای گەیشتنمان بە نێو سۆفیا، ئێمە خراینە نێو ئۆتۆمبێلێکی تایبەتی، لە دوای دە خولەک ئەم ئۆتۆمبێلەشمان گۆڕدرا و ئێمەیان گەیاندە ئێرە!

خۆم دڵم تەنگە و چەند ڕۆژە لە چاوەڕوانیداین، هاوڕێکانم ڕۆیشتوون و تەنیا ئێمە ماوین، ئەم قسانەش زۆر پرسیاری لادروست کردم و تاڕادەیەک ڕوانینم بەرانبەر بە ئەوروپا و تاکی ئەوروپی گۆڕا، لەسەر بینین و بیستنی ئەو ڕووداوانەی لە بولگاریا ڕوویانداوە، دواجار بولگاریا لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپادایە.

بە درێژایی دوێنێ هیچمان نەخواردووە، پێری بڕێ نان و تەماتە و ماستمان خواردووە، ئەمڕۆش گەیشتووین بە نیوەڕۆ و سکمان خاڵییە و هیچی تێدا نییە. بڕیارە کاتژمێر چواری ئێوارە بڕۆین، ئەگەرچی دڵنیانین و هیچ بە دووری نازانین، وەک دوێنێ درۆمان بۆ بکەن! جا چ درۆ بکەن، یا ڕاستی بڵێن، چ لە دۆخە دەگۆڕدرێ؟ تا ئۆتۆمبێلێک نەنێرنە دوامان، هیچمان

لەدەست نایەت، کاتژمێری سێ و چوار تێدەپەڕێ و کەس لەدوامان نەهاتووە. کاتژمێر پێنج نیکی هاتەژوور و وتی: زامدار، بەڵێن، ئاکام، سەرکار، گۆ! گۆ! گۆ! لە دوای ڕۆیشتین، نزیکەی نیو کاتژمێر لەبەر دەرگا ئێمەیان ڕاگرت، هیچ دەنگ و باس نەبوو، ئۆتۆمبێل نەبوو، بە ناچاری ئێمەیان هەڵدایەوە ژوورەوە! ئەو ژوورە بۆن ناخۆشە لە مێشکت دەدا. من دەگەڵ عومەر قسە دەکەم، باسی ئیش و کارەکانی دەکا، کە لە ڕابردوو ئەنجامی داوە، ئەزموون و مێژوویەکی باشی هەیە، زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی و برێک ئینگلیزی دەزانێ! دەمەوێ بەمجۆرە قسەوباسانە کاتەکانم لێ بڕوا.

## مانەوەمان لە ژێر باراندا

وەک دوێنێ جانتامان لە شانە و پێڵاوەکانمان توونـد لە پێ بەستووە، لە دوای دنیا تاریک بوون، نیکی هاتەوە ژوور و بە دەست بانگی کردین، هەرچوارمان وەک ئاسک بۆی دەرچووین! بەپەلەپرۆزێ وێڕاگەیشتم خوداهافیز و هیوای بەختێکی باش بۆ عومەر بخوازم! لە دەرگا چووینەدەر، بە نیازی بەڕێکەوتنمان بەرەو سربیا! خودایە، تەنیا لە بولگاریا دەستگیر نەکرێین، پەنجەمۆری ئێرە زۆر کێشە و هیچ دوور نییە لە نەمسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا دیپۆرت بکرێینەوە. لە تاریکی بەر دەرگا وەستاوین، سەیارەیەک لەو بەری سککەی شەمەندەفەرەکەوە وەستا و نیکی بەپەلە ئێمەی بەڕێکردە ئەوبەر و چووینە نێو هەمان ئەو تەکسیەی چوار شەو لەوەو پێش ئێمەی هێنایە ئەم خانووە!

لە پێشەوەی سەیارە دانیشتووم، سێ هاوڕێکەی دیکە لە پشتەوە، لەگەڵ چوونە نێو ئۆتۆمبێلەوە ترسێکی زۆرمان هەبوو، بە هیدفۆن قسەی دەکرد، لە دوای دە خولەک ڕۆیشتن بە شرە ئینگلیزی کەوتمە قسە کردن دەگەڵ شۆفێرەکە، ئەویش ئینگلیزی نەدەزانی، بە دەست پێی وتم، بێدەنگ بم! بە بێدەنگی دەڕۆین و دەڕۆین، بە ناو سەنتەری شاردا تێدەپەڕین، لەسەر پرێکدا تابلۆی زانیاری دانرابوو، ڕووەو سەرێ بەرەو سەنتەر دەڕوا و ڕاستە ڕێ بەرەو دەرەوەی سۆفیا دەڕوا، ئێمە بە ڕاستەڕێ ڕۆیشتین، زیاتر لە دە خولەکی دیکە ڕێمانکرد، لە دەرەوەی جەنجاڵی سۆفیا، لە نێو جەنگەڵێکی بچووک دایبەزاندین، گوایە پاش ماوەیەکی دی، ئۆتۆمبێلی دیکە دێ و بەرەو سنوور

دەمانبا، ئەڵبەتە ئیدفۆنەکەی هەر لەگوێ بوو، لەسەر ڕێگاکەوە بە ڕاکردن چووینە نێو جەنگەڵستانەوە، لەناو دار و زەندێکی زۆر خۆمان بچووک کردبۆوە و لێی دانیشتین و چاوەڕوانی ئۆتۆمبێلین، بێدەنگ بێدەنگ، گوێمان لە هەناسەدانی یەکتر نەبوو، وەلێ گوێمان لە ترپەی دڵی هەزاران کەس بوو! وەک بڵێی دەنگی تەپڵ و سەدانی دەستی هیندییە سوورەکان دێ، ئەوان خاوەنی جەنگەڵستانن و جگە لە زمانی خۆیان هیچ زمانێکی دیکە نازانن، داخۆ لەم نزیکانە نەبن و چاوەڕوانی جوڵانەوەی ئێمە بکەن و تیربارانمان کەن! سەیری کاتژمێرەکەی دەستم کرد، هەشت و بیست خولەکی شەوە، بەو کاتە خەریکە سەرما لەرزمان پێ بگرێ، ئەو کاتەی ئێمە کوردستانمان جێهێشت لە گەرمەی هاوین و گەرمیدابووین، جلوبەرگی سارد و زستانەمان نەهێناوە، بەو مانگە ئۆگەستە ئێرە بۆ هێندە ساردە؟ لای خۆمان گەرما و ئارەقە بێزارمان دەکا، خەیاڵی ناخۆش لە مێشکم سەما دەکا، لەوکاتەدا ئۆتۆمبێلێک بەوناوەدا هات و خێراییەکەی کەم کردەوە، وتمان شایەد لە دوای ئێمە هاتبێ، ویستمان بەڕاکردن بەرەو لای سەیارەکە بڕۆین، بەر لەوەی بڕۆین، خێراییەکەی زیاد کردەوە و ڕۆیشت، ئەو دوورە شارە، ئاوەدانی زۆر کەمی بەسەرەوەیە، لە شوێنی خۆمان دانیشتینەوە، کاتژمێر نۆ لایداوە، دونیا زیاتر سارد دەبێ، جلوبەرگی ئێمەش جلی هاوینەیە، لەبەرئەوە زیاتر لەیەکدی نزیک دەبینەوە، تا ساردی کەمتر کاریگەری بەسەرمانەوە هەبێ، هاوکات دەنگی هاواری هەورمان بەرگوێ دەکەوێ، لە دڵی خۆماندا یەژین، خودایە باران نەبارێ! باران بێتە خوارەوە لەسەرمان ڕەق دەبینەوە، بە بێ دەنگی و لە چاوەڕوانیداین، سەیری کاتژمێرەکەم کرد، دە و دە خولەکە و هیچ هەواڵ نییە!

زیاتر لە دوو کاتژمێرە لە نێو جەنگەڵێکی بچووکی قەراخ ڕێگای لاوەکی چاوەڕوانین، جەنگەڵێکی سامناک و سامدار، کزە بایەکی سارد بە نێو ئەو دارانە هاتووچۆ دەکەن و هەوایەکی زۆر سارد بە جەستەمان دەگەیەنێ، بە

تەنیا ساردی نەبوو، بەڵکو نەرمە نەرم باران دایدا و بەسەر جەستەی تەزیومان دێتەخوارەوە، مل دەسوڕێنین لقوپۆپی دار بە نێو چاومان دەکەوێ، بە ترسەوە مۆبایلەکەمان دەرهێنا و ڕووناکی شاشەکەیمان کەم کردەوە و پێوەندیمان بە قاچاخچییەوە کرد، وەڵامی نەبوو، جارێک و دووان و سییان، وەڵام نییە! بە ناچاری لە نێو دڕک و دڕووک لێی درێژ بووین، لەگەڵ درێژبوونمان باران زیاتر بوو، تا وایلێهات لێزمەی باران دەستی پێکرد، وەک شەق شەقە لە سەرمان و لە ترسان دەلەرزین و ڕووناکی سەیارە نابینین. بە هێمنی لەگەڵ خۆمان کەوتینە قسەکردنەوە.

- ئاکام، ئەو قاچاخچییە فێڵی لێکردووین، ئەگەرنا بۆ تا ئێستا سەیارە نەهاتووە؟
- سەرکار، بەڵێ فێڵی لێکردین، قەسەم بە خودا پارەی تەواوی ڕێگەی پێنادەین، گەر بێت و دەستگیر بکرێین، یەک دیناری وێنادەم.
- بەڵێن، جارێ چاڕوان دەبین بزانین سەیارە دێ یا نا؟
- ئاکام، گەر سەیارە بهاتبوایە قاچاخچییەکەمان وەڵامی دەدایەوە.
- سەرکار، بە دەستە جنێوی بە قاچاخچی دەدا.
- من، پەلەمەکەن، بزانین بە کوێ دەگەین.
- ئاکام، بە کوێ دەگەین؟ تا زیندان ناوەستین.
- بەڵێن،کاکە لە ئێستاوە بیر لە زیندان و شتی خراپ مەکەنەوە.
- سەرکار، چۆن بیرنەکەینەوە؟ ئەوە کاتژمێر یازدەیە، سێ کاتژمێرە لێرەین و دەنگی نییە.
- ئاکام، زەنگ بۆ قاچاخچی لێدەنەوە بزانین وەڵام دەداتەوە.
- بەڵێن، وەڵام نییە!

- سـەرکار، کاکـە بـە خـوا فێڵـی لێکـردووین، بـۆ خـۆی بـەگرتمان دەدا. لـەوەدەچێ کـەمێکی دیکـە پـۆلیس بگاتـە سـەرمان و بـەرەو زینـدانمان ببات.
- ئاکام، دەڵێن چی بڕۆین و ئێرە جێبێڵێن؟
- من و بەڵێن، بە نەشارەزایی بەرەو کوێ بڕۆین؟ هیچ کوێ شارەزا نین، بۆ کام لا و بەرەو کوێ هەنگاو بنێین؟
- سەرکار، هەر شوێنێک بێ، گرنگ ئەوەیە بڕۆین.
- بەڵێن، نابێ، برا. چاوەڕوان دەکەین، دەشـێ لـە دوای کـاتژمێر دوازدەوە سەیارە بەرەو لامان بێ.
- ئاکام، من زۆر قەلەق و مشەوەشم، خەریکە ڕەق دەبمەوە.
- هەمووومان قەلـەق و مشەوەشـین، وەک تـۆ سـەرمامانە و بارانـە. ئیـدی ئەمە ڕێگەی قاچاخی ئەوروپایە.
- ئاکام، چ بکەین؟
- من، دەوەستین و چاوەڕوان دەبین. گەر شارەزا بووینایە دەڕۆیشتین.
- ئاکام، دەڵێم بچینەوە ئەو خانووەی نیکی.
- سەرکار، شوێنەکە پێنازانین و ڕێگاکە شارەزا نین.

تریقەی هەور زیاد دەبێ و باران بەردەوامە، لە نێو ئاوی دارستان درێـژ بووین و هەموو گیانمان لە نێو ئاودایـە. هـەوای ساردی نێـو دارەکان هێنـدەی دی سـڕی کـردووین، برسـیەتی تینـی بـۆ هێنـاوین، خەریکـە لـە جوڵـە بکـەوین، ڕووناکی ئۆتۆمبێلێک بە دیارکەوت، لە نێوان خۆمان وتمان ئەوە هات، ڕاکەن!

بە سڕی جەستەوە بەپەلە هەستاین، بەرەو لای ئـەو سـەیارە بـڕۆین، کـە خەریکـە لێمـان نزیـک دەبێتـەوە، کـەچی زۆر بـە تیـژڕەوی بەوێـدا ڕۆیشـت و نەوەستا، کشاینەوە دواتـر و لێی درێـژ بووینـەوە، لەبەرخۆمانـەوە، ئەمـەش هـەو

نەبوو. کاتژمێر یەک و دوو تێدەپەڕێ و لەوێن، چەند سەگێک لێمان نزیک بۆوە، لە نێو قاچەکانمان دەهاتن و دەچوون، بە بێدەنگی و هەر بە دەست و قاچ هەوڵماندەدا لە خۆمانیان دوورخەینەوە، نەبادا دەنگی خۆمان و دەنگی وەڕینی سەگەکان بڕوا و لەو کاتەدا کەسێ بەم ناوەدا بێ و ئاشکرا بین. تا کاتژمێر پێنجی بەرەبەیان لەوێ چاوەڕێ بووین، کەس نەهات بەلامانەوە و قاچاخچی وەڵامی نییە، لەوەیە لە پرخەی خەوی قوڵدابێ، دیارە کەسی نەناردووە بۆ لامان. بە ناچاری کاتژمێر پێنج، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین بڕۆین، بۆ کوێ؟ نازانین، گرنگ ئەوەیە ئەم شوێنە جێبێڵن، هەوڵدەدەین ئەو ڕێگایە بدۆزینەوە، کە پێی داهاتووین، بچینەوە لای نیکی، هەستاین و بە شەپە شەپی ئاوەوە بە جانتاوە ڕێدەکەین، -جانتاکانمان لە شان دانەگرتبوو-، نێو جەنگەڵستانمان جێهێشت و گەیشتینە سەر ڕێگا لاوەکییەکە، بەکام لادا بڕۆین؟ نازانین، دەی جارێ بە ڕێگای دەستە ڕاست دەڕۆین، بزانین چ باسە و چی لێیە؟ زیاتر لە بیست خولەک ڕۆیشتین، گەیشتینە نزیک ئاوەدانی شێوەی لە کارگە و شوێنی چاککردنەوەی سەیارە دەچوو، لەوێدا سەگ دەستی بە وەڕین و کرد و سێ چوار دانە وەدوامان کەوت، لە نێوان خۆمان ئەم ڕێگایە باش نییە، باشتر ئەوەیە بگەڕێینەوە و بە دەستەی چاپ بڕۆین، بە لۆژە لۆژ، بە دووری چەند مەترێ لە تەک ڕێگاکەوە دەڕۆین، نەبادا سەیارە بێ و بمانبینێ، دڵتەنگێ و بێ حاڵی و سارد و تەزینی جەستە و تەڕی لەشمان و برسیەتی لەملاوە بوەستێ، بە هەمان ڕێگا شۆڕمانکردەوە، دوو گەنج بە ڕاکردن دەڕۆیشتن، جلی وەرزشیان لەبەرە، خەریکی وەرزشن، تا ئەوان تێپەڕین لەسەر سک لێی ڕاکشاین، لە دوای تێپەڕین و ونبوونیان هەستاینەوە و ڕێگە نەزانراوەکەمان گرتەوەبەر، تا کۆتایی ڕێگاکە ڕۆیشتین و گەیشتینە سەر ڕێگایەکی پان، کە تاکوتەرا سەیارەی پێدا دەڕۆیشت، ئێستا بە کام ڕێگا بڕۆین؟ دەبێ بە دەستە چەپ بڕۆین، ئاوا بەرەو شار دەڕۆین، دونیا تاریکە و

ڕێگەکەمان بەردەوامە، پاسێکی گەورەی هاولاتیان بەوێ تێپەڕی، دەستمان لێی ڕاگرت و وەستا، قسەمان دەگەڵ کرد، ئینگلیزی نەدەزانی، بە گشتی تاکی بولگاری ئینگلیزی نازانن، تەنیا زمانی بولگاری دەزانن، هەرچۆنێ بێ، شۆفێرەکە وتی سەرکەون، ڕوومان لەیەکدی کرد، وتمان هیچ دوور نییە بماندات دەست پۆلیس، واباشترە لەگەڵی نەڕۆین، لێی دوورکەوتینەوە و تێمانگەیاند ناڕۆن، لە دوور ڕا و لە بەرانبەرمان دوکانێکی بچووک کراوەتەوە، پەڕینەوە ئەوبەری ڕێگا، دوکانێکی شیرنەمەنی بوو، بەو بەیانییە زووە هاتووە شیرنەمەنی دروست بکا، لەوێ هەندێ شیرنی و ئاو و خواردنەوە بەهێزییەکانمان سەند و بەدەم ڕێگاوە خواردمان، هەر دەڕۆین و دەڕۆین، بۆ شوێنێک دەڕۆین، نازانین کوێیە و چەندمان ماوە، گرنگ ئەوەیە بڕۆین و نەوەستین، لە دوای ڕۆیشتنی زیاتر لە سی خولەک پردەکەمان لێ وەدیار کەوت، کە بەسەریدا هاتین، لایەکیان ڕووە و سەنتەری شار و ڕاستەڕێ بەرەو ماڵەکەی نیکی دەڕوا، نزیکی کاتژمێر شەشە و خەریکە ڕۆژهەڵدێ و کەمێ دونیا ڕووناکە، ئەو کاتە چ هەستێکی ناخۆش و دڵتەنگە، لە کوردستان ئەو دیمەنە سروشتییەمان زۆر بینیوە، دەگەڵ هاوڕێیان زوو زوو ڕێکدەکەوتین و دەردەچووین، بە کامێرا و بە کواڵێتی بەرز وێنەی دیمەنە تایبەتییەکەی سروشتمان دەگرت، بەتایبەت ئەو دیمەنانەی خەڵک کەمتر چاوی پێ دەکەوێ و دەیبینێ، کەچی ئەو دیمەنە جوانەی کوردستان لێرە بووە بە دیمەنێکی ترسناک و ناخۆش، ترسمان لە هاتنی پۆلیس و دەستگیرکردنمانە، لە پاشان بەرەو زیندان بمانبەن، یاخوود دیپۆڕتمان بکەنەوە، هەمیشە خەیاڵ و خەیاڵ، خەیاڵی ناخۆش لە مێشکمدا سەما دەکا، ئاخەر چ بکەین و ئەمە چارەنووسی ژیانی تاکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە.

ئەو شیرینییەی لە دوکانە بولگارییەکە سەندمان، زۆر شیرین بوو، بە پارچەیەکی بچووک بەر گەدەی گرتووین و هەناومان خاڵییە و قوڕڕەی دێ،

هات و چۆی تاکوتەرای سەیارەش لەملاوە بوەستێ، لەگەڵ هاوڕێیان وتمان خەریکە لە پردەکە نزیک دەبینەوە بەرەو کام ڕێگا بڕۆین؟

- سەرکار، باوەڕ ناکەم، ماڵی نیکی بدۆزینەوە، ئەگەرنا ئەوێ باشترین شوێن بوو.
- ئاکام، منیش لەگەڵ ئەو بڕوایەدام.
- من، باوەڕدەکەن بیدۆزینەوە؟
- هەرسێکیان، نا، نایدۆزینەوە.
- من، کەوایە بەرەو کوێ هەنگاو بنێین؟
- هەرسێکیان، بەرەو سەنتەری شار دەڕۆین، بزانین لەوێ چ باسە.
- من، زۆر باشە، دەڕۆین.

# ڕاکردن لە دەست پۆلیس

بە ماندوویەتی زۆرەوە، خەریکە بەسەر پردەکە سەردەکەوین، ژێریشمان پردێکی دیکەیە، نیوەی ڕێگەی سەرکەوتنی سەر پردەکەمان بڕی سەیری سەر پردەکەمان کرد، نیوەمان ماوە و تا سەرکەوین، زیاتر بەرز دەبێتەوە!

- من، بەڵێن، دەبێ ژێر پردەکە بەرەو کوێ بڕوا؟
- بەڵێن، بە پێکەینەوە، نازانم. هەر بەڵێنە کون و کەلەبەری ئەم وڵات و شارە شارەزایە.
- من، ئاکام، تۆ چ دەڵێی؟
- ئاکام، کاکە با سەرکەوین، چیمانداوە لەو ژێر پردە؟

بەدەم قسەکردنەوە سەردەکەوین، لەوکاتەدا سەیارەیەکی پۆلیس وەستا و هاواریان کرد و هاوارمان لێهەڵسا.

هاوارمان تێکەڵاوبوو، بە بێ بیرکردنەوەی لە بەرزایی پردەکەوە خۆمان هەڵدایە خوارەوە، لا ئیرادی و بێ ئەوەی بیر بکەینەوە، دەزانین گەر ڕوو لە سەرێ بڕۆین، دەمانگرن، ڕوو لە خوارەوەش بڕۆین هەر دەستگیر دەکرێین، لەگەڵ کەوتنە خوارەوەمان بەربووینەوە، بەربوونەوە و هەستانەوەمان یەک بوو، ترس فشاری بۆ هێناوین گوێمان لە هیچ نییە، تەنیا دەستگیر نەکرێین و نەکەوینە دەست پۆلیسی بولگارییەوە، خۆمان خستە ئەو مەترسییەوە، دەشێ لەو خۆ هەڵدانە خوارەوە، دەستێ یا قاچێکمان بشکێ، حیسابی ئەوەمان کردبوو، دڵنیابووین لەوەی پۆلیس خۆی هەڵنەداتە خوارەوە، وەلێ لەوەدەچێ بە سەیارەوە

بسوورێنەوە و لەم شوێنەدا دەستگیرمان بکەن، بۆیە زۆر بەخێرایی ڕامانکردەوە و ڕووە و سەر ئەو بەرزاییە ڕۆیشتیینەوە کە پۆلیس ڕاوی ناین. بە هەناسە برکێ و جانتای شانەوە، ڕادەکەین و بەسەر پردەکە سەردەکەوین، لە دوای تاوێ پشوودان لە سەر پردەکە، ئۆخەی شوکر دەستگیر نەکراین، فلکەیەکی سوڕانەوەمان لێ دیار بوو، ڕووەو ئەو فلکەیە دەڕۆین و سەیارە زیاتر بووە، وشەیان دێ و بەلاماندا تێدەپەڕن، گەیشتبووینە نزیک فلکەکە، ئەمجارە سەیارەیەکی بەرزی پۆلیس، بەوێداهات بادانەوە و وەستان و دابەزینیان یەک بوو، لەگەڵ دابەزینیان لە شوێنی خۆیانەوە شەپە شەپیان بە قاچەکانیان کرد و لە زەوییان دەدا، ئێمەش زۆر بە خێرایی لە ڕۆخ ڕێگاکەوە بە ئەندازەی زیاتر لە مەترێ لە زەوی بەرز بووینەوە و خۆمان هەڵدایە ناو دارەتێکئاڵاوەکانی قەراخ ڕێگا، بەو خێراییە خۆمان هەڵدایە خوارەوە، کەچی دەست و قاچ و جانتاکانمان لە نێو دڕک و دڕووکدا، گیرببوون، بە فشارکردن لە خۆمان نزیکەی چوار مەترێ شۆڕبووینەوە خوارێ، هەر چوارمان بانگی یەکدیمان کرد،

- بەڵێن؟ بەڵێ.
- ئاکام، لێرەم.
- سەرکار، ماوم.

زۆرباشە، هەرچوارمان لێرەین، ترسمان زۆر زۆرە، تۆ بڵێی ئەم پۆلیسانە بە نێو ئەم دارانە بێنە خوارەوە؟ نا، باوەڕ ناکەم، بۆ نا؟ دەشێ بێن و بە قۆڵ بەستکراوەی بەرەو پۆلیستەیشنمان بەرن و بڵێن کۆچبەری نایاسایمان لە سۆفیای پایتەختمان دەستگیر کردووە. دەست و دەمووچاومان، ئەو شوێنانەی جلوبەرگی بەسەرەوە نییە، دڕوک پێیدا چووە و دەڵێی دەرزییە لە جەستەماندایە، لەوەدەچێ دە خولەک لە نێو ئەو دارانە مابێتینەوە، هەم لە

ترسان و هەم لە بێتاقەتیان، توانامان نەبوو، سـەرکەوینـەوە، بـە کۆبیرەوە گوێ دەگرین بزانین خشەی دارەکان نایەت، کە گوزارشتە لە هاتنی پۆلیسـەکان، دەمانـەوێ بچینـە دەرەوە، بـەڵام دەترسـین پۆلیسـەکان لـەوێ مـابن، لـە دڵـی خۆیاندا بڵێن لە نێو ئەو دارانە بۆ کوێ دەڕۆن، دواجار هـەر دێنـەوە دەرەوە، با لەسەر ئەم ڕێگایە بوەستین و چاوەڕوانیان بکەین، لـەم بیرەدابـووم، لـە سـەرەوە بانگی بەڵێن کرا، ها ئاکام تۆیت؟ بەڵێ، وەرنەوە دەرێ پۆلیسـەکان ڕۆیشـتوون، وردە وردە سـەرکەوە، مـن لـە خـوارەوەی سـێ هاوڕێکـەم بـووم، بەبەرچاومـەوە بەڵێن و سـەرکار سـەردەکەون، ئـەم دار و ئـەو دار ڕێگـری دەکـەن لـە چوونـە دەرەوەیان، ئاخەر چەندان ساڵە کەسێ نەهاتۆتـە نێـو ئـەم دارانـەوە، واتـە ڕێگـە نییە، ئەوە ترسە ئێمەی لێرە فڕێداوە بە ئازاردانی خۆمان و لێککردنـەوەی دارە تێکئاڵاوەکان چووینە خوارەوە، خەریکە بـەڵێن و سـەرکار سـەردەکەون، منـیش تین دەدەمـە بـەرخۆم، هەستم و بـڕۆم، چەنـدی دەکـەم، لاقێکم لـەدووام نایـە، لە نێو دار و لق و پۆپەکانی گیریان خواردووە، بـەم تاریکـە لـە نێـو دڕوکان بـە دەسـتەکانم لاقـم لـە گیـر بـوون دەرهێنـا، دەمـەوێ سـەرکەوم و ڕێگـە نییـە، بە کوێدا بڕۆم؟ ئەمانە چـۆن سـەرکەوتوون؟ هاوڕێیـانیش لەسـەرەوە پەلەپـەلم لێدەکەن و دەڵێن زوو سەرکەوە، وەرە گوێ بەو دڕوک و دارانە مەدە، ئێمەش بـەناو ئـەو دەرزیانـەدا سـەرکەوتین، دەڕۆم و جانتاکـەم گیـر دەبـێ، دەڕۆم و قاچـەکانم گیــر دەبــن، ســەردەکەوم و لا قــۆڵێکم لــەنێو داران ون دەبــێ، سەردەکەوم و دڕوک لە دەموچاوم دەچەقم، ئازاری جەستەیی سەرکەوتن، لـە ئازاری خۆ هەڵدانە خوارەوە زیاترە، گەیشتینەوە سەر ئەو ڕێگایەی کە خەریک بـوو پـۆلیس قـۆڵ بەسـتمان بکـا، ڕوومـان لـە خـوارەوە کـرد، وتمـان ئێمـە لەوێـدابووین؟ چـۆن گەیشـتینە وێ؟ ئـەی چـۆن سـەرکەوتینەوە؟ ئـای تـرس چیت پێدەکا!

بـە ناچـاری هـەمان ڕێگـا دەگرینەبـەر، سـەد مـەترێ لـەو شـوێنەوە تێنەپـەڕین کـە خۆمـان هەڵدایـە نێـو دارەکانـەوە، سـەیری خوارەوەمـان کـرد، بەرزاییەکی بەرز بەرزە و ڕۆخ ڕێگاکەش داروزەوەندە، گەر بێتو لێرە ڕا پۆلیس بیبینیبویناپە و خۆمان هەڵدابوایەوە خوارەوە، دەبووینە مردووی ڕێگای ئـەوروپا، لـە ڕۆژنامـە و بڵاوکراوەکانی جیهـان و کوردسـتان بەتایبـەتی دەیاننوسـی چـوار کۆچبەری کورد، لە بولگاریا مـردن! چـوار هاوڕێی کۆچبـەر، بـە هـۆی تـەقین و پژانی خوێن سەریانەوە گیانیان لەدەستدا. چوار کۆچبەر لـە پایتـەختی ڕووناکی لە ترسی پۆلیس گیانیان لەدەستدا! تۆ بڵێی چییان لە تەرمـەکانمان کردبوایـە؟ شارەوانی ئەم وڵاتە ئەسپەردەی خاکیان دەکردین؟ یا جەستەی سەر تەقیویان ڕەوانەی کوردستان دەکردەوە؟ دایکم شێت دەبوو، سـەکتەی دڵ لێیـدەدا، لـە حاڵێکی وەهادا، بـە جەسـتەی مردووشـم قایـل بـوو، دەیـەوێ لانـی کـەم گـۆڕی کوڕەکەی لە نزیک ماڵەوە بێ، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژێ بچێتە سەر گـۆڕەکـەم و بـە فرمێسـکی چـاوانی کێلەکـەی بـۆ سـڕیبامایەوە، بـۆم بسـووتێ و ببـرژێ و هـەڵقرچێ، تـا وایلێـدێ مردووەکـان و گـۆڕەکـان دایکـی دڵبەخـەمم دەناسـن و ئەشکی بۆ دەڕێژن.

دایکـم، لەبەرخۆیـەوە قسـە دەکـا و جارجـار هـاوار دەکـا و دەڵـێ: بـە سیپارەی قورئان، بیسـت و چـوار ساڵ بەیەکەوە بوونمـان کەمـە، لەبەرخۆیـەوە دەڵێ کوڕم، کوڕی شیرینم، کوڕی گـەورەی خێـر لـە خـۆ نـەدیوم، سـەد هـەزار جارە بانگت دەکەم، زامدار، زامـدار، بـۆ وەڵام نادەیتـەوە؟ ئاخـەر نابیسـتی هـەر دەڵاڵێمـەوە و دەپاڕێمـەوە، ئـەوەی لەیادگەمدایـە دەیهێـنم و دەیبـەم و هـاوار دەکەم، چاوەڕێی وەڵامی تۆم، نـازانم دەنگـی مـن ناگاتـە لای تـۆ، یـا وەڵامـی تـۆ ناگاتە لای من. تەنیا کوڕەکەم، وەڵام دەوە، بێدەنگی تـۆ، دەمگرێنـێ، فرمێسـکی چاوانم وشک دەکا، بۆ واتکرد هەمیشە لە نۆستالۆژیادا بژیم، بە خودا بیسـت و

چوار ساڵ بەیەکەوە بوون، کەمە بێ تۆیی فرە سەختە، دووری تۆ سانا نییە، ژیان بە تۆوە مانایەکی دیکەی هەبوو، ئاخەر، تۆ باڵێک بووی لە ڕۆح و جەستەم.. کوڕم تەنیا جارێکی دیکە بڵێ دایکە، نازانم چۆن بەرگەی دووری تۆ دەگرم، چۆن خودا نەیکوشتووم و لە تەک گۆڕەکەتەوە نە نێژراوم. کوڕم، کە دەنگی باڵندە کێویەکان دەبیستم تەزوو بە جەستەمدا دێ و دەچێ، شتێ لە هەناومدا دەڵێ: زامدار گەڕاوەتەوە، ئەو نەمردووە، تووشی حاڵەتێکی دەروونی بووم، باوەڕ بەمردنەکەت ناکەم، ئەگەرچی بە مردووی بینیومی و تەقیوی سەرت هەمیشە لەبەرچاوانمە، پێم ناڵێی منی پەژموردە بێ تۆ چۆن دەگەمە مەکۆی شادی و خۆشی و دڵخۆشی و چێژستان؟ ڕۆژە و ڕۆژ وەک حەزرەتی یەعقوب چاوەڕوانم لەگەڵ یەکەم ئەستێرە وەدیارکەوی، یا لەگەڵ زەردەپەڕی بەیانیاندا بگەڕێیتەوە. بێ تۆیی لەم ژینە بێ سەوادە، جەستە هەژێنە، خەریکە وەک حەزرەتی ئەیوب، گۆشت لە جەستەم جیابێتەوە.. گۆشت و ئێسقان، دەمان و خوێن لەیەکدی هەڵبەزنەوە.. توخدا بگەڕێوە. کوا سەفەری تەنیایی خۆشە؟ دەزانی من تکا لە کەس ناکەم، تەنانەت بەرەو پەتی سێدارەشم ببەن، تکا ناکەم.. بەڵام تکا لە تۆ دەکەم، بگەڕێوە و کۆتایی بەو سەفەرە بێنە.

جوانییەکانی ژیانم پێ ببەخشە، منی نابەڵەد لە دووری تۆ، چ بکەم؟ چ دەبوو، هەروەک چۆن وەک ئیبراهیم لە نێو ئاگر نەسووتا و بە سەلامەتی هاتەوەدەر، تۆش بە سەلامەتی بگەڕابوایەوە، قەسەم بە خودا لەگەڵ بیستنی هەواڵی مەرگت، وەک ئاگری نێو ئەتەشگەی زەردەشتی و ئاگری باوەگوڕ گوڕ دەسوتێم، دەبێ گوناهی من چی بێ، ڕۆژانە چەند کاتژمێر لەسەر گۆڕەکەت بەسەردەبەم، هاوار دەکەم، زامدار، زامدار! بە ڕاست بانگت دەکەم، یا وڕێنە دەکەم، دەخوازم جارێک، شەماڵ و بای وەشت و بای باران، یا بای وادە، تەنیا بۆنی تۆم بۆ بهێنن، دەزانم، بۆنەکەشت ئارام بەخشە، خەم ڕەوێنە، هێز و

توانایە! ئەی هاوار، ئەی داد و بێدار، مردوویەک شک نابەن لە گۆڕ بێزار بێ و جێگەکەی لەگەڵم بگۆڕێتەوە و بێمە تەکتەوە؟ هەی دەبەر خۆت و کتێبەکانت مرم! ئێستا چی لە کتێبەکانت بکەم؟ تۆز بەسەرییەوە نیشتووە، نایەڵم کەس بچێتە ژوورەکەتەوە، لەسەر دەرگا، نووسیومە ڕۆژی مردنی خۆم و زامدار حەڤدەی ئۆگێستی دوو هەزار و حەڤدە. ئەمڕۆ کە یەکەم ڕۆژی جێژنی قوربانە، دڵنیای گەورە کچ لەگەڵم هاتووە، خوشکە جوانە وردیلەکەت، مریەمی پاکیزە، ئەویش لە دوای کۆچی تۆوە، دەستی لە ژیان بەرداوە، توانای بەخێوکردنی منداڵەکانیشی نەماوە، هەمیشە ڕەش دەپۆشێ، بە گریانەوە، دەیوت زامدار گیان برا خۆشەویستەکەم، جەژنت پیرۆز بێت، زۆر بە داخەوە لێمان دوری، هەزار و هەزاران خۆزگە بە جەژنی ڕابردوو، کە بە دەنگی تەلەفۆنەکەت بە خەبەر هاتم و جەژنە پیرۆزەت لێ کردم، بە هاوارکردنەوە دەیوت تۆ برا نەبووی هاورێی دڵسۆزم بووم، هیچ کات بە تەنیا جێتنەهێشتوم، بۆ ئێستا تەنیات کردووم، تۆ برا و خاڵێکی خەمخۆری منداڵەکانیشم بووی، لە دووری تۆ، کوڵاوم، مردووم نەگوازراوەتمەوە گۆڕستان!

هەستی ئاوارە و نامۆیی بە تەواوی بەسەرمدا زاڵە، ئەم باسانە هاتنە مێشکم، فرمێسک بە چاوانم دێتەخوارێ، بیری دایک و باوک و خوشک برا، خزم و کەس کارم دەکەم، بیری مامە شاخەوان و هاوژین و منداڵەکانی دەکەم، کە لە دڵسۆزی خۆی ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشت و وتی: هەر بڕیاری یەکجاریت داوە، پارەی ڕێگەی ئەوروپات بۆ دەدەم، لە ناخەوە دەکوڵێم و بیردەکەمەوە، تۆ بڵێی حاجی قادر و نالی و هێمن موکریانی هەمان ئەو هەستەیان هەبووبێ، کە سێ چامەی ئاوارەیی و نامۆیی (گووتم بە بەختی خەواڵوو، قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور، ناڵەی جوودایی)، من

شاعیر بوومایە، چامەی ئاوارەیی و نامۆییم نووسیبا، شیعر دۆستانم نوقمی گریان و داخ دەکرد، دەمخستنە نێو دونیای نامۆیی، نێو دونیای ئاوارەیی.

بە تەنێ من، لەو دۆخە دەروونییە خراپە دانیم، بەڵکو هاوڕێیانیش بە هەمان شێوە دەکوڵێن و دەری نابڕن، لە دڵی خۆیاندا دەیهێنن و دەیبەن، چاوەکانیان لە نێو فرمێسکدا ئاوساون، دۆخەکەمان زۆر خراپتری لێ چاوەڕێ دەکرێ، بێنە بەرچاوی خۆت، لە ڕێگەی قاچاخچداین، چەند شەو لە خانووی قەرەجاندا ژیاین، چەند ڕۆژ نانمان نەخواردووە، ڕەنگمان زەرد هەڵگەڕاوە، برسیەتی لەپەلوپۆی خستووین، بچینە نەخۆشخانە، لایەنی کەم هەفتەیەکمان بۆ پشوودان دیڵنەوە. قاچاخچی ئێمەی لە جەنگەڵستان فڕێدا و لێی نەپرسینەوە، دوو جار لە دەست پۆلیس ڕامان کرد، نەبادا دەستگیر بکرێین و بکەوینە ژێر دار و شەقی پۆلیسی مافیای بولگاریا.

ئەم بیرکردنەوە نەرێنییانە دۆخەکەمان خراپتر دەکا، باشترە چیدیکە بیرنەکەینەوە و بە خەیاڵ نەگەڕێینەوە کوردستان، بیر لێرە بکەینەوە، ئەم ڕێگایە بە پیادەڕەوی کۆتایی نایەت، دەبێ هەوڵدەین بە تەکسی بچینە ناو شار، دەبێ تەکسی دەست کەوێ؟ دەڕۆین لە هەر کوێیەک بەرچاومان کەوت، دەستی لێ ڕادەگرین، بەو ڕێگا ڕاستەڕێیە دەڕۆین و دەڕۆین، دەڕۆین و نازانین بۆ کوێ دەڕۆین، ڕۆژ بە دەرکەوتووە و دنیای ڕووناک کردووە، گەر بەتەنێ بین و جانتامان لە شان نەبێ، بە شێت سەیرمان دەکەن، ئێستا چوار کەسین و جانتام لە پشتە، بە دڵنیاییەوە بە کۆچبەرمان دەزانن، لە ڕێگا دەستمان لە چەند ئۆتۆمبێلێک ڕاگرت، هیچی نەوەستان. باشترە بەرەو ئەو سککەی شەمەندەفەرە بڕۆین، گەر شەمەندەفەر هات سەردەکەوین، لانی کەم ئەوێ سەلامەتترە، لە کاتی پەڕینەوە بۆ لای سککەی شەمەندەفەرەکە، سەیارەیەکی پۆلیس وەستا و وەدوامان کەوت، ئەی هاوار و سەد هاوار، ئەو هەموو پۆلیسە

چییە؟ دیسان ڕاکردن دەستی پێکردووە، بە ڕاکردن ئەمسەو و ئەوسەرمان کرد، تا لە تەک سککەی شەمەندەفەرەکە خۆمان درێژ کرد و پۆلیسەکان بەلایەکی دیکەدا ڕۆیشتن، تا ئێستا ئەو دیمەنانەمان تەنیا لە فیلم و ئەکشن بینیوە، ئێستا خۆمان کارەکتەری ئەو دیمەنانەین، ئەوە سێ جارە، لە دەست پۆلیس ڕزگارمان دەبێ، خودا دەزانێ بۆ داهاتوو چی ڕوودەدا و بە کوێ دەگەین، بەیەکدیمان وت، ڕاستە پۆلیسی بولگاریا بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبۆتەوە، وەلێ زۆر هۆشیار نین، دەتوانین بە ئاسانی لەدەستیان ڕاکەین. بەڵێن، تەلەفۆن بۆ قاچاخچی بکە، بزانە وەڵام دەداتەوە. زەنگ نارڕوا و وەڵام نییە، ئەڵبەتە لە قاچاخچی بێ ئومێد بووین. شەمەندەفەریش دیار نییە، دەبێ بە خێرایی ئەم شوێنە جێبێڵین، ئێمەی پەناهەندەی قاچاخ، هەموو شوێنێک خەتەرناک و سامناکە، دەڕۆین و دەڕۆین، بۆ شوێنێکی نادیار ڕێدەکەین، لە دوور ڕا گەراجی تەکسی وەدیار کەوت، ئومێدێکی سەیارە هاتەوەبەرمان، بە ترس و لەرزەوە، بە مل سووڕان و سەر بادان بۆ هەر چوار لای خۆمان، لە تەکسییەکان نزیک دەبینەوە، دەبێ هۆشیار بین، پۆلیس نەمانبینێ و نەمانداتە بەر شەق و چاومان لە ڕەحمی مافیای بولگاری بێ، وەک شارلی شاپن ڕێدەکەین، گەیشتینە لای تەکسییەکان، لە کۆی هەشت تەکسی تەنیا تەکسییەک ئامادەبوو ئێمە سەرخا، ناهەقیان نەبوو، چوار جلوبەرگی تەڕ، پیس و ناشرین، خەریکە شێوەی مرۆڤ بوون لە دەست دەدەین. بۆ کوێ دەڕۆن؟ سەنتەری شار، کوێی سەنتەر شار؟ هەر کوێیەک بێ گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کەمێ لە نێو سەیارە بین و پشوو بدەین، چەند خولەکێک چاوەکانمان لەسەر یەک نێین و خەومان لێ بکەوێ، لە سەردەمی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، پێشمەرگەیەکی کورد، لە هیلاکی و شەکەتی، بە پێ و لە کاتی ڕۆیشتن خەوی لێکەوتبوو، بە خەوتنەوە ڕێی دەکرد، جا ئێمە چۆن

خەومان لێ ناکەوێ؟ ئاگامان لە خۆمان نەما، تا ئەو کاتەی شۆفێرەکەی دەستی لە شانمدا و بە دەست هێمای کرد، کە گەیشتووینە سەنتەری شار، دەی هاوڕێیان دادەبەزین، کرێی ڕێگاکە چەند دەکا، فۆڕ، فۆڕ! چوار، چوار، سێ یۆرۆمان پێدا و جێیهێشتین، ئێستا لە نێو بازاری سۆفیا دێین و دەچین، هیچ دوکانێک نەکراوەتەوە، تەنانەت شەقامەکانیش پاک نەکراوەتەوە، تاکوتەرا خەڵک دێ و دەچێ ئەو پاسانەی لەسەر سکەن، دێن و دەچن، چەند کەسێکی تێدایە، وێدەچێ بەرەو سەر کار بڕۆن، وردە وردە لەبەردەم ئەو دوکانە داخراوانە سەردەکەوین، دەخوازین کورسیمان وەبەرچاو بکەوێ تا لەسەری دانیشین، بە شەپە شەپ ڕێگا دەکەین، مزگەوتێکی گەورەمان لێوە دیار بوو، تاکە مزگەوتی سۆفیا، ئەو مزگەوتەی لە سەردەمی عوسمانییەکان دروست کراوە و ئێستا بە تەنیا بانگی لێدەدرێ و موسوڵمان ڕووی لێدەکەن، بەرەو لای مزگەوتەکە هەنگاومان نا، گەنج و پیر، ژن و پیاوی بولگاری دەبینین، بەم بەیانییە زووە بە ڕاکردن وەرزش دەکەن، شۆرتێک و پێڵاوێکی وەرزشیان لەپێدایە و ئەمسەر و ئەوسەر دێن و دەڕۆن، دیارە بایەخ بە تەندروستیان دەدەن، لە مزگەوتەکە نزیک دەبینەوە، وێدەچێ نۆژەنی بکەنەوە، پێداویستی نۆژەنکردنەوەی لێیە، قاڵدرمە و ئەسکەلە دانراوە، دەرگای مزگەوتەکە لەسەر ڕێگا گشتییەکەیە، پێویستە بچینە پشت مزگەوتەکەوە بزانین لەوێ چ باسە، ئەوێ گۆڕەپانێکی گەورە و فراوان بوو، دەیان کورسی دانرابوو، لە کورسی پشت مزگەوتەکەوە بە شەکەتی دانیشتین و بەرانبەرەکەمان بینایەکی گەورە و فراوانی ڕەنگاوڕەنگی سپی و زەرد و قاوەیی سەر قرمیت کراوی لێیە، لە بەردەم بینایەکە نافورەیەکی ئاو لەنێو مەلەوانگەیەکی بچووکی شینکراو دانراوە و ئاوەکە بەهەر چوارلادا شۆڕدەبێتەوە نێو مەلەوانگە دروستکراوەکە. بە شەکەتی جەستەوە دانیشتووین و دەڕوانین، لە هونەری بیناکردنی ڕۆژئاوا و

ڕۆژهەڵات دەڕوانین، لە بیرکردنەوە و سیستەمی ئەوان و خۆمان دەڕوانین. لە نێوان خۆمان قسەماندەکرد، ئێستا لە نێو سەنتەری بازاڕداین، پۆلیسی لێ نییە! شوێنەکەشمان زۆر باش نییە، پۆلیس بەم ناوەدا بێ و بچێ دەمان بینێ، ئێرە گۆڕەپانە و خەڵکی زۆر پێدادێ، بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێین، با بچینە نێو ئەو دارانەی ئەوبەر، ئەوێ پارێزراوترە. چەندی کردمان هێزمان نەبوو هەستین و بڕۆین، ماندوویەتی و بێهێزی چەند ڕۆژەمان کاریگەری نەک لەسەر جەستە بگرە لەسەر مێشک و هزریشمان کردووە، توانای بیرکردنەوەمان نەماوە، لە دوای بیست خولەک دانیشتن، بە بێهێزی هەستاین، دەڵێی قاچەکانمان شکاوە و خەریکە پێ دەگرینەوە. بەرەو ناو دارەکان دەڕۆین، چوار مەترێکمان مابوو بگەینە ناو دارەکان، سەیارەیەکی بەرزی ڕەشی پۆلیسی وەدیار کەوت، سێ پۆلیسی جل ڕەش، جەستە بەهێز، هاواریان بۆ کردین، سەیرکردنیان و هەڵاتنمان یەک بوو!

## شەقی پۆلیس و پژانی خوێنی سەرم

ئـەو ڕێگایـەی بـە لـۆژە لـۆژ بڕیومانـە بـە ڕاکـردن دەیکوتینـەوە، چـوار کۆچبـەر بـەو گۆڕەپانـەدا ڕادەکـەین، خـەڵکی بولگاریـا بەلایانـەوە سـەیرە، چـوار کەس ڕادەکەن و پۆلیس وەدوایان دەکەون، هەریەکە بەلایەکدا دەڕۆین، ئاکام هەمان ڕێگەی پێشووی گرتەوەبەر و بە ڕێگا سەرەکییەکەدا شۆڕ بۆوە، پۆلیس وە دوای نەکـەوت، منـیش بـەو جانتـا قورسـەوە ڕاکـە ڕاک، جانتاکـە لەنگـەری خـوار کـردووم، دەمهێنـێ و دەمبـا، چەنـد جارێـک ویسـتم بـەدەم ڕاکردنـەوە جانتاکە فڕێدەم و زیاتر هێز بدەمە بەر جەستەی بێهێزم و تیژتر ڕاکـەم، ئێمـە بـەو ماندوویـەتییـە و پـۆلیس بـە تێـری و بەهێزییـەوە لـە دوامـانن، خەریکـە گۆڕەپانەکـە جێـدێڵم، بـە خێرایـی و لـە ترسـان سـووکە ئاوڕێکمدایـەوە بینـیم پۆلیسێک بە خێراییەکی لە چاو دانەبوو، بە قەد بڕ بە دوای بـەڵێن و سـەرکار کەوتووە -ڕاکردنـی ئـەو پۆلیسـە گەنجـە، وەک ڕاکردنـی فیلمـەکان وابـوو، کـە کامێرا توانای تۆمارکردنی خێرایی ڕاکردنەکەی نیە-، پۆلیسەکیش بە تـەنیا لـە دوام بـوو، دوو مـەترێ لـێم دوور بـوو، دەسـتی بـۆ ڕاکێشـام جانتاکـەی پشـتم بگرێ، هەر بەدەم ڕاکردنەوە خۆم لارکردنەوە و دانیشتم، منی بۆ نەگیرا، بەڵکو بە زەویدا کەوت، ئەوسا هەستامەوە بە هەمان تیژەڕەوی ڕامکردەوە پێنج مەتر نەڕۆیشتم قاچم لە کۆسپێ گیربوو و بە زەویدا کەوتم، بەدەم کەوتنـەوە سـەرم بەرز کردەوە، پۆلیسە بەرەو لام دێ، زۆر بە خێرایـی هەسـتامەوە و ڕامکـردەوە، ئەمجارە پۆلیسەکە دارەکەی دەستی ڕاوەشاند و لـە نێوان قاچـەکانم گیربـوو و

بە زەویدا کەوتمەوە، بەو خێراییە لا سەری دەستە چەپم بە کبرستۆنی شەقامەکە کەوت، زەبر و ئازارێکی زۆر بەر سەرم کەوت، لەو کاتەی سەرم لەسەر کبرستۆنەکە بوو، باوڕم وابوو سەرم تەقیوە، ئەو ئازارەی سەرم زۆر زۆر بوو، هەستم دەکرد سەرم وەک هێلکە شلّەقاوە و تێکەڵ بووە، توانای هەستانەوەم نەبوو، توانای ئەوەشم نەبوو دەست لە سەرم نزیک کەمەوە بزانم چی لێهاتووە؟ پۆلیسەکە هاتە سەرم و بەو پۆستاڕە سەربازییە گەورەیە، کەوتە سەر گیانم، من توانانی هەستانم نەبوو، نەخوازە بەرگری بکەم، قیتی کردمەوە، دەستم لە لای سەرمدا، خوێنی ڕژاو دەستی سوور کردم، خێرا دەستەکانی لە پشتەوە کەلەمچە کردم و هەر لەوێدا دوو سێ داری ڕاوەشاند و لە عەزەڵەی قاچەکانی دام، دەگەڵ هاوارکردنم و سەیرکردنی خەڵکی وازی هێنا و دارەکەی لەبەر قەدی دانا، ئەوسا بەرەو ناو دارەکان بردمی، تێگەیشتم دەیەوێ لەوێ بە داران بکەوێتە سەر گیانم و هەنجن هەنجنم بکا، ترسی لەوە هەبوو خەڵکی ئەو لێدانە ببینێ و دیمەنی لێدانەکە تۆماربکرێ و بڵاوبکرێتەوە و بڵێن پۆلیسی بولگاری بەمجۆرە مامەڵەگە لەگەڵ کۆچبەران دەکەن، گەیشتینە نێو دارەکان و دارەکەی دەستی دەرهێنا، بەرلەوەی دەستی ڕاوەشێنێ تا توانام هەبوو، هاوارم کرد، پڕ بە دەنگ هاوارم دەکرد، ئەم هاوارکردنە ئەوی ترساند، ڕاستەوخۆ دارەکەی خستەوە بەر قەدی و هەوڵیدا دەمم بگرێ و چیدیکە هاوار نەکەم، بە ناچاری لە نێو دارەکان هاتە دەرەوە، پشتە ملی گرتووم و منی وەپێش خۆی داوە، خەڵک زۆر بە سەیری سەیرمان دەکا، داخۆ ئەمانە چین و کێن؟ دەبێ کۆچبەر بن؟ یا تیرۆرست و تریاکی؟ یا دز و چەتە و مافیا؟ ئاگام لە هیچ هاوڕێیەک نەماوە، ئەوانیش بە هەمان شێوە، هێندە دەزانم خۆم دەستگیر کراوم و کەلەمچە لە دەستم، گەیشتینەوە لای سەیارەکە، بەڵێن و سەرکار لەوێ دانراون و لە پێش من دەستگیر کراون، ئەو سێ

پۆلیسەی لەوێ وەستابووین، یەکیان لە دوای من و ئەوەی دیکە لە دوای بەڵێن و سەرکار بوو، پۆلیسە شۆفێرەکەش لای ئۆتۆمبێلەکەی مابۆوە، منیشیان لەوێ دانیشاند،

ئەو پۆلیسەی منی دەستگیر کرد، پێلەقەیەکی لە سینگی بەڵێندا و یەک پارچە لەگەڵ زەوی درێژی کرد، ئەوسا بە شەقان ئێمەیان خستە نێو سەیارەکەوە، ئەی داد و بێدار، ئەوەی نەمان دەویست ڕوویدا، ڕوویدا، دواجار پۆلیس ئێمەی دەستگیر کرد، تەنیا ئاکام ڕزگاری بووە، خودا دەزانێ بۆ کوێ دەڕوا و چی لێ بەسەردێ؟

لە تەک یەکدییەوە دانیشتووین و پۆلیسەکان بە پێوە بەسەر سەرمانەوە وەستاون، سەرکار، سەری بەرز کردبوو و چاوی لە پۆلیسەکان دەکرد، پۆلیسەکانیش چەند جارێک دەنگیان لێوە هات و دەنگیان گڕکردەوە، وەلێ هیچی لێ تێنەگەیشتین، ئەو پۆلیسەی بە دوای من کەوتبوو، تا توانای هەبوو، دەستی لێک کردەوە و کێشای بەسەری سەرکار، لەگەڵ کێشانی بەسەریدا، تەپڵی سەری تا نزیک چاوەکانی یەک پارچە سوور بوونەوە، سوور بوونەوەیەکی خوێناوی، تۆ بڵێی دەمارێکی هەستیاری ئازاری پێنەگەیشتبێ؟ تۆ بڵێی تووشی گرفتێکی مێشک نەبێ؟ ئاخەر ئەو مستەی بەو کێشرا، کەم نەبوو! لە دوای ئەو کێشانە بە سەریدا، سەری شۆڕکرد، تا گەیشتینە پۆلیستەیشن، لە نێو سەیارە بێڕێزی زۆرمان پێکرا، نووکە شەقی زۆرمان بەرکەوت، پێ کەوت، هەر لە ساتی دەستگیر کردنمانەوە ئەوەم لا ڕوون بۆوە، کە بولگاریا بە نێو لە چوارچێوەی وڵاتانی ئەورووپیدایە، ئەگەر نا ناتوانێ لە واقیعدا وڵاتێکی ئەورووپی بێ، لای ئەوان شتێک نییە بە نێوی مرۆڤ بوون، لەچاو بەریتانیا، باوکم ساتی گەیشتنی بە بەریتانیا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەو کاتەی دەستگیر کراین، زۆر بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردین و دەرگای

سەیارەیان بۆ کردینەوە و بەرەو پۆلیستەیشنیان بردین، خواردن و پێداویستییەکانیان بۆ جێبەجێ کردین، وەلێ ئێرە بولگاریایە و ئاوا مامەڵە دەکەن، لە دوای نیو کاتژمێر ڕێکردن، لەبەردەم پۆلیستەیشن وەستاین و چوینە ژوورەوە.

لە پۆلیستەیشن، دەستبەجێ ئێمەیان هەڵدایە ژوورێکی زیندان، ژوورێکی ڕەنگ قاوەیی تاریک تاریک، تەنیا ڕووناکییەکی بچووکی مەیلەو شین هەبوو، دوو کورسی دوو کەسی لێ دانرابوو، بۆنی میز شێتی دەکردی سەری بە ژان دەهێنای، ئەو ژوورە، هەشت کۆچبەری دیکەی تێدابوو، سێ کورد و پێنج کەسی دیکە، ڕەش پێستی دەموچاو ژەهراوی، هەرچی میزی هاتبا، لەوێ دەیکرد، ئۆف لەو دۆخە، ئەمە چییە؟ من لە تاو ئازاری سەرم هۆشم نییە، ئەو بۆنەش وەک بەنج وایە، جێگەی دانیشتن نەبوو، یەک تەخت لەسەر زەوی و لە نێو میزدا لێی ڕاکشام، جانتا نەفرەتییەکەم لە ژێر لا سەری دەستە ڕاستمە و دەستم بە لا سەری دەستە چەپمەوەیە، تا دوو کاتژمێر، کەس نەهات بە لامانەوە، پۆلیس هەر سێ کۆچبەری لە ژوور هێنایە دەر و بەرەو ژوورە لێکۆڵینەوە بران، سەرەتا سەرکار، ئەوسا من و بەڵێن چووینە ژووری لێکۆڵینەوە، زۆر بە توندی مامەڵەیان لەگەڵدا کردین و بە بێڕێزی و بە لێدانەوە پرسیاریان دەکرد، گەورەترین کێشە زمان بوو، وەک گوتم کەمێ ئینگلیزیم دەزانی ئەوان ئەوەشیان نەدەزانی، هەرچۆنێ بێ، بە کۆچبەر خۆمان ناساند، ورد و درشتی جانتاکانیان پشکنی و تەواوی جلوبەرگەکانمان لە کڵاوی هەتا پێڵاویان پێداکەندین، ڕووتان کردینەوە، تەنانەت ڕۆخی پانتۆڵ و کراسەکانیش دەگەڕان و دەستیان پێدا دەهێنا، هەرچی لامان بوو، زۆر بە وردی نووسیان، تەنانەت ژمارەی ئەو پارەیەی پێمان بوو، نووسییان، ئەوسا کەلوپەلەکانیان لێ سەندین و ڕەقەمێکیان لێدا و ڕەقەمێکیشیان بە ئێمەدا،

ژمارەکەی من حەوت بوو، بە خۆم و ژمارەوە ڕەوانەی ئەو میزخانەیان کردینەوە، دەمەو نیوەڕۆ لەو میزخانەیان دەرهێناین و کەلوپەلەکانیان پێداینەوە لەگەڵ کۆپیەکی دۆسیەکەمان، بە شەقان تا پێش دەرگای پۆلیستەیشن وە پێش خۆیانیان داین، وەلێ لەبەر دەرگا زۆر بەڕێزەوە فەرموویان لێکردین و دەرگای سەیارەیان لێکردینەوە، لە نێو دەرگای چوونە دەرەوە شەقێکیان تێوەژاندین و لەو دیو دەرگا بە دەست فەرموویان دەکرد!

ئەمجارە لە نێو سەیارەیەکی گەورەی پۆلیسی سپی داین، هەر خۆیان و خودایان دەزانن بۆ کوێ دەچن، لەوێدا سەیری ناو پەلی دەستە چەپم کرد، پیستەکەی نەماوە، لە کاتی بەربوونەوە و سەر بە زەوی کەوتنم ڕووشاوە، ئەوێش خوێنێکی زۆری لێهاتووە، وەلێ لەبەر سەرم هۆشم لەوێ نییە، هێندەم دەست بە جلوبەرگەکاندا هێناوە، هەمووی لەبەر خوێن سوور بووە، ناو لەپی دەستم، وردە بەردی زۆری تێدایە و لە کەلین برینەکەدا گیر بووە، لە لایەک هۆشم لە سەرمە و چاوم لەسەر دەستمە و بیرم لەوەیە بۆ کوێ دەڕۆین! کاتژمێرەکەی دەستم لەگەڵ کەوتم پەڕیوە و دیار نییە، نازانم کاتژمێر چەندە! مۆبایلەکەم هەڵکردەوە، سەیرمکرد دوازدە و نیوی نیوەڕۆ لایداوە، ماوەیەک لە نێو سۆفیا سووڕانەوە، لە کونسوڵخانەی عێراق هاوژینێکی گەنجی دهۆکیان هەڵگرت و ڕێگەمان گرتەبەر، بۆ کوێ؟ دیار نییە، لەو هاوژینەمان پرسیارکرد، بەرەو کوێ؟ وتیان ماوەیەکە زۆرە لێرەین، فەوتاوین بڕیارە دیپۆڕتمان بکەنەوە، ئەمڕۆ هاتینە کونسوڵیە و پاسپۆڕتی کاتیان بۆ دروست کردووین، دەماننێرنەوە کوردستان، لە لایەکیشەوە پێمان خۆشە، دەزانێ ئێمە لێرە مردین زۆر ناخۆشە، ئێرە بەس وڵات نییە. پیاوەکەش یاری بە مۆبایلەکەی دەکرد و تەنیا ژنەکە قسەی دەکرد.

- باشە، ئێستا بۆ کوێمان دەبەن؟ ئێوە دەبەنە کوێ؟

- ئێمە دەچینە خەرمەلی.
- خەرمەلی چییە؟
- خەرمەلی کەمپی کراوەی کۆچبەرانە.
- ئەو کەمپە لەکوێیە؟
- لە نزیک سنووری تورکیایە.
- چەند لێرەوە دوورە؟
- سێ کاتژمێر دەبێ.
- دەبێ ئێمەش بەرەو خەرمەلی بچین؟
- نا، ئێوە دەبەنە لۆبۆمێز.
- لۆبۆمێز چییە؟
- لۆبۆمێز زیندانە، زۆر ناخۆشە، برادەرمان لەوێ بوونە، دەڵێن مردووین و زیندووبوینەوە.
- لۆبۆمێز لە کوێیە؟
- ئەو لە سنوور نزیکترە و لە خەرمەلی دوورترە.
- لۆبۆمێز لە چ شارێکە؟
- لۆبۆمێز، هەم شارە و هەم زیندانە. دیپۆڕت بنووسن، لەوێ دەمرن.
- دڵنیای دەچینە لۆبۆمێز؟
- بەڵێ، چونکە تازە گیراون. بەس پێم سەیرە بۆ لە سۆفیاوە دەتاننێرنە لۆبۆمێز و لە بۆسمۆس دایان نەناون.
- بۆسمۆس، چییە؟
- زیندانی سۆفیایە.
- جیاوازی لۆبۆمێز و بۆسمۆس چییە؟

- لۆبۆمێز خۆشترە، بۆسمۆس زیندانی مافیاکانن، ئەوێ پڕیەتی لە چەقۆ و کەتەر و پیاو کوژ! کەس بە کەس نییە.

دەمەوێ زەنگ لێدەم، سەیری مۆبایل دەکەم و دەمەوێ زەنگ لێدەم، زەنگ ناڕوا، وێدەچێ ئینتەرنێت نەمابێ، ئێستا چۆن پەیوەندی بە قاچاخچیی بێ نامووس و کەسوکارمەوە بکەین؟ نازانم! سەیارەی پۆلیس لە شوێنێکدا لایدا و بەرەو خەرمەلی ڕۆیشت، ئەو هاوژینە گەنجەی لەوێدانا، ئەوسا ڕێی کردەوە و ئێمەی گەیاندە لۆبۆمێز، لۆبۆمێز لەسەر سنووری تورکیایە، ئەستەنبوڵ لە سۆفیا نزیکترە، نزیکەی سێ کاتژمێر لە نێو ئەو ماشێنە دابووین.

## زیندانی لۆبۆمێز Lyubimets

لە باڵاخانەیەکی بەهێزی تۆکمەی گەورە نزیک دەبینەوە، دەرگایەکی زۆر بەرزی ڕەشی ئەستووری ئەلیکترۆنی کرایەوە، لە دوای دوو سەد مەترێ دەرگایەکی دیکەی بەرزی هاوشێوەی تێل لەسەرداراو کرایەوە، ئەوە دوو دەرگامان بڕیوە، دەورێکی بە نێو زیندان لێدا و لە بەردەم بینایەکدا وەستا، لەوێ کەلەمچەکانیان لە دەست کردینەوە و بردیانینە ژوورەوە، سێ ڕەش و ڕووت هاتوون، لە پەنایەکی پرسگەکە دایاننایین و وتیان چاوەڕێ بن.

ئازاری سەر و مێشک و دەستم بێزاری کردوم، بە ئینگلیزی قسەمکرد، پۆلیسێکی کچ کە ئینگلیزی دەزانی وەڵامی دایەوە، وتم پێویستە بچمە دەستشۆر و ئەو خوێنەی دەستم پاک بکەمەوە، لە وەڵامدا وتی پەلەمەکە لە سەرەوە دوکتۆری لێیە با ئەو چارەسەرت بکا، زۆر باشە، چاوەڕوانم. بینای بەرانبەرمان بینایەکی درێژ و سێ نهۆمییە، لەوسەر بۆ ئەمسەری بیناکە پەنجەرەیە، زیندانیان لەسەر پەنجەرە دانیشتوون و مۆبایلیان لە دەستە، دیارە لەو شوێنە ئینتەرنێت باشە، بۆیە گشتیان لەوێن، جاروبار پۆلیس بەرەو بینای بەرانبەر دەڕۆیشتن، یاخوود زیندانی لەوبەرەوە بەرەو لای ئێمە دەهاتن، ئەو بینایە، تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوە و شوێنی دانیشتنی پۆلیس، بیناکەی بەرانبەریشمان تایبەت بوو بە زیندانیان، بیناکان، ڕەنگی سووری کاڵی مردووی لێدرابوو، لە کاتی چاوەڕوانیماندا، دوو کەس هاتن، بە کوردی وتی: کوردن؟ بەڵێ کوردین. دەی بەخێرین گوێ مەدەنێ، لەگەڵ دۆخەکە ڕادێن و هیچ کێشەتان نییە، کەمێکی دیکە دەتان نێرنە ئەوبەرەوە. ئێرەش پڕیەتی لە کوردا!

هــەر ســێکمان بــەرەو نهــۆمی ســەرەوە بانــگ کــراین، زۆر وردتــر لێکۆڵینـەوەیان لەگەڵدا کـردین، ژنێکی سێ ئەستێرە لەسـەر شـان، پرسـیاری لێدەکردم، کە بە ئینگلیزی لە یەکدی گەیشتین، ئەوسا پۆلیسێکی جل ڕەش جانتاکـەی ورد پشـکنیم، ئـاو و شـیرینییە بولگارییەکـەی لـە لای پردەکـەوە سەندبووم لێ فڕێدام، لە نێو جانتاکەم دوو قەڵەم و دەفتەرێکی تێدابوو، کە ڕاهاتووم بۆ هەر کوێیەک بچم، دەفتـەر و قەڵـەم لەگـەڵ خـۆم دەبـەم، زۆرجار شـتی لـە نێـو دەنووسـم، یـادەوەری جـوانی تێـدا تۆمـار دەکـەم، بەرلـەوەی لـە کوردسـتانەوە وەڕێکـەوم ئەوانـەم خسـتە نێـو جانتاکـەم، پۆلیسـەکە هـەردوو قەڵەمەکەی دەرهێنا بۆ ئەوەی فڕێداتە نێو تەنەکەی خۆڵەکەوە، زۆر تکام لێـی کـرد، فڕێـی نـەدا، کەچی فڕێیـدا و منیش چارم نـەبوو، دواتـر تێگەیشـتم ئـەو قەڵەمـەی فڕێداوە بـۆ ئـەوەی لـە مارکێتی زیندانەکە قەڵـەمێک بـە لیڤەیـەک بسەنم، دواجار ژنە سێ ئەستێرەدارە دەست سووتاوەکە، وتی کێشە نییە، دواتر خۆم قەڵەمت پێدەدەم! مۆبایلەکەیان وەرگرت و وتیـان تـا لـە زینـدان بـن لای ئێمە دەبێ، هـەرکاتێ بتانـەوێ وەرگیرنـەوە دەبـێ داوا لـە مارکێتەکـەی زینـدان بکەن، ئەو مۆبایلەتان بۆ بەرنە دوکانی بازار و کامێرای پێش و پشتی دەربێنن، ئەوسا دەتوانن لە زیندان بەکاری بهێنن، مۆبایلی کامێرادار قەدەغەیە. لە پاش پشکنینی جانتاکان، دانە دانە لەگـەڵ پۆلیسـێک ئێمـەیان بـردە ژوورێکی چـۆڵ، لەوێـدا هـەرچی جلوبـەرگ بـوو دامانکـەن، تیکـە تیکـە، ڕووتیـان کردینـەوە و دەورێک بـە چواردەورمانـدا سووڕانەوە و پشـکنینیان بـۆ هـەموو جلـەکان کـرد، هاوکاتی ئێمـە چەنـد کۆچبـەرێکی دیکەشیان هێنـابوو، بەیەکەوە لێکۆڵینـەوە و پشکنینیان بۆ کردین، بەرلەوەی من بچمە ئەو ژوورەی لێ ڕووتکرامەوە، ژنێک لەودیو دەرگاوە دەنگی دەهات، هـاواری دەکـرد، ئەیـەڕۆ عوسمان، ئـەوە دەڵـێ جلەکانت دانێ، ئەی هـاوار، کـوڕە چ بکـەم؟ عوسـمان بـە خـودا وازم لێنایـەنێ،

دەیەوێ خۆم ڕووت کەمەوە، دەڵێ دەبێ ستیان و مایەکەشت دانێ، ئەی حەیاچوو خۆم، تووشم بە تووشی چییەوە بووە؟ دە وەڵاهی عوسمان ئەوە ستیان و مایەکەشیان داکەن، ئەوە چم لێدەکەن؟ بەسەر ئێشە و ناوپەل دڕان و ماندوویەتی زەردەخەنم هاتێ. ژوورەکەی ئەولاتری دوکتۆرەیەکی ژنی قەڵەوی دوو سەد کیلۆیی لێ بوو، بە ناوی دوکتۆرە دایان نابوو، وەلێ وێنەدەچوو دوکتۆرە بێ، گەر دوکتۆرە بوایە چارەسەری جەستەی خۆی دەکرد، لای سەری تەقیوم نیشانیدا، هەر بەدەست وتی هیچ نییە، سەیرێکی ناوپەلی کردم، کەمێک دیتۆڵ و لەفافێکی بچووکی لێدا و وتی تەواو، هەستم بە ئازاری کڵاوە ئەژنۆی لاقی ڕاستم دەکرد، پانتۆڵەکەم هەڵکرد، ئەویش برین بوو، بە هەمان شێوەی دەستم دیتۆڵ و لەفافی لە سەردانا و بە پاڵ پێوەنان دەریکردم!

بە جانتا شڕ و جلوبەرگە بۆگەنبووەکان، لە بینای پۆلیسەوە بەرەو بینای زیندانیان دەڕۆین، لەسەر دەرگای زیندانیان، ژێر سەری و دۆشەک و پەتۆیان پێداین، لە چڵکدا ڕەنگیان گۆڕابوو، ڕەوانەی نهۆمی سێیەمیان کردین، ئەو پێداویستییانەی خەومان لە ژێر باڵدایە، دەرگای مەڕمەڕەکەی زیندانیان کرایەوە، سەیرمان کرد، لەمسەر بۆ ئەو سەر، هەموو جۆرە زیندانییەکی تێدایە و هەموو ڕەنگ و هەموو زمانێک دێ و دەچێ، ئەو زیندانەی هەرگیز بیرم لێنەکردبۆوە، هێندە خراپ و ناخۆش بێ، باوەڕم نەدەکرد، بۆنی ناخۆش و بێزارکەر، کەری لە زەوی دەدا، کوڕێکی درێژی بەوێدا تێپەڕێ شۆڕتێکی لەبەردابوو، قاچی ڕاستی نەخۆشی لێیدابوو، هەمووی برین بوو، خوێنی لێدەچۆڕا، خەریکە دڵ دەوەستێ، کەسێ نییە و نایە بە لامانەوە، کارتێکی بچووکیان پێداوین، لەسەری نووسراوە، ژووری سێ سەد و بیست و یەک، چووینە ژووری خۆمان، چواردە زیندانی ڕەنگ ناشرینی پۆخڵی لێ بوو، بەر

لەوەی جێگاکە ڕاخەین هاتینەوە دەرەوە، دوو ژوور ئەو لاتر، هەژدە زیندانی ئێزیدی لێ بوو، قسەمان لەگەڵ کردن و وتیان وەرنە ئەم ژوورەوە هیچ کێشە نییە. دۆشەک و پەتۆ و ژێر سەرییەکەمان خستەوە ژێر باڵ و هێنامانە ژووری سێ سەد و بیست و سێ، دۆشەکمان لێک کردنەوە لەسەر قەڕەوێڵە ڕایخەین، دۆشەک نوقمی سەدان زیندەوەری بچووکی ڕەش و زەرد بوو، دەستمان لەلای لوتماندا هێنا، ئێزیدییەکان وتیان ئەم دۆشەکانە بە کەڵک نایە، دەبێ وەک ئێمە لەسەر ئەو قەڕەوێڵە سارد و سڕە بخەون و گەر پەتۆکە بەکاربێ بە خۆتانی دادەن، یا ڕایخەن و بەشێکی بە خۆتان دادەن و لە خۆتانی ئاڵێنن، ئای داد و بێدادا!

بە شێوەیەکی گشتی ئێزیدییەکان هەوڵدەدەن کوردستان جێبێڵن، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنی ئارام نییە و هەمیشە دەچەوسێنرێنەوە، ئەو بەشە کوردە ئێزیدییە زیاتر لە شەنگال نیشتەجێن، کە یەکێکە لە شارە گەورە و کۆنەکانی کوردستان، لە سەردەمی زووەوە ئێزیدییەکانی تێدا نیشتەجێ بووە، بە درێژایی مێژوو و لە ماوەی ژیانیاندا لە لایەن دەسەڵاتدارەکانی سەردەمەوە بەردەوام ڕووبەڕووی کاولکاری و دەستدرێژی و خراپەکاری بوونەتەوە. لە سەردەمی تەیمووری لەنگەوە -سەردەمی فەرمانڕەوایەتی مەغۆلەکان- هێرشیان کراوەتەسەر، لە کاتی هێرش و کاولکاری لەنگ بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان، شەنگال -ئەو سەردەم نێزیکەی (٣٥٠٠٠) ماڵی تێدا نیشتەجێ بوو- کەوتە بەر ئەو هێرش و پەلاماری مەغۆلەکان و کۆی گشتی ناوچەکەیان وێران و خاپوور کران و تێکدرا. بەشێک لە دانیشتووانەکەی لەناوچوون، بەشەکەی دیکەی ئاوارە بوون.

دواتر و لەسەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سوڵتانی عوسمانییەکان، بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر ئێزیدییەکانی دیار بەکر و نێزیکەی سێزدە هەزار کەسی لێ

کوشتن و بەمەبەستی فرۆشتن دووازدە هەزار ئافرەت و منداڵیشی لێ بەدیل گرتن.

لە پاشان، لە سەردەمی حەسەن پاشادا، هێرشێکی گەورەی کردە سەر ئێزیدییەکان و کوشتارێکی زۆری لێکردن و ژمارەیەکی زۆری لە ئافرەت و کچانی بەمەبەستی فرۆشتن بەدیل گرت.

هاوکات، زۆربەی ژنانی ئێزدیدی لە لایەن سەربازانی سووپای شاوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەوە. هیچ سەددەیەک نەبووە، ئێزیدییەکان بەبێ هێرش کردنە سەریان ژیابێتن، هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ دابوون، لە سەردەمی سلێمان پاشاشدا، هێرش کرایە سەر ئێزیدییەکان و هەزار پیاویان لێ کوشتن و ئافرەتە جوان و گەنجەکانیانیشیان برد، دەیانفرۆشتن و بۆ بەتاڵ کردنەوەی حەزی سێکسی بەکاریان دەهێنان. دواجار، لە مانگی ئابی ٢٠١۴ـدا، لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش" هێرش کرایە سەر ئێزیدییەکانی شەنگال و خەڵکێکی زۆر لە نابران و ئافرەتەکانیان کردە کۆیلە و دەستدرێژی سێکسی کرایە سەریان و بەشێکی زۆریان فرۆشران! ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دران. بە درێژایی مێژوو، بارودۆخی ئێزیدییەکان خراپ بووە، بەهۆی دینەوە بەردەوام هێرش و تاڵانکاری ڕووی لەوێ کردووە، لەبەرئەوە ئێزیدییەکان ئەگەر بۆیان بگونجێ دەیانەوێ کوردستان جێبێڵن و ڕوو لە ئەورووپا بکەن، ئەوان باوەڕیان وایە، لە ساڵانی داهاتوو، زۆرینەی ئێزیدییەکان بنەوبارگەیان بەرەو ئەورووپا دەگوازنەوە و تاکوتەرا لە کوردستان دەمێنن، هاوشێوەی جولەکەکان کە لە ساڵی (١٩٥١) کوردستانیان جێهێشت و چوونە ئیسرائیل.

تازە تێکەوتووین و زیندانین، ئێرە بولگاریایە، کوردستان کوردستان بوو، ئەو دۆشەکە خراپ و داشقەیەمان وەلانا، گەڕام دۆشەکێکی کەمێ پاکترم

وەچنگ کەوت، جیاوازی لەگەڵ دۆشکە تازە وەرگیراوەکە لەوەدابوو، ئەمەیان زینــدەوەرە بچووکــەکان تــەنیا لــە چوارچێــوەی دۆشــەکەکە ماوەتنــەوە و نەپەڕیوەتنەوە سەر تەواوی دۆشەکەکە، ڕامخست و لەسەری درێژ بووم، لە تاو ئازار هۆشم لە خۆم نییە، گەنجە ئێزیدییەکان بانگیان کرد، هەستە بچینە کافتریا کاتی نان خواردنە، هەر سێکمان بەیەکەوە لەدوای گەنجە ئێزیدییەکان ڕۆیشتین، نهۆمی یەکەمی ژێر زەوی کافتریا بوو، چووینە خوارەوە و خواردنمان وەرگـرت، ئـەو ئێوارەیـە پەتاتـەیان لـەنێو قـاپێکی بچـووکی سـەفەری پێـداین. لەگەڵ سێ لەتە نان و کێکێک بۆ دوای نان خـواردن، لەگـەڵ وەرگرتنی ژەمە خواردنمان و وەڕێکەوتنمان بۆ سەر مێز و کورسی نـان خـواردن، دەستمان بە خواردنی کرد، دەڵێی گورگمان ڕاوناوە، خواردنەکە بە زوویی تـەواو بـوو و هـەر برسـیمانە، وەسـتاین و چـاوەڕێ بـووین، تـا زینـدانیانی دیکـە لەسـەر مێـز و کورسـییەکەیان هەڵسـن، بـزانین هـیچ زیندانییـەک هەیـە، خـواردنی تـەواو نـەکردبێ و بیخـۆین؟ چانسـی ئێمـە ئـەو ئێوارەیـە شـتی وانـەبوو. بـە هـەناوی خاڵییەوە چووینـەوە سـەرەوە، زۆر ئـارەزووی ئـاو دەکـەین، ئـاو! ئـاوی سروشـتی! ئاوی خواردنەوەی ئـەم زیندانـە لەکوێیـە؟ هـاوڕێی ئێزیـدی دەگـەڵمان هـات و ڕێگـەی دەبڵیوسـی نیشـاندا‌ین، وتـی تـەنیا ئـاوی خواردنـەوەی ئـەم زیندانـە، ئەمەیە! ئاوی زیندانیان، ئاوی ئاودەستە؟ بـەڵێ. ئێـوە بیخـۆن، بـزانن چ تـامێکی هەیە! دەممان بە شۆرەی ئاودەستەوە نا، تا گەدەمان پڕ بـوو، ئاومـان تێکـرد، برسیەتی و تینویـەتی زۆر هیلاکـی کـردووین، نـەمانتوانی پڕ بـە گـەدەمان نـان بخۆین، خۆ دەتـوانین پڕ بـە گـەدەمان ئـاو بخـۆین! ئاومـان خـوارد و گەڕاینـەوە هـەمان ژووری خۆمـان، خەریکـە توانـای قسـەکردنمان دێتەوەبـەر، کۆچبـەرانی ئێزیدی لێمان کۆبوونـەوە، پرسیاری خـەڵکی کـوێن و لـەکوێوە هـاتوون و کـەی گیراون و دونیایەک پرسیار لەمەڕ ڕێگەی قاچاخی کۆچ، ئەوانیش بەسـەرهاتی

خۆیان باسکرد و دواجار وتیان ئێرە زیندانی دزانە! دزا! هەرچی پارە پوڵی پێتانە، یا مۆبایل و کەلوپەلی بە نرخ لێرەی جێمەیەڵن، هەمیشە لای خۆتانی دانێن، چونکە زوو زوو دزی لێدەکرێ، بەتایبەتی لە کاتی نان خواردن. ئێمە میوانی تازە زیندانی کوردین، چوار زیندانی کورد لە ژووری خۆیانەوە هاتنە لامان، بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕیان کردین و زۆر دۆستانە هاتنە پێش و وتیان هەرچیتان پێویست بوو پێمان بڵێن ئێمە لە ژووری سێ سەد و شازدەین! ئێستا دەمانبردنە ژووری کوردان، بەڵام جێگا نییە، هەر جێگامان بوو، پێتان دەڵێین و وەرنە لای خۆمان، خۆشترە و کەمتر هەست بە ئاوارەیی دەکەن، لەنێو ئەو کوردانەی ژووری کوردان، سەباح ناوێکی تێدابوو، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، کوڕێکی سی ساڵە بوو، زۆر هاوکار و یارمەتیدەر بوو، دەستبەجێ مۆبایلەکەی دایە دەستمان و لەڕێی فەیسبووکەوە زەنگمان بۆ ماڵەوە لێدا.

- سەلام، کاکە.
- هەلەو، هەلەو، زامدار، چۆنی؟ بۆ دەنگتان نییە؟ بیستوومە دەستگیر کراون، وایە؟
- بەڵێ، ئەمڕۆ دەستگیر کراین، چۆنت زانی؟
- ئاکام پەیوەندی بە براکەیەوە کردبوو، براکەشی بە ئێمەی وت.
- ئەی ئاکام لەکوێیە؟
- ئەو ڕزگاری بووە، ئێستا لە خانوویێکی دیکەیە و لەگەڵ قاچاخچییەکی دیکە ڕێککەوتووە. پێم بڵێ لە کوێ؟ و بۆچی؟ و کەی دەستگیر کران؟
- قاچاخچی بە گرتی داین، لە سۆفیا.
- ئەی ئێستا لەکوێن؟
- لە زیندانی لۆبۆمێزین. نازانم کوێیە.

- دەی باشە، گوێی پێمەدەن. زیندان مەردەسەی ژیانە، هیچ نییە لە زیندان ئازاد دەبن و دەردەچن، کاتی خۆی منیش چەند مانگ لە یۆنان گیرام و ئازاد کرام، بە جددی مەگرن، هەر بە فشقیات و پێکەنین کاتەکانتان بەسەر بەرن. باوکم دڵتەنگی خۆی دەشاردەوە و هەوڵیدەدا من دڵخۆش کات، ئەی بەڵێن و برادەرەکەی دیکەت لەگەڵە؟
- بەڵێ. ئەوان سڵاویان، ئەو برادەرەمان ناوی سەرکارە، ئەوە ژمارەی باوکییەتی، پەیوەندی پێوەبکەن و پێی ڕاگەیەنن، کە دەستگیرکراوە.
- باشە. وەک وتم زۆر گوێی پێ مەدەن و بە پێکەنین کاتەکان بەسەربەرن. ئەوە دایکت دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکا.
- ئەلو.
- کوڕە ئەلوی چی؟ منت کوشت، وێران و داغانت کردم، بۆ ڕۆیشتی و خۆت خستنە زیندانەوە؟
- دایکە گیان، ئێستا کەی کاتی ئەم قسانەیە؟
- کوڕم، تۆ ئاگات لە دڵی من نییە، من کوڵاوم! برژاوم، بەخوا بەرگەی دوریت ناگرم. قوڵپ قوڵپ گوێم لە گریانی دایکمە! گریانی دایکم، قەڵەمی دەست و پێیەکانی شکاندم، تەواو بێهێز و ماندووی کردم، لەسەر ئەژنۆ کەوتم. وێنای گریانی لەبەرچاومە، فرمێسک بە کوڵمە دێتەخوارێ. دەمەوێ دان بەخۆمدا بگرم و لە قسەکردن بێتاقەت نەبم.
- دایکە، دایکی من، من لێرەم و زۆر باشم، تۆ بۆ وادەکەیت؟
- نا، بەخودا درۆ دەکەی، ڕاست ناکەیت، لەبەر من دەڵێی باشم، تۆ کەی فێری زیندانی کە زیندانت بینیوە؟ لەوێشەوە درۆم لەگەڵ دەکەی؟
- دایکە گیان، بە خودا من باشم، ئێرە پڕیەتی لە کورد، کوردی زۆر باشی لێیە، ئەوەتا بە مۆبایلی هاوڕێیەکی کورد، تەلەفۆنم کردووە.

- زامدار، زامدار گیان، کە وتیان دەستگیر کراوی، ئاگام لەخۆم نەما، لە هۆش چووم، تەواو بە خودا من دەمرم لە دوری تۆ. ئەم قسانەی دایکم هێندەی دیکە ئازارم دەدا، لە ناخەوە دەکوڵێم و نامەوێ لە قسەکردن دەریبڕم، خۆ بزانێ لا سەرێکم تەقیوە، شێت دەبێ!
- دایکە گیان، خۆ پێشتریش وتم لەدوای خوێندنی ماستەر دەگەڕێمەوە، تۆ بۆ خۆت خەمبار کردووە؟
- چۆن دەزانم لێم دووری، ئاواش دەزانم ڕاست ناکەی، لەبەرمن ئەو قسانە دەکەی، توخوا پۆلیس لێی نەدان؟ ئازاریان نەداون؟ ڕاستم پێ بڵێ درۆم لەگەڵ مەکە. دەی پێم بڵێ، خەریکە دڵم دەتەقێ لە پێستی خۆم دێمە دەرێ. کوڕە ئەو ماڵە بێ تۆ چۆڵەوانییە. خەریکە دڵم دەوەستێ!
- دایکە، وامەکە من نامورتاحی تۆ بم، بەخودا قەسەم، زۆر باشم! هیچم نییە و سەلامەتم.
- کەوایە، کامیرای مۆبایلەکە بکەرەوە و هەموو جەستەتم نیشاندە.
- دایکە گیان، ئەو مۆبایلانەی ئێرە بێ کامێران، هیچی کامێرای نییە، دەتوانم تۆ ببینم بەس تۆ ناتوانی من ببینی.
- ڕاست ناکەیت، ئاکام وتبووی ئاگام لە هاوارکردنی زامدار بووە، دیومە دەستگیرکراوە، چۆن باوەڕت پێبکەم سەلامەتی؟ هەمیشە سەیری تەلەفزیۆن دەکەم، دەزانم پۆلیسی بولگاری بە خراپی مامەڵەگە لەگەڵ کۆچبەران دەکەن، چەند کۆچبەر مردوون، دە وەرەوە توخوا وەرەوە، کۆتایی بەو برینەی سەر دڵم بێنە، ئەو ماڵە بۆتە دۆزەخ، لەبەرتۆ ئاگام لە کەس نەماوە. کوڕە من دەمرم، بەخوای دەمرم! وەرەوە توخوا وەرەوە.

منیش لە ناخەوە دەکوڵێم، دەمەوێ بدەم لە پرمەی گریان، لەبەر دایکم دان بەخۆمدا دەگرم، نامەوێ نا ئاسوودەتری کەم.

- دەی دایکە گیان، دڵنیابە باشم، عەیبە ئەو مۆبایلە دەدەمەوە بەو کوڕە هاوڕێیەم، کاری پێیەتی لە ڕێی ئەو ئەکاونتەوەی دەتوانن پەیوەندیم پێوەبکەن.
- باشە، بەس مەڕۆ، قسەم بۆ بکە، کوڕە بەرگە ناگرم، چیدیکە بەرگە ناگرم، بەرگەی دوریت ناگرم، ڕۆژی سەد جار دەمرم و دەژیەمەوە.
- دایکە گیان، بەسەرچاو دەگەڕێمەوە، خەمت نەبێ. بەڵام خەم مەخۆ، دەگەڕێمەوە.
- دە سوێندم بۆ بخۆ دەگەڕێیتەوە.
- قەسەم بە خودا، دەگەڕێمەوە. باشە، ئێستا ئاسوودەی؟
- نا، من و ئاسوودەیی؟ تا نەگەڕێیتەوە نابم، ئاسوودەنابم. کوڕە خەریکە لە پێستی خۆم دێمە دەرەوە. بە گریانی بەرزەوە، دە وەرەوە، تخوا وەرەوە. کوڕە لاقم زەوی ناگرێ، ناتوانم بڕۆم.
- دایکە گیان، خودا هافیز خودا هافیز.

ئەو قسانە، تەواو وێرانی کردم، خەمی خۆم نییە، خەمی دڵی دایکمە، ئاوا بۆم دەسووتێ. بە دڵتەنگییەوە هاتمەوە نێو چوار هاوڕێ کوردەکە، وتیان برام گوێی پێمەدە، هەمووممان کوردین و ئاگامان لە یەکترە و خەم لە هیچ مەخۆ. ئەمجارە بە تەنێ چوومە ئاودەست، بۆ ئاو خواردن! لێرە ئاو خواردنەوە بەمشێوەیەیە. دونیایەک ئاوی دیکەم خوارد و میزم بۆی شۆڕکردەوە! ئای لەو دیمەنە قێزەونە. ئەو شەوەمان لێ بووە شەوی یەڵدا، نەدەڕۆیشت و نە دەڕۆیشت. تا نزیکەی کاتژمێر دە و چل خولەک ئەو زیندانییە کوردانە لامان بوون، ئەگەرچی زیندانییە کوردەکانی هاوژووریان دەهاتن و بەخێرهاتنیان دەکردین.

بەیانی زوو بەخەبەرهاتین، پرسیارمان کرد، لە کوێ دەتوانین خۆمان بشۆرین، خەریکە گەڕ بین، هەفتەیەکە خۆمان نەشۆردووە، پەلەمەکەن ئێوارە

کاتژمێر چوار کاتی خۆ شۆرینە. ئێستا کاتژمێر نۆی بەیانییە، کاتی نان خواردنە، با بڕۆین نان بخۆین، هەر سێکمان شۆڕبوونەوە، نانی بەیانی دەخۆین، کە تەنیا کێکێکی شیرینی سەد و چل گرامی و چایەکی زەردی زەرداوی بوو. کاتژمێر یەک بۆ دووی نیوەڕۆ کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ بوو، ئەم ژەمە، هاوشێوەی دوێنی ئێوارە پەتاتە و سێ لەتە نان و قۆخێک هەیە، ئەو نانە هەر بەشی بخۆ و بژی دەکا، لە ماوەی مانگ و نیوێکی زیندان، بە هۆی کەمی و خراپی خواردن و نەبوونی ڤیتامین، ڕەنگی پێستم گۆڕابوو، شا دەمار و موولوولە بچووکەکانی دەماری جەستەم وەدیارکەوتبوون، دوازدە کیلۆی کێشم دابەزیبوو!

پەیوەندی و هاتووچۆی زۆرم بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو، ئەمە سەرەتایەکی باش بوو، بۆ تێکەڵاو بوون لەگەڵ سەباح، کە کۆچبەرێکی مەریوانی بوو، لە کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ، فەرمووی دواتر وەرە ژوورەوە شامپۆ و سابوونت پێدەدەم بەیەکەوەش دەچین بۆ حەمام، دواتر تایتیت وێدەدەم و بەیانییەکی زوو ئاگادارت دەکەمەوە جلوبەرگەکانت بە ئاوی گەرم بشۆ، زۆر باشە، ماڵت ئاوا. لە دوای کاتژمێر چواری دوا نیوەڕۆ، بەرەو حەمام دەڕۆین، سیپاڵێکی شڕم بە شانەوەیە، بە دڵتەنگی و سەر ئێشە و ناو پەل برینەوە، لە نۆبەتی خۆ شۆرین وەستاوم، نۆبەتم گەیشتێ، لە حەمام و لە کاتی خۆ شۆرین، گەیشتمە ترۆپکی ئاوارەیی و نامۆیی، فرمێسکی چاوانم تێکەڵ بە ئاوی شۆرە بووبوو، یەکەمجارە لە ژیاندا هێندە ئاوارەیی بەسەرمدا زاڵ بێ، شامپۆم لەسەر داوە و زۆر بە هێمنی دەستەکانم لە نێو سەرم دێنم و دەبەم، لاسەری شکاوم، ئازاری زۆری هەیە، هێشتا جەستەم نەشۆریوە، پۆلیس دای لە دەرگا و (برزو، برزو/ خێرا، خێرا)ی دەست پێکرد، واتە خێرا وەرە دەرەوە. لێرە ناتوانی بە ئیسراحەت خۆت بشۆیت.

شـەو، لـە زینـدان بۆمـان ڕوونبـۆوە، قاچاخچییەکـەمان کەسـی دەسـت نەکەوتووە تا ئێمە بـەرەو سرِبیا ڕەوان بکات، لەبەرئـەوە ویستوویەتی بمانداتـە دەست پۆلیس و خۆی لەو کێشە و بێنە و بەرەیـە ڕزگار بکات، دوو هـەزاری دۆلاری ڕێگەی نێوان توریکا بولگاریای سەندووە، بۆ ئـەوەی خـۆی لـە فشار و قورسایی ئێمـە کەمکاتـەوە، بـەمجۆرە ئێمـەی هەڵدایـە زینـدان، لـە ڕاسـتیدا ئەو قاخاچخییە تەنیا لە نێوان تورکیا بولگاریا ڕێبـەری هـەبوو و دەیتـوانی کۆچبـەر بنێرێ و کاری قاچاخچییەتی بکات.

هـەموو ڕۆژێ بـە هـەمان شـێوە، سـێ ژەم نـان خواردنمـان هەیـە، نیـو کاتژمێر بۆ خـۆ شـۆرینی زینـدانیان دانـراوە، چرکە وەک ڕۆژ درێـژ و خولـەک وەک ساڵ درێژ و ڕۆژ وەک سەدە درێژ تێنەدەپەڕی، ڕۆژ و دوان، شەو و ڕۆژ بیست و چـوار کـاتژمێر نـەدەڕۆی، کـورد دەڵـێ دۆم بـە دانیشـتن مـاڵی وێرانـە. ئێمەش ڕانەهاتووین، هەمیشە لە شوێنێ بین، نەجوڵێین و نەڕۆین و نەگەڕێین، کـات زۆر بــە سـەختی دەڕۆیشــت، وردە وردە لەگــەڵ زیندانییــە کوردەکـان تێکـەڵی زیاترمـان پەیـدا کـرد، ڕۆژانـە و شـەوانە، خـەریکی یـاریکردن بـووین، (دامـە، تاوڵـە و دۆمینـە)ی لـێ بـوو، بەوانـە خۆمـان دەخافڵانـد، جاروبـار لەگـەڵ سـەباح گفتوگـۆی سیاسـی و ئـەدەبی و کۆمەڵایـەتیمان دەکـرد، کـوڕێکی تێگەیشـتوو و هۆشـیارتر بـوو، بـە گشـتی تـاکی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان ئاسـتی ڕۆشنبیریان بەرزە.

زیندانی لۆبۆمێز، زیندانی کۆچبەرانی جیهانییە، کۆچبەری کورد، عەرەب، فارس، تورک، ئەفغانی، پاکستانی، مەڕاکیشی، ئەفریکی، سریکلانی، نەیجیری و بەنگلادیشـی تێـدابوو، هـەموو زمـان و میللـەتێکی تێـدابوو، دۆخـی دەروونـی زیندانیان باش نەبوو، پـۆلیس وەک ئـاژەڵ مامەڵـەی لەگەڵ زینـدانیان دەکـرد، بـۆ وێنـە: لە لایەن ژووری ئینتەرڤیـو بـانگی زیندانییـەکیان دەکـرد، پۆلیسـی

پاسەوانی ژوورەکان قاچی وەبەر قاچی زیندانی دەدا، بۆ ئەوەی بەربینەوە. لە پشتەوە لە سەر و ملیان دەدان و پۆلیسەکانی دیکەش بەو سوکایەتییەی بە مرۆڤ دەکرا، پێدەکەنین و قاقایان لێدەدا. شەوێک، زۆر نەخۆش بووم، تووشی لەرزین ببووم، هەموو گیانم دەلەرزی دەگەڵ نێچیری هاوڕێی زیندان، کە کەمێک بولگاری دەزانی پۆلیسمان ئاگادار کردەوە، بۆ ئەوەی ڕێگەمان بدات بچینە لای دوکتۆر، بەڵام بە هیچ جۆرێک دەرفەتی نەدا، نێچیر وتی: تەندروستی زۆر خراپە، تکایە ڕێگامان بدەن، وتی: خراپە چییە؟ با بمرێ، خواش بێتە خوارەوە، نایەڵم بچنە لای دوکتۆر. کۆچبەری زیندان، هەر داد و بێدادیان بوو، لەدەست پۆلیسی بولگاری، بەیانییەکی زوو، پۆلیسێکی زلوزەلام، بە بێ هیچ هۆکارێک، شەقێکی وەشاند و لەکڵاوە ئەژنۆی بەڵێنیدا، بەڵێن خۆی نەخۆش بوو، هێندەی دیکە بوو، دوو هەفتە بە لەنگە لەنگ دەڕۆیشت، بەڕاستی دۆخی کۆچبەران لە زیندانی بولگاریا فرە سەخت و ناخۆش بوو! گوڵئەفشا، کۆچبەرێکی ئەفغانی بوو، بەدەست پۆلیسی بولگاری سینگی کونکرابوو و هەشت مانگ لە زیندانی تاک نەفەری دایاننابوو، ئەوسا هێنابوویانە لۆبۆمێز، زەفەریقبالی پاکستی بەدەستی پۆلیسی بولگاری چاوێکی کوێر کرابوو، هاوزیندان بووین، دەیان کۆچبەری دیکە، بە هۆی کۆچی نایاساییەوە تووشی "سەر شکان، لووت شکان، ددان شکان، دەست شکان، قاچ شکان، سینگ تەقاندن، کوێر بوون" ببوونەوە.

# دیپۆڕی بولگاریا

ورده ورده لەگەڵ سەباح تێکەڵاوبووین، هەموو باسوخواسێکمان کردەوە، کاتی خۆی پەیوەندی لەگەڵ پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە، لە دوای ئاشکرابوونی ئەو پەیوەندییە، لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەتایبەتی "ئیتلاعات" وێڵ و عەوداڵی گرتنی بوونە، لەبەرئەوە بەپەلە مەریوانی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو وڵاتانی ئەورووپی و ئینگلیستان بەجێدێڵێ، ئەو لە ژیان زۆر بەدبەخت بووە، لە سیری ڕا هەتا پیوازی سەرگوزەشتەی بۆ گێڕامەوە.. ئای بۆ ڕۆژانی لەدەست چووا! ئەو ئێوارانەی دەگەڵ خانەوادەکەم لە دوای تەواوکردنی کاری تۆرنە، بەرەو ڕۆخ دەریاچەی زرێبار دەچووین، لەوێدا پشوومان دەدا و ماندوویەتی جەستەمان نەدەما، چاییەکی خەڵوزی دەستی دایکمان بە شەکری کوڵاوەی پڕ لە گوێز نۆش دەکرد، بە ڕوانین لە دار و زەوەندی نێو زرێوار و بینینی ئاوابوونی ڕۆژی نێو ڕۆژهەڵات، چەند بە چێژ و ئەدگاری خۆشە، دەبێ کەی بگەڕێمەوە و دەستی دڵبەخەم و دڵشکاوی دایکم ماچ کەم، کڕنۆشی بۆبەرم. منی بەدبەخت، بە پارەی خۆم بەرەو ڕێگەی مەرگ ڕۆیشتم، نزیکەی پەنجا کۆچبەر لەگەڵ ڕێبەرێکی تریاکی ڕێگەی نێوان تورکیا بولگاریا دەبڕین، ئەو تریاک کێش و حەب خۆرانە، ماندووناناسن و بەها بۆ کۆچبەرەکانی دانانێ، تەنیا هێز و توانای خۆی لا مەبەستە. ئێمەی کۆچبەران بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان هەڵکشابوو، توانای ڕێکردنیان نەما، بە "پلیس، پلیس و لوتفەن" بۆ ماوەیەک ڕێبەرەکانمان کەمێک پشوویاندا. پیاوێکی

بە تەمەنی تەمەن پەنجا و پێنج ساڵی جگەرە کێش، ناوی محەمەمد بوو، تەواو شەکەت و ماندووبوو، داوای یارمەتی لێکردم و لەگەڵیدابم و کۆمەکی بکەم، منیش وەک ئەرکێکی ئەخلاقی مرۆڤدۆستانە، دەمویست یارمەتی بدەم، ئەو محەمەدە لەدوای گشت کۆچبەرەکانەوە و منیش لەتەکیدا دەڕۆم، تووشی دڕکودار بووین، زیاتر لە دە خولەک بەناو ئەو ئازارە دارڕۆیشتین، دەموچاو و دەست و ئەندامانی جەستەمان کە بەدەرەوە بوو، تەنانەت دڕکەکان هێندە بەهێز بوو، بەشێک لە جلوبەرگەکانمانی دڕی. دڵخۆش بووین لەوێدا ڕزگارمان بوو، ڕێبەرەکان لە پێشەوە ڕاکە ڕاک دەڕۆن، ئێمەش بە ڕاکە ڕاکە بەدوایان کەوتین، لەکاتی ڕاکردن لە پرڕدا، پێڵاوم لە پێدا نەما، ئای خودا! ئەمە چ بەدبەختییەکە تووشم بوو، خۆم چاوم کزە، دەستێکم بە چاویلکەکەمەوە و بە دەستەکەی دی دەست لە زەوی دەدەم و بە دوای تاکە پێڵاوەکەمدا دەگەڕێم، بیر و خەیاڵم لای هاوکۆچبەرەکانمە، کە جێیان هێشتووم، دەڵێن: خودا دەرگایەکت لەسەر داخا، دە دەرگات بۆ دەکاتەوە، تاکە پێڵاوەکەم دۆزییەوە و بەپەلە لەپێمکرد و تا توانام هەبوو، ڕامکرد و هاوار هاوار، بۆ ئەوەی پۆلە کۆچبەرەکە بدۆزمەوە، زیاتر لە پێنج خولەک ڕۆیشتم تا گەیشتمەوە تیپەکەمان، لە ڕۆیشتنی خێرادا، بەخێرایی ڕێبەر وتی: "بشین، بشین"، "دانیشن، دانیشن"، دیاربوو ڕێگەی ونکردبوو، چاوی لە (Gps) کرد، لەوێدا بۆمان دەرکەوت، ڕێبەرەکەمان ڕێگەی ونکردووە، لە بنەڕەتدا، ئەو تریاک کێشە، ڕێبەر نەبوو، ڕێ ونکەر بوو، ئەو ڕێ ونکەرە بەشێوەی هیلالی ڕێگەی کردووە، یانی دوو کاتژمێری دیکە ڕۆیشتباین، دەگەیشتینەوە ئەستەنبوڵ، لەو کاتەدا، چەند پۆلیسێکی بولگاری بە سەگەوە لێمان وەدەرکەوتن و لایتیان لێداین و "فەک، فەک، ستۆپ، ستۆپ"، چواردەوریان گرتین، ڕێبەرەکانیش وەک کۆچبەر خۆیان ناساند، کەمێ لەولای کۆچبەرەکانی دیکە دانیشتبووم،

پۆلیسێکیان هات، بە هەموو توانایەوە شەقێکی لێدام، بەخودا دوو میتری بەرز کردمەوە و هێزی قاچی دەتوت زنجیری دەبابەیە، خۆم بە لایەک و چاویلکەکەم بە لایکدا، لەوێ گشتمانیانی لەسەر سک لەسەر زەوی درێژکرد و هەرچی پارە و مۆبایل و کەلوپەلای بەنرخمان لابوو وەریانگرت، لەدوای وەرگرتنی کەلوپەلەکانمان، وتم: "مستەر، مستەر، گلاسس، گلاسس/چاویلکە" پۆلیسەکە بە چاو وتی بیهێنەوە، خوا هاوار، خۆم چاوم کزە، بەبێ چاویلکە چۆن چاویلکەکەم بدۆزمەوە، باش بوو، پۆلیسەکە لایتی لێدا و چاویلکەکەم دۆزییەوە و وتی: "کویکلی/خێرا"، وەرەوە ناو کۆچبەرەکانی دی، تا شەقێکی دیکەی وەک ئێستام لێت نەداوە، سەباح، بە پێکەنیەوە، وتی: دەستم بۆی بەسینگەوە گرت و سپاسم کرد، پێویست ناکا ئەزێت بکێشی، هەرچۆن دەستوور دەدەی ئەوە جێبەجێ دەکەم، ئەوسا ئێمەیان وەپێش خۆیان دا و لە سنووری بولگاریا دەریانکردین.

ڕێبەرەکەمان، وتی: لە دووم برۆن، ڕێگەیەکی دیکە دەزانم دە کاتژمێرە، بەبێ مۆبایل و (Gps) کەوتینەوەڕێ، لە دوای دوو کاتژمێر پۆلێکی دیکەی کۆچبەرمان بینی، ڕێبەرەکەمان چووە لای ڕێبەرەکەیان، کە هەردووکیان ئەفغانی بوون، بە زمانی پشتوو، قسەیان کرد و ئێمەشیان لەگەڵ ئەواندا کردە یەک گروپ، لەخوا بەزیاد بێ، گروپەکەمان فراوان بوو، نزیکەی سەد کەس دەبین. محەمەدی تەمەن پەنجا و پێنج ساڵ، لەملاوە بوەستێ تەواو شەکەت و ماندووە، دەڵێ: توانای هەڵگرتنی پشتەکۆڵیم نەماوە، پشتەکۆڵیەکی گەورە، هەموو کەلوپەلێکی تێدایە، تەنانەت پەتۆشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، وادەزانێ بۆ گەشت هاتووە، لەهەر کوێیەک ئارەزووی کرد، پاڵداتەوە و لێی بخەوێ. لەوێ جانتاکەی فڕێدا و کۆچبەرە ئەفغانییەکان پەلاماریاندا و خەریک بوو لەسەری بەشەڕبێن، چاوێکیان لە محەمەد کرد و سپاسگوزریان ئاراستەی کرد، لە دوای ماوەیەکی دی، کاکە محەمەد وتی ئێستا خۆشم ناتوانم ڕێ بکەم،

کۆچبەرە کوردەکان لێی کۆبوونەوە، وتیان: کاک محەمەد تۆ پیاوی ڕۆژە ڕەش و سەختەکانی، ئەزموونی ژیانت هەیە، چۆن دەبێ بڵێی هێزی ڕۆیشتنم نەماوە؟ لە وەڵامدا وتی: قسەی قەڵەوم بۆ مەکەن، لێرە پیاو نیم، بمکوژن و بمبرن، ناتوانم، هەر سەیری کێوەکەی دەکرد، کە بڕیارە پێیدا سەرکەین، لەبەرخۆیەوە دەیوت: بەخوا دواجار منی کورد، بوومە خۆراکی بەرازە گەورەکانی ئەم جەنگەڵە! کۆچبەرێکی بچووکی خۆشکەلانە، وتی: کاک محەمەد وەرە کۆڵم لە کۆڵت دەکەم! کۆچبەران سەیریان کرد، وتیان: برا، خۆ و بستێکی ماڵی کاکە محەممەدیشمان ئاوا کردبێ تەنێ دەبێ، بە تۆ هەڵدەگیرێ؟ ئەویش لێی کشایەوە و ڕێبەر دەستیکردەوە بەڕێکردن بەرەو ئەو شاخە بەرزەی بەرانبەرمان، محەممەدیش ڕەنگی وەبەرنەماوە، تکا لە کۆچبەرە کوردەکان دەکا، بە تەنێ جێی نەهێڵن، وەلێ کەس بەهای بۆ قسەکەی دانەنا و تێکرا بەیەکەوە ڕۆیشتن، بینینی فرمسێکی چاوانی وایلێکردم جێینەهێڵم و لەگەڵیدا بمێنمەوە و تکامان لە ڕێبەرەکەمان کرد، لەدوای گەیاندنی ئەو کۆچبەرانە بەدوواماندا بێتەوە، ئێمەش ببات. ڕۆژ بەرەو تاریک بوون دەچێ، دەشێ ڕێبەرەکان لەدوومان نەیەنەوە، بۆ سەلامەتی گیانی خۆمان، بە چەخماخی محەممەد ئاگرم کردەوە، ئەو یەکراست لێی خەوت، منی بەدبەخت، بەبێ دەستنوێژ و بێ ئەوەی بزانم قیبلە ڕوو لەکوێیە، نوێژم دادا، لە پاشان دارم کۆکردەوە و ئاگرەکەمان درێژکردەوە، لەلایەک سەرمامان نەبێ، لەلایەکی دی، ئاژەڵی کێوی لێمان نزیک نەبێتەوە. ئێمە، لە چاوەڕوانی ڕێبەرداین، بەڵام نەهات و نەهات، وەک مەحووی دەفەرمووێ: "دڵم دەرهات و تۆ هەر دەرنەهاتی نەهاتی، هەر نەهاتی، هەر نەهاتی". بەخوا برا، پرخەی خەوی محەمەد دەگەیشتە سۆفیا!

لە تاریکی شەودا، لە دەوری ئاگرێکی ڕووندا، دەنگی گورگ و سەگ و بەراز دێ، ترس و تۆقین لێمان نزیک دەبێتەوە. هەرچۆنێ بێ، ڕۆژمان کردەوە،

لە تینوێتی و برسیەتی خەریکە قڕمان دێ، بەناچاری و لە بێ ئومێد بوونمان لە گەڕانەوەی ڕێبەرەکە جولەمانکرد و شوێنەکەمان جێهێشت، شەوی دووەمی تەنیاییمان بە دیار ئاگرەوە بەڕێکرد، خەریکە دەمرین لە برسان، لە باخچەیەک نزیک بووینەوە، پڕ بە دەنگ هاوارمان دەکرد، کەسێ وەدیار نەدەکەوت، شەوێ سێیەمیش بە هەمان شێوەی دوو شەوەی پێشوو تێپەڕی، جارجار، دوو بە دوو دەگریاین، بەڵام فرمێسکمان نەبوو، چونکە جەستەمان ئاوی تێدا نەمابوو.

سەباح بە پێکەنینەوە، ڕۆژی چوارەم لە ڕێکردن بەردەوام بووین، لە لای تەپۆلکەیەکەوە بەڕێکەوتین، لەدوای چوار کاتژمێر لە ڕۆیشتن گەیشتینەوە هەمان شوێن، واتە بە دەوری تەپۆلکەکەدا سووڕابووینەوە. لەوێدا ئیمان لە مێشکماندا نەمابوو، ئەوە چوار ڕۆژە دووریـن لە خـواردن و ئـاو، خەریکە دەمردین، دوو کوردی نەشارەزا بەو جەنگەڵە گەورە و گرانەدا دێ و دەچن، هەرچۆنێ بێ ئەو ڕۆژە گەیشتینە ئاوەدانی و لە لایەن پۆلیسی بولگارییەوە دەستگیرکراین و خراینە زیندانی بۆسمۆس لە سۆفیا، ماوەی پازدە ڕۆژ لە زینـدانی بۆسـمۆس ماینـەوە و مـۆری دە پەنـجەی دەسـتیان لێـوەرگرتم، هەفتەیەک دوای ئازاد بوونم بەرەو سربیا و ڕۆمانیا و هەنگاریا و نەمسا و ئەڵمانیا ڕۆیشتم، لە ئەڵمانیاوە بە شەمەندەفەر بەرەو فەڕەنسا هەنگاوم نا و ماوەی مانگێک لە کالاس مامەوە، لەو ماوەیەدا بەدەیانجار هەوڵمدا بگەمە بەریتانیا، بەڵام لە هەوڵەکان سەرکەوتوو نەبووم، دواجار دەگەڵ قاچاخچییەک بە بڕی نۆ هەزار پاوەن ڕێککەوتم، بۆ ئەوەی بە گرێنتی بمگەیەنێتە بەریتانیا، بەڕاستی گرێنتی بوو، ڕێککەوتنیان لەگەڵ پۆلیس کردبوو، یەکەم شەو پەڕیمەوە بەریتانیا. سوجدەی نزا و شوکرم بۆ خودای باڵادەست برد و لە بەریتانیا گیرسامەوە، ماوەی چوار مانگ لە وێڵقرهامتۆن ژیام، وردە وردە

مـوژیلی کـارکردن بـووم و مـاوەیەک کـاری شـۆرینی سـەیارە و مـاوەیەک یارمەتیدەری وەستای چاککردنەوەی سەیارە بووم، هەمان ئـەو کارەم دەکرد، کە لە مەریوان پێوەی سەرقاڵ بووم. لەدوای چوار مانگ و دوازدە ڕۆژ، لەکاتی ڕۆیشتنی بۆ وەرگرتنی پارەی سۆشیال لە لایەن پۆلیسی بەڕیتانیاوە دەستگیر کـرام و پـێم ڕاگەیەنـدرا پەنجەمـۆری بولگاریـام هەیە و دیپـۆڕتی بولگاریـات دەکەیـنەوە، مـاوەی شەسـت و هەشـت ڕۆژ لە کەمپـی داخـراوی بەڕیتانیـادا مامەوە، لەدواتردا بە پاسەوانی سێ پۆلیسی بەڕیتانی لە فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی سۆفیا ڕادەستی پۆلیسی بولگاریان کردم، لە نێو فڕۆکەخانەی بەڕیتانیا و لە نێو فڕۆکەدا، خۆم هێنا و برد، خـۆم رادەپچراند و پـڕ بە قـورگ هـاوارم کـرد، بـە دەسـت و نینـۆک هـەموو جەسـتەی خـۆم برینـدار کـرد دەموچـاوم خـوێنی لێدەچۆڕا، بۆ ئەوەی دیپۆڕتی بولگاریام نەکەنەوە، ئاخەر چۆن سەکتە لێم نادا؟ تا گەیشتنم بە بەڕیتانیا نۆ هەزار دۆلارم داوە، نۆ هەزار پاوەندیشم بۆ بەڕیتانیا داوە، ئێستا دەمگەڕێننەوە سەرەتا و خاڵی سفر!

ماوەی سێ مانگ لە زیندانەکانی بولگاریا مامەوە، لە دۆخێکی خراپی پڕ لە نەهـامەتی و ناخۆشـیم بەسـەربرد، لەدوای ئـازادکردنم لەزینـدان، لە سـۆفیا مامەوە و لەگەڵ خاوەن دوکانێکی چاککردنەوەی سەیارە دەستم بـە کـارکردن کرد، پاش سێ مانگ جارێکی دیکە لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێککەوتم بـۆ ئەوەی بە گرێنتی بمگەیەنێتە ڤیێنای پایتەختی ئوتریش و بـڕی شـەش هەزار دۆلاری بۆ لە نووسینگە دانێم، قاچاخچییەکە وتی: دڵنیابە بـە گرێنتـی دەگەیتـە شـوێنی مەبەست و تـۆز بـە جلوبەرگتـەوە نابینی، کوێرە چـت دەوێ دوو چـاوی سـاغ، منیش ئەوەم دەوێ. لە بولگاریاوە بەرەو نەمسا بە پێشڕەوی ڕێـبەر کەوتمـەڕێ لە دە کیلـۆمەتری نەمسـا، بـەجێیان هێشـتین، لەکاتێکـدا قاچـاخچی وتـی: لە بولگاریـا تـا ڤیێنـا، چـوار کـاتژمێر بە پـێ دەڕۆن، کەچـی چـل کـاتژمێر بەپـێ

ڕۆشتین، بەجلوبەرگی پاکەوە دەگەنە ڤێننا، وەلێ هەموو گیانمان لە نێو قوڕدا بوو و هێندەی نەمابوو، لە نێو ئاودا بخنکێین. ئەو نەهامەتی و ناخۆشییەی من لە ڕێگای ئەوروپا بینیم و ئەزموونم کرد، کەس نەیبینیوە. لەدوای دوو کاژمێر لە نزیک سککەی شەمەندەفەرەوە لە لایەن پۆلیسی نەمسا دەستگیرکراین و بەرەو پۆلیستەیشن براین، لە کۆمپیوتەر پەنجەمۆری بولگاریام دەرکەوت و پۆلیسی نەمسا بڕیاریدا ڕادەستی بولگاریام کاتەوە، بەوە دۆخی دەروونیم زۆر خراپ و شپرزەیە و هیچ دەسەڵاتێکیشم نییە.. بە هەڵچوون و تووڕەییەوە، جنێو دەدا، بە ناچاری چاویلکەکەی چاوی دادەنێ و بە ئاوێنە بچووکە سێ سانتیمەکە دەردێنێ و لەخۆی ڕادەمێنێ و دەڵێ: ئای کوردستانی مەزن، چۆن جێمهێشتنی، لە دۆخێکی باشەوە، بە چ دۆخێکی خراپ گەیشتم. تازە ناتوانم خۆم دیپۆڕتی کوردستان بکەمەوە و لە زیندانیش هیچ دەسەڵاتێکم نییە. دیسانەوە بە نائارامییەوە دەستدەکا بە جنێودان.

نازانم، لە تاقیکردنەوەی خوداییدام یا چانسم نییە!. دیسانەوە سەباحی دیپۆڕتکراو لە نەمساوە هێنرایەوە دەست پۆلیسی بولگاری، دادگای بولگاریاش بڕیاری شەش مانگ زیندانی بۆ دەرکردم و ئەو ماوەیەم لە بۆسمۆس بەسەربرد، لەدوای ئەو شەش مانگە شەش مانگی دیکەی بۆ درێژ کردمەوە و چوار مانگم لە لۆبۆمێز بەسەربردووە و دوو مانگم ماوە!

سەباح هەمیشە لەسەر قەرەوێڵەی زیندانندایە و هێز و توانای لێبڕاوە، نزا و پاڕانەوە دەکا، خودا لە نێوم ببات و بولگاریاش سەرەونگوم بکات، ئەو وڵاتەی زیاتر لە ساڵێکی تەمەنم لە زیندانەکانیدا بەسەر برد. جارجار هێزی ئارامی لێدەبڕێ بە تەواوی هێزی دەستەکانیەوە دەکێشێ بە دیوار و قەرەوێڵەکە و دەڵێ: لە نێو بیست و هەشت کەسدا، تەنیا من لە بەریتانیاڕا دیپۆڕتی بولگاریا کرامەوە، لەکاتێکدا بیست و حەوت کەسەکەی دی خەڵکی

باشووری کوردستان بوون و دۆسیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دابوو. سەباح، یارمەتیدەر و هاوکاری تەواوی زیندانییەکانی لۆبۆمێزی دەکرد، لەچاککردنی قژیان و پێدانی کەلوپەلی خۆشۆرین و پێداویستی دیکەی زیندان.

شەو و ڕۆژ لە ژووری کوردان بەسەر دەبەین، سەباح لە تابقی یەکەمی قەرەوێڵەکە و من لە تابقی دووەم دەخەوم، شەوانەیە ناخۆشترین کاتە، کاتێ دەمانەوێ بخەوین، لەسەر جێگاکەمان ڕادەکشین، خەریکە خەوم دەمانباتەوە، لە پڕدا زیندەوەرێکی ژەهراوی بە جەستەمانەوە دەدا، شەپ، بە توندی دەکێشین بەو شوێنەی زیندەوەرە چڵکنەکە بە جەستەمەوە داوە، سەباح سەر بەرز دەکا.

- ئاغای زامدار چی بووە؟
- سەباح ئاغا، حەشەرات نایەڵێ بخەوم!
- گوێ پێمەدە، ئەمە پیشەی شەوانەیە، ئەم حەشەرانە شەوان لە نێو جێیەکانمان دێنە دەرە و بەسەر جەستەمان دەکەون، جار جار گازمان لێدەگرن و خوێنمان دەمژن! وەرە خوارەوە سەیری جێگاکەی من بکە!
- لە سەر قەرەوێڵە دابەزیم، سەیری سەر جیگاکەیم کرد، چەرچەفە سپییەکەی بە خوێنی زیندەوەران سوور بووە، بە لایتی بچووکی مۆبایلەکەی بە دوایاندا دەگەڕێ و دەیانکوژێ، گەر زۆر تیژ نەڕوانی زیندەوەرە بچووکەکان نابینی، دوو جۆر و ڕەنگی لێیە، یەکی ڕەش و یەکی سپی، دێن و دەچن!
- چەند مانگە لێرە دەژیم، شەوانە خەریکی ڕاوم! بە دەم پێکەنیەوە، یەکێ نەزانێ لە ڕاوی بەراز و ئاسکم! لە ڕاوی قەل و نەورەس و کەوم، نازانن ڕاوی حەشەرات دەکەم.

- حەشەرەکانی سەر جێگاکەیی تۆمان کوشت و کۆتایی هات و نەمان، با سەیری سەر جێگەکەی من بکەین و بیانکوژین، ئەوسا بخەوین.
- بەسەرچاو، ئێستا ئەوانەی تۆش دەکوژین، بەڵام تا حەشەرەکانی سەر قەرەوێڵەکەی تۆ دەکوژین، سەر جێگاکەی من پڕ دەبێتەوە لە حەشەرە.
- چۆن وایە؟
- برا، ئەمە پیشەی هەمیشەیمە، دەزانم چ باسە!
- ئاغا سەباح، هێشتا حەشەرەکەی سەر جێگاکەم تەواو نەبوون، جێگاکەی ئەو حەشەرەی هاتەوە سەرێ.
- ئاغا، من باشتر دەزانم، ئەوانە کۆتاییان نایەت.
- داوا بکەین، دۆشەکەکانمان بۆ ناگۆڕن؟
- چۆن؟ دەجار داوامان کردووە، دوو هەفتە لەوە پێش دۆشەکی نوێیان هێناوە و لە کۆگا هەڵیان گرتووە، پێیان نەداوین.
- نازانن بۆ پێیان نەداون؟
- دیار نییە.
- دیسان داوا بکەین، نابێ؟
- داوامان کردووە، بەڵام وتیان ئەمە بۆ ساڵێکی دیکەیە، ئەمساڵ دەبێ لەسەر جێگاکەی خۆتان بن، شایەنی ئەوەن!
- سەیرە، یانی وتیان شایەنی ئەو دۆشەکانەن؟
- بەڵێ.
- حوسێن، عەمۆ، شنۆ؟
- سەباح، عەمۆ، حەشەرە و مەوت.

زینـــدان، قوتابخانەیـــەکی ژیـــان بـــوو، ناخۆشـــی و دەردەسەری و چەرەمەسەری زۆری هەبوو، کاتەکان زۆر بە ناخۆشی تێدەپەڕین، هەرچیمان کردبا، کات نەدەڕۆیشت، تێپەڕینی مانگ و نیوێک زیندان، ئاسان نییە، ڕۆژێک بۆ ئینتەرڤیو بانگ کراینەوە، لای هەمان ئەو خانمە سێ ئەستێرەدارە، یەکەم زیندانی بانگ کردە ژوورەوە، فۆڕمێکی سێ پەڕەیی لەسەر وەڵامەکانی من پڕکردەوە، ئەوسا وتی: ئەمڕۆ هاوکاریم بکە، تەرجەمەی ئینگلیزی بۆ زیندانیانی دیکە بکە، هەرلای من بمێنەوە، دانە دانە زیندانیەکان بانگ دەکەین، من پرسیاریان لێ دەکەم و تۆ بۆیان تەرجەمە بکە، زۆربەی پرسیارەکان لە چوارچێوەی پرسی کۆمەڵایەتیدا بوون، بۆ نموونە (لەماڵەوە چەند کەسن؟ چەند کەستان هاتوونە ڕێگەی ئەوروپا؟ کێتان لە ئەوروپایە؟ دەچنە چ وڵاتێک؟ لەبەر چ هۆکارێک شوێنی خۆتان جێهێشتووە؟ پیشەی پێش هاتنتان بۆ ئێرە چی بووە؟ لەسەر پەیڕەوی چ ئاینێکی؟)، ئەو ڕۆژە دوو کاتژمێرێکم لای ئەو بەسەربرد، ئەو کاتانە خراپ نەبوون، ئاسانتر تێدەپەڕین، لەدوای تەواو بوونی ئینتەرڤیوی زیندانیان، دەستەخۆشی لێکردم و قەڵەمێکی شینی پێدام، زۆرم دڵ بەو قەڵەمە خۆش بوو، بەپەلە هاتمەوە ژوورێ و لە سەر قەرەوێڵەکەمدا دانیشتم، خەریکی یاداشت کردنی چەند بیرەوەرییەکی ناخۆشی ڕێگەی ئەوروپام، ئەو شەوە، زیاتر لە دە پەڕم یاداشت کرد، عەبەشەقۆڵە زۆرترین پەڕەکانی داگیرکردبوو.

## عەبەشەقۆڵە

عەبدوڵلا، ساڵی هەزار و نۆسەد و شەست و دوو لەخانەوادەیەکی کوردی وڵاتی کوێت لەدایکبووە و خۆی دەڵێ: خەڵکی سلێمانیم، وردتر، خەڵکی خانەقین، وەلێ حکومەتی بولگاریاش بۆی یەکلایی نەبۆتەوە، خەڵکی چی وڵاتێکە، داوایان لێکردووە، کە قبوڵ بفەرموو بۆ ئەوەی دیپۆڕتی بکەنەوە، کوێت یا عێراق کامیان هەڵدەبژێرێ دیپۆڕتی دەکەنەوە. وەلێ، عەبدوڵلا، دەخوازێ لە بولگاریا بمێنێتەوە، زیندانی لا خۆشترە، تا گەڕانەوەی، بۆ وڵاتی دوورە ترياک! عەبدوڵلا، لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە ترياک دەکێشێ و ساڵی هەزار و نۆ سەد و هەشتا و چوار ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێکی کوێتی پێکهێناوە و بەرهەمی ئەو هاوژینییەیان کچ و کوڕێک بوو، لەدوای هەشت ساڵ، لە هاوژینەکەی جیادەبێتەوە و پەراگەندە و پەناهەندەی ئەم وڵات و ئەو وڵات دەبێ، ساڵی هەزار و نۆ سەد و نەوەد و پێنج دەگەڕێتەوە عێراق، لە دوای شەش ساڵ دەچێتە ئوردن و ساڵی دوو هەزار و شەش دەچێتە سوریا و لەپاش چوار ساڵان دەگەڕێتەوە عێراق، ساڵێکی دیکە بەدەم ترياک کێشانەوە لە بەغداد بەسەر دەبا، دواجار و ساڵی دوو هەزار و یازدە بەرەو ئەوروپا هەنگاو دەنێ و لە بولگاریا دەگیرسێتەوە. کچەکەی ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و لە بەغداد نیشتەجێیە، کوڕەکەشی ساڵی دوو هەزار و سێ و لەکاتی ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس و دەسەڵاتی سەددام حوسێن، بەر تۆپ و تەقینەوەی ئەمریکیەکان دەکەوێ و گیان لەدەست دەدا. خوشک و براکانی عەبدوڵلا، لە کوێت و سلێمانی و سوید و نەرویج دەژین. لە بیست و پێنج ساڵەی دوایی

تەمەنی لەم وڵات و لەو وڵات خەریکی تریاک فرۆشتن و مەشرووبات فرۆشتن بووە، پەیوەندی لەگەڵ ژنانی سۆزانی و لەشفرۆش پیشەی هەمیشەیی بووە.

شەقۆلە، شەش ساڵە لە بولگاریایە و تەنیا دە وشەی بولگاری فێربووە، هاوڕێکانی زیندان قوماری پێدەکەن و دەڵێن: شەقۆلە، لە دەمووچاودا بە ئەڵمانی دەچی و لە مل ڕا بۆ سک، بە ژنی دووگیان دەچی و لە خوارەوە بۆ پێیەکان، بە ئەفریکییەکان دەچی، هەمیشە خەریکی هیرۆین کێشانی، بێ کەس و کار، بۆ وەک مرۆڤ ناژی؟ دەی تۆ کێشەت نییە، زیندان شوێنی مانەوەت پێدەدا، خواردن هەیە، خۆشۆرین هەیە، پارە خەرج ناکەی، ئێرە باشترین شوێنە بۆتۆ.

بەرلەوەی عەبدوڵڵا، بکەوێتە زیندان، ڕۆژانە لە گەراجێکی سۆفیا کاریدەکرد و جارجار بۆیەی دیوار و باڵەخانەکانی بولگاریای لە ئەستۆ دەگرت، بۆ هەر ڕۆژی سی بۆ پەنجا لیڤەی دەسەند، ڕاستەوخۆ پارەکەی بە هیرۆین دەدا و بە دەرزی لە جەستەی دەدا "دەرزی دە سیسی هیرۆین، بە دە لیڤەیە دەسەند"، هەموو جەستەی جێ دەرزی هیرۆینی پێوەدیارە، هاوڕێیانی دەیانوت: تەنیا دەماری ژێر گونی ماوە، دەرزی هیرۆینی لێدا. کەم کەمیش، بڕێک لەو پارە کەمەی دەدا بە ژنە سۆزانییەکانی سۆفیا و لەگەڵیان دەمایەوە. تا بە تەواوی ئاڵوودەی هیرۆین بووبوو، بەجۆرێ توانای کارکردنی نەمابوو، بەهۆی نەبوونی پارە لە شوقەکەی دەرکرابوو، پێیەکانی لە جوڵە وەستابوون، لە کوچە و کۆڵانەکانی سۆفیا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێ و کاتێک دەزانن، مۆڵەتی مانەوەی کۆتایی هاتووە و نوێی نەکردۆتەوە، دەیهێننە زیندان و شەش مانگ لە بۆسمۆس دایدەنێن و پێنج مانگیشە ناردۆتیانە لۆبۆمێز.

عەبدوڵڵا، هەر بە شەقۆڵە و عەبەشەقۆڵە، بانگ دەکرێ و هەموو شتێ قەبوڵ دەکا، دەڵی ئەم زیندانییە کوردانە گوناهن، منداڵن، هەرچی بیخوازن بۆیان جێبەجێ دەکەم، هەرچی بکەن، قسە ناکەم. ئەوان، دوو سێ ڕۆژی دی، زیندان جێدەهێڵن و دەچنە فەڕەنسا و سوید و ئەڵمانیا، ئێرە دەبێتە مێژوو و

خۆشی ژیان، لەبەرئەوە دەمەوێ دڵیان خۆشکەم، لە زیندان بێزار و دڵتەنگ نەبن، زیندانیانیش ئەم دەرفەتەیان دەقۆستەوە و ئازاریان دەدا، تا توانا و هێزیان هەبوو دوو مەمکە گەورەکانیان دەگرت، ئەویش هاواری دەکرد، دەیوت: هێمن، هێمن، من پیرم، بەخودا دڵم لەلێدا دەوەستێ، دەمرم. بە توندی مستیان لە شان و پشت و ڕانەکانی دەدا، کەچی زەردەخەنەی دەکرد و پێدەکەنی، ڕۆژانەش هەندێ کار و قسەی دەکرد، تەواوی زیندانیان دڵخۆش و بە پێکەنین دەهێنا، ڕۆژێ پانتۆڵی دادەکەند و ڕۆژێ کێری دەردەهێنا. ئەم ژوور و ئەو ژووری دەکرد، لەگەڵ ئەفغانییەکان، عەرەبەکان، فارسەکان و جەزائیرییە بەربەرییەکان هاوڕێ بوو، تاوڵە و دامە، کاری سەرەکی ڕۆژانەی بوو. لەڕێگەی زیندانییە فارسەکانەوە، جارجار تریاکی وەچنگ دەکەوت و لەنێو پەڕەی جگەرەدا دەیپێچایەوە و دەیکێشا، ئەو شەوەی تریاکی کێشابا، تا ڕۆژ دەبۆوە، قسەی دەکرد و بەبەردەوامی پێدەکەنی.

لە دامەکردن زۆر شارەزابوو، هەمیشە بەرانبەر سەباح دادەنیشت و دامەی دەکرد، جارجار لە یاری توڕە دەبوو و یارییەکەی تێکدەدا، زیاتر دەدۆڕا و توڕە دەبوو، ئەوسا پێیان دەوت، شەقۆڵە گیان تۆ لە تەوالێت فێری دامەکردن بوویت، جا چۆن دەیبەیتەوە؟ شەقۆڵە، یەک خووی زۆر خراپی هەبوو، شەوانە بای لێدەبۆوە، بە ئەندازەی تۆپێ، نیوەی زیندانیانی وەخەبەر دەهێنا، شەوێ، دوان، سیان، لێی توڕە بوون و هەڕەشەی دەرکردنیان لە ژووری کوردەکان لێکرد، لەوە بەدواوە کەمتر بای لێ دەبۆوە، ترس بێ بای کردبوو!

عەبەشەقۆڵە، ڕقی لە پۆلیسی بولگاری بوو، ڕۆژێ پۆلیس شانی لەشانی عەبدوڵڵادا و بەزەویدا کەوت، ئەویش ئەمەی قەبوڵ نەکرد، هەستایەوە و شانی لە شانی پۆلیس دایەوە، بە کوردی وتی: ئێمەی کورد، ملکەچی قەبوڵ ناکەین. دە دوازدە پۆلیسی بەبەژن و باڵا بەرز بۆ هاوکاری کردنی پۆلیسەکە

هاتن و عەبدوڵڵایان بردە دەرەوەی زیندان، بردیانە شوێنێ هیچ کامیرای چاودێری بەسەرەوە نەبوو "نەخوازە ئەو گرتە ڤیدیۆییەی لێدان لە زیندانیان بکەوێتە دەست ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕایگەیەنن دۆخی زیندانیان باش نییە"، لەوێدا زۆریان لە عەبدوڵڵادا، تا توانای وەستانی نەما و کەوتە سەر زەوی، ئیدی دوو دەست و دوو قاچی عەبدوڵڵایان گرت و هێنایانەوە ناو زیندان. هاوزمانانی عەبدوڵڵا وتیان کاکە، چۆن دەبێ ڕووبەڕووی پۆلیسی مافیایی بولگاریا بیتەوە، فەرموو تۆیان بە قیتی برد و بە درێژی کراوی هێنایانییەوە. دەبێ فێربی، هەرکاتێ پۆلیس شانی لە شانتدا، یا قاچی خستە بەر قاچت بۆئەوەی بەربیتەوە، بە پەلە هەستیەوە سەرپێ و بەڕێزەوە بە پۆلیسەکە بڵێی ببورە، کاکی پۆلیس شانم بەر شانت کەوت، خەجاڵەتم، خۆ ئازارت پێ نەگەیشت؟ کوردەکانی زیندانی لۆبۆمێز، لێی کۆبۆتنەوە و دەیانەوێ یارمەتی بدەن و ئازاری جەستەی کەم بکەنەوە، هەر زیندانییەک قسەیەک دەکا، دەڵێن: شەقۆڵە گیان، بۆ ناحەوێیتەوە و بە بێدەنگی دانانیشی؟ لەبەرانبەردا، شەقۆڵە دەڵێ: ئاوایان لێدەکەم، چۆن ڕێگە دەدەم، سووکایەتی بە کورد بکەن؟ خۆ بینیتان چیم لێکردن؟ کۆچبەرانیش، ئەرەوەڵا بینیمان، چۆنیان دادەکوتای دەڵێی سەیارەی سیکراب کراوی بەخوار و لەنگی دەڕۆی.

لە دوای چوار ڕۆژ مانەوەمان لە تەک ئێزیدییەکان، سەلاح وتی: شوێنمان هەیە، وەرنە ژووری ئێمە، بنەوبارگەمان پێچایەوە و بەرەو ژووری کوردان ڕۆیشتین، زیاتر لە بیست کوردی تێدایە، کوردی تێدایە زیاتر لە یازدە مانگە زیندانە، نۆ مانگ و شەش مانگ و چوار مانگی تێدایە، ئەو شەوە کوردەکانی ژوور، ئەندۆمی و تەماتەوڕۆنیان سازکردبوو، گوایە داوەتی ئەوانین، خواردنێکی زۆر خۆش و بەتام بوو، تا درەنگانێکی شەو دۆمینە و دامەمان کرد و لێی نووستین. بەهەمان سیستەمی چەند هەستاین و بەرەو کافتریای زیندان ڕۆیشتین و سەموونە شەکراوییە سەد و چل گرام و چاییە زەردە

زەرداوییەکەمان نۆش کرد، دەمەونیوەڕۆ لە پەنجەرە ڕا کۆچبەرێکی بچووکمان بە قۆڵ بەستکراوی بینی و بەتەنێ بینی بەرەو زیندانی دەهێنن، هاتە ژوور و قسەمان لەگەڵ کرد، کوردێکی باشووری کوردستان بوو، هێندە بچووک بوو، دڵمان نەهات بینێرینە ژووری دیکە، لە ژووری کوردان جێگامان بۆی کردەوە، ئەحمەدی ناوبوو و تەمەنی تەنیا بیست ساڵ بوو.

# حوسێن میسرِی

لەو ژوورەی ئێمە، تەنیا کوڕێکی ڕەش ئەسمەری میسرِی تێدابوو، ناوی حوسێن بوو، حوسێن گەنجێکی هەژدە ساڵەی بێ موو بوو، خەڵکی فەرافیرەی میسرِ بوو، لەدوای بێنەوبەردەیەکی زۆرماڵەوەیانی ڕازی کردبوو، بەرەو ئەورووپا برِوا، عەبەشەقۆڵە بە عەرەبی لەگەڵی دوابوو و سکی پێی سووتابوو، بۆئەوەی عەرەبەکانی دیکە و زیندانیانی لۆبۆمیز شۆخی پێنەکەن، هێنابوویە ژووری کوردەکان و بە عەرەبی قسەی لەگەڵ شەقۆڵە قسەی دەکرد. حوسێن، نیگارکێشێکی بەتوانا بوو، دەیوت لە میسرِ وێنەی دەکێشا و بە نرخێکی زۆر کەم دەیفرۆشت، لە زیندان دەفتەر و قەڵەمەکەی لێسەندم بۆ ئەوەی وێنەیەکی خۆی بە یادگاری لەسەر دروست بکا، پێنووس و تیانووسەکەی برد و لەدوای دوو کاتژمێر گەڕایەوە، وێنەی کچێکی میسرِی چاو مەستی گەورە، کوڵمە خرِ و لێو سوور، برۆ تاتۆ درێژی ڕووە و سەر، مەمک قوتی تەڕوبرِی پرچ درێژ، بە لیباسێکی ڕەشی کورتی سۆزانیانە کێشابوو، لە ڕاستیدا وێنەیەکی جوانی کێشابوو، ئەگەرچی گلەیی دەکرد، کە قەڵەمی ڕەنگا و ڕەنگی لانەبووە، دەنا وێنەکەی زۆر جالب تر دەکێشا.

حوسێنی ڕەشتاڵەی دەم بە پێکەنین، هەمیشە شۆڕتێکی ڕۆمانسی شینی لەبەردابوو، بەمشێوەیە سەرنجی زیندانییەکی ئەفغانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، جاروبار دەهاتە ژووری کوردەکان و لە تەک حوسێن دادەنیشت، ئەو بە عەرەبی و ئەو بە پشتۆیی قسەیان دەکرد! تا چەند لە یەکدی دەگەیشتن، هەر خۆیان دەیانزانی! ئەو زیندانییە ئەفغانییە، ناوی ئاشقوڵلا بوو، کوڕێکی باڵا

بەرزی ڕەش ئەسمەر بوو، هەمیشە لە پێڕی نوێژکەراندا دەوەستا بە پیاوێکی ئیسلامی نورانیان چاو لێدەکرد و جاروبار قورئانی دەخوێند، وەلێ لەبەرانبەر حوسێن خۆی بۆ ڕانەدەگیرا، کاتێ لە تەکییەوە دادەنیشت، دەستی بە پشتی دادەهێنا و وردە وردە دەستەکانی شۆڕدەکردەوە بۆ لای سمتی و لە ژێر پانتۆڵەکەیەوە دەستی ون دەکرد، حوسێن زەردەخەنەی دەهاتێ و دیاربوو جەوەکەی بەدڵ بوو! دەستی دەردەهێنا و بە دەموچاو و ڕووخسای دادەهێنا، بەماوەیەکی کەم زیندانییە کۆچبەرەکان بە ئاشکرا هەستیان بەوە کردبوو، هەرکاتێ ئاشقوڵڵا دەهاتە ژوورەوە بە وردی و لە پەناوە چاودێریان دەکرد، بزانن حوسێن و ئاشقوڵڵا چی دەکەن؟ ئاشقوڵڵا، دەستی بەرەو ناو لینگ و گەڵی حوسێن دەبا، بە دەم عەمۆ عەمۆوە زەردەخەنەی دەهاتێ و پێدەکەنی، زیندانییە کوردەکان ئەو دۆخەیان بەلاوە خۆش نەبوو، بڕیاردا ئەمجارە ئاشقوڵڵا بێتە ژوورەوە و لەگەڵ حوسێن خەریکی ئەم ئیشە قۆڕە بن، حوسێن لە ژوورەکەمان دەرکەین، غەفار، گەنجێکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو، وتی: شتی وای لێ ببینم، هەر بە شەقان دەریان دەکەمەوە دەرەوە، خۆ نەبووە بە پۆلیسە گەیەکە!

- هەڵمەت، عەبە هێناوەتییەوە ژوورەوە.
- ساکار، ئینجا چییە؟ عەبەش دەردەکەین.
- هەرێم، کەواتە با شتێکتان بۆ باس بکەم، لەو ڕۆژانە چوومە دەبڵیوسی، ئاشقوڵڵا دەستپەڕی لێدەدا!
- هاوژووران، بەجددی؟
- ئەرەوەڵا، ئەو خوێرییەی هەموو ڕۆژێ نوێژ دەکا و دەسپەڕ لێدەدا!
- سەباح، باشترە پێشتر بە حوسێن بڵێین و ئاگاداری بکەینەوە، ئەگەر ئەمجارە شتی وا دووبارە بکاتەوە، دەریدەکەین.

- هاوژووران، ئەمەش فکرەیەکی باشە، شەو پێی دەڵێین.

دونیا تاریک بوو و هەموو کۆچبەران لەسەر جێگای خۆیان بوون، بە عەبەیان وت، بە عەرەبی بە حوسێن بڵێ واز لە ئاشقوڵڵا بێنێ، بۆ بەخۆی فێرکردووە؟ ئاوا بڕوا دوو ڕۆژی دیکە، دەیباتە ئاودەست و سەربەسەرانێی لەگەڵ دەکا، سەربەسەرانێی چی؟ سواری دەبێ و تەواو! عەبە ئەم قسانە تەرجەمەی عەرەبی کرد و حوسێن ڕەنگی تێکچوو و مشەوەش بوو، ڕەنگی وەبەر نەما، بە توڕەییەوە وتی: ئاشقوڵڵای سەگباب وازم لێنایەنێ. خەتای تۆیە، گەر تۆ ڕووی پێنەدەی و قسەی لەگەڵ نەکەی ئەویش نایەت و واناکا، بۆ لەگەڵ هیچ زیندانییەکی دیکە بەم شێوەیە مامەڵە ناکا؟ هەموو کۆچبەران هێرشیان بۆ حوسێن برد و فرمێسک لە چاوانی قەتیس ما، هەستا پانتۆڵێکی درێژی لەبەر کرد و لە نێو جێگاکەی درێژ بوو و پەتۆکەی بەسەر سەریدادا و تەخت تا بەیانی بێدەنگ بوو، دیار بوو لە ژێر پەتۆکە دەگریا! لەدوای ئەو شەوەوە بەینی ئاشقوڵڵا و حوسێن تێکچوو، بەهیچ جۆرێ نەدەهاتە ژوور و کۆتایی بەو باسە هات.

## دەمانچە بەدەستەکە

غەفار، خەڵکی گوندێکی نزیک قامیشلۆ بوو، لەدوای بەهاری عەرەبی و تێکچوونی بارودۆخی سوریا و بەتایبەتی ڕۆژئاوای کوردستان، ناوچەکەی خۆیانی جێهێشتووە. ئەو، تەمەنی بیست و هەشت ساڵە، جەستەیەکی بەهێزی گەورە و سەرێکی خڕی گەورەی پۆلاینی هەبوو، دیمەنێکی سامناک، دەمارەکانی دەست و قاچ پەمپابوو، هێندەی چەقۆ و کەتەر بەرکەوتبوو، لەشەڕدا لاقی چەپی چەقۆی بەرکەوتبوو و نزیکەی سی سانتیمی دوریبوۆوە، لاسەرێکی قژی پێوەنەبوو، سەردەستەکانی تاتۆی دووپشک و مار و ئەژدیهای لێ دروست کردبوو، لە شەوێکی درێژی زیندان سەربووردەی ژیانی تراژیدی خۆی گێڕایەوە. غەفار، بێ بەخت و نێو چاوانە، لە من نێوچەوان سێزدەتر نییە و نابێ، لەکوێڕا باسی خۆمتان بۆ بکەم؟ با لە نەمانی قژی کەللە سەرمەوە دەست پێبکەم! بەرلەوەی قامیشلۆ جێبێڵم، شەوێکی ساردی زستان، بە ڤۆدگا داوەتی هاوڕێیەکی منداڵیم بوو، دوو بە دوو دوو بتڵ ڤۆدگای گەورەمان خواردەوە، بەهامان بۆ ساردی دانەدەنا، هەستمان دەکرد، هاوینە و ئارەق دەکەین، لەدواتر ڕووە و ماڵ گەڕامەوە، ئێستا لە یادم نییە، چۆن و بەکوێ و کەی گەڕامەوە ماڵ، لە ماڵ چیم وتووە و چی ڕوویداوە، هێندە دەزانم، دە دوازدە دوکتۆر و دوکتۆرە لە خەستەخانە لەسەر سەرم وەستابوون، بەهۆشم هاتمەوە، ئەوسا زانیم عەلی برا گەورەم، تەورێکی گەورەی دابوو لە سەرم، بە نیازی کوشتن لێیدابووم، وادیار بوو، قسەم زۆر وتبوو و کێشەم نابۆوە، وەلێ

نەمردم و تەمەن یاروباقی بوو، بۆ ڕێگەی ئەوروپا! ماوەی چەند مانگێک لە نەخۆشخانە مامەوە، ئەوسا بەرەو باشووری کوردستان ڕۆیشتم، دوو ساڵ هەموو ئیشێکم لە هەولێر دەکرد، ماوەیەکی زۆر لە کافتریاکان نێرگەلەم ئامادە دەکرد و ماوەیەکی دیکە لە چێشتخانە قاپ شۆر بووم، شتێ پارەم کۆکردەوە و بەرەو تورکیا هاتم، لەوێ پارەم لێ برا و ماوەی ساڵێک لەوێ مامەوە، شەوێک لە بارێکدا، کە کچی ناسک و بەژن و باڵا شەست نەوەد شەتی لێ بوو، مرۆڤیان دەخستە سەما، زۆرم خواردەوە بە سەرخۆشی دای لەکەللەم بەم شەوە و بەتەنێ ڕێگەی بولگاریا ببڕم! شایەد باوەڕ نەکەن، بەڵام سوێند بە هەموو پیرۆزییەکان ئەوەی دەیڵێم ڕاستە، چەند قووتە بیرەیەکیشم دەگەڵ خۆم هێنا و بەدەم ڕێکردەوە دەمخواردەوە و خۆم گەیاندە بولگاریا! بەڵام چاوم لەسەر (gps)ی مۆبایلەکەم بوو، لە سنووری ئاوابووم و خۆم ڕادەستی پۆلیس کرد! و پەنجا شەویان لە زیندانی بۆسمۆس هێشمەوە، ئەوسا ئازادیان کردم.

غەفار، دەیوت: کابرایەکی زۆر نەگبەتم، لەژیاندا کەمتەرخەمم و هیچ کارێکم بە جددی وەرنەگرتووە، لەدوای ئەوەی ئازادکرام و دۆکیۆمێنتیان پێدام، بەدواداچوونم کردبوایە و داوی مافی پەنابەریم کردبوایە، وەڵامم وەردەگرت، چونکە خەڵکی سوریام و ئاوارەم، بەڵام نەمکرد، بەڵکو ماوەی سێ مانگ لە کەمپی خەرمەلی مامەوە و لەو ماوەیەدا دەستم کرد بە کڕین و فرۆشتنی ماددەی بێهۆشکەر، ئێستا هەموو مادده بێهۆشکەرەکان دەناسم و ئاشنایەتیم لەگەڵیان هەیە، خۆم مامەڵەم پێوەکردووە، ئەمە ڕێچکەی ژیانی منە! هەمیشە کاری نایاسایی و خراپ دەکەم، فێر بووم و ناتوانم وازی لێبێنم.

غەفار، دەیوت: لەدوای سێ مانگ مانەوەم لە خەرمەلی، بەرەو سۆفیای پایتەخت ڕۆیشتم، لەوێ ئیشی تریاک باشتر بوو، زۆرم دەسەند و کەم کەم بە هاوڵاتی ئەفغانی و سووری و عێراقی و ئێرانی و تاکوتەرا بە کۆچبەری دیکەم دەفرۆشت، بەمشێوەیە بڕە پارەیەکی باشم دەستکەوت، لەدوای

ماوەیەکی کەم دەمانچەیەکم کڕی و لەبەر قەدم دا، لەنێوانی خۆمان دەرنەچێ فیشەکیشم بە دەمانچەکە تەقاندووە و هەڕەشەی کوشتنم لە خەڵکی کرد، بەبێ بیرکردنەوەی لەخۆم، کە کۆچبەرێکی کوردم و بە کاتی لەو وڵاتە دەمێنمەوە، لە کاتی دەستگیرکردنم بە قورسی سزادەدرێم. سێ مانگیشم لە سۆفیا بەڕێکرد، لە دوای مانەوەی سێ مانگ لە سۆفیا، خۆم و دەمانچەکەی بەر قەدم گەڕاینەوە کەمپی خەرمەلی، نزیکەی مانگێک لەوێ مامەوە، لەپڕدا شەوێک پۆلیس لەناو خەرمەلی دەستیکرد بە پشکنینی کۆچبەران، هەرکەسێ دۆکیۆمێنتی مانەوەی کۆتایی هاتبوایە یا پێی نەبووایە دەستگیری دەکردن و بەرەو زیندان بەڕێ دەکرد. منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی دۆکیۆمێنتم کۆتایی هاتبوو، لەبەرئەوە پۆلیس بە قۆڵبەستکراوی هێنایانمە ئێرە! جاروبار بەپێکەنینەوە بە زیندانییە کوردەکانی دەوت: بەهەموو توانای خۆتانەوە مستێ بکێشن بەسەرمدا، منیش مستێ دەکێشم بەسەرتاندا، بەڵام گرێنێ نەبوورانەوەتان ناکەم. ئێمەش دەمانوت: برا دانیشە، خۆ شێت نەبووینە، خۆمان ئازار بدەین!

بەشێوەیەکی گشتی غەفار نانی بەیانیانی نەدەخوارد، نزیکەی کاتژمێر یازدەی نیوەڕۆ لەخەو هەڵدەستا، لەکاتێکدا زیندانییەکانی دیکە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە بەخەبەر دەهاتن و دەیانکردە بەزمورەم، بەگشتی دەنگ و سەدای کۆچبەرە ئەفغانییەکان زۆر بەرز و بێزارکەر بوو، قسەیان دەکرد و دەیانقیراند هاوشێوەی بومەلەرزەیە ئەم ناوە دەلەرییەوە، غەفاریش ئەمەی قبوڵ نەدەکرد و هاتوهاواری لێ هەڵدەستا و دەنگی دەدان. هەندێ جار گرژی دروست دەبوو، کوردەکان لەلایەک و ئەفغانییەکان لەلایەکی دی ڕووبەڕووی قسەی زۆر توند دەبوونەوە.

غەفار، سوێندی یاسایی و شەرعی دەخوارد، لەدوای ئازادبوونم لە زیندان سیپاڵە شرەکەم دەست دەدەمێ و پڕی دەکەم لە مەشرووب، لە سۆفیاوە بە سەیارە تا سنووری سربیا دەڕۆم، ئینجا بە پیادە و بەسەرخۆشی و

بەتەنێ و بە ڕێی قاچاخ دەچمە سڕبیا و تا بوخاریستی پایتەخت ناوەستم. وەلێ ئـەم بیرکردنـەوە و قسـەیەی لـەبارەی ڕۆیشـتنیەوە سـەری نـەگرت و بـەرەو شـوێنێکی نادیـار بـردرا. چونکە لـە ناوەڕاسـتی شـەوێکی مـانگی ئابدا، بەهـەموو هێزییـەوە موبایلەکـەی دەسـتی دا لـە زەوی و پارچـە پارچـەی کـرد، سـەدان جنێوی بەخێرایی لەدوای یەک دەدا، لەدوای ئارامبوونەوەی وتـی: هاوڕێیـەکی هـیچ و پـوچ و بـەد ئـەخلاقم هـەواڵی لێداوم، کـە دەمانچـەم هـەبووە و تریـاکم فرۆشتووە.

لـە دوای چـوار ڕۆژ، کـاتژمێر دوازدەی نیـوەڕۆ، ئیستاشـی —پـۆلیس- هاتە ژووری کوردەکان و وتی: هەفار ئینتەرڤیوو، بـرزوو بـرزوو —خێـرا، خێـرا-، غەفار بەخێرایی بـە پانتۆڵێکی سێ چارەگەوە بـەرەو نهـۆمی خـوارووی زینـدان دابەزی و ڕووە و ژووری ئینتەرڤیو ڕۆیشت، ئێمەی هـاوژووری، گومانمـان لـەو ئینتـەرڤیووە هـەبوو، لـە پەنجـەرەوە سـەیری ئـەو ژوورەمـان دەکـرد، کـە غـەفار چووە ژوور، لەدوای نیو کاتژمێر بەبەرچاوی ئێمەوە غەفاریان بە قوڵبەستکراوی و بەبێ کەلوپەلەکانی زیندان بردیان و خستانە نێو سەیارەی پۆلیسی زیندان و بەرەو دەرەوەی زیندان ڕەوانەکرا و و کەسمان نـەمانزانی چـی لێهـات و بـەرەو کوێ برا و بەکوێ گەیشتووە، لەو کاتەوە نەبینرایەوە و هەواڵی نەما!

دەستێکم لەژێر سەرمدایە و دەستەکەی دی لەژێر چەناگەدایە و پەنجە گـەوەرم لـەنێوان ددان و دوو لێوانمـە، هـیچم لا ڕوون نییـە، داخـۆ بـەکوێ دەگـەین؟ بیردەکەمـەوە دەبێ وەک بەشـێک لـەو زیندانیانـە شـەش مانـگ لـە زینـدان بمێنینـەوە؟ یـا دیپـۆڕت دەکرێینـەوە؟ یـا ئـازاد دەکـرێین؟ لایـەکی مێشیکشم لە کوردستان و لای کەسوکارمە، پرسیارمکرد هاوڕێیان، سیسـتەم و یاسای بولگاریـا بەرانبـەر کۆچبـەران چۆنـە؟ هـەموویان بەیـەکجار وتیـان: هـیچ دیار نیە! کەس لە سیستەم و یاسای ئـەم وڵاتـە نازانێ، بـۆچی؟ هەڵمـەت بـە

وەڵام هات، با پێت بڵێم: بەرلەوەی ئێوە بێنە زیندان، دێدەوان ناوێک لێرە بوو، شەش ڕۆژ بوو، ئازادیان کردبوو، باوەڕمانوابوو گەیشتبێتە سڕبیا یا ڕۆمانیا، کەچی پۆلیس هات و وتی: دێدەوان، بەرەو ئینتەرڤیو بڕوا، وتمان ئیستاشی/ پۆلیسی بەڕێز، هەفتەیەکە بەگەش/ ئازاد کراوە، بۆ کوێ بڕواتە ئینتەرڤیوو؟ وتیان دەی کێشە نییە، حەکیم بێ! ئێمە بەدەست سیستەم و شێوازی مامەڵەکردنی ئەم وڵاتە گیرمان خواردووە، بەتەواوی بێزار بووین. یوسف پشتڕاستی قسەکانی هەڵمەتی کردەوە و وتی: کەس بە کەس نییە! ماوەیەک بەر لە ئێستا، شەش کۆچبەریان دەستگیرکردبوو، بڕیاری شەش مانگ زیندانان بۆ دەکرد، دواتر بڕیارەکەیان گۆڕی و دیپۆڕتیان کردنەوە! من شەش مانگە لێرەم، دەزانم چ باسە! ئەو ڕۆژەی ئێوەیان هێنایە ئەم زیندانە، ئەو کوڕە پاکستانییەیان هێنایە زیندان، ئەها ئیبراهیمی ناوە، ئەو پێنج ڕۆژ بوو، ئازادکرابوو، کەچی لە سۆفیا گرتبوویانەوە، لێمان پرسیوە، وتی: لە نێو بازاری سۆفیا دەڕۆیشتم، لە پڕدا پۆلیس کەلەمچەی لەدەست کردم و گرتیانم، بەرەو پۆلیستەیشنیان بردم، لەوێ پرسیارم کرد، بۆچی دەستگرتان کردووم؟ هەفتەیەکە لە لۆبۆمێز ئازاد کراوم، وتیان دەزانین، بەڵام بەهەڵە تۆمان ئازاد کردووە، کاتی زیندانییەکەت تەواون نەبووە، لەبەرئەوە دەتنێرینەوە لۆبۆمێز، تا سێ مانگی دیکە، لەوێ بمێنەوە. گەر باوەڕ ناکەیت، بڕۆ لە ژووری بەرانبەرمانە، ئەو کوڕە باریکەلەی بەردەوام لەگەڵ جەماله، هاوڕێ کوردەکان وتیان وەڵا ڕاستدەکا! ئەوە نوێترین نموونەیە! باشە باوەڕ دەکەم.

لە داخان پرسیارم لە غەفار کرد، سەید غەفار، ئەو ڕۆژەی باسی حوسێنمان دەکرد، وتت خۆ لێمان نەبووە بە پۆلیسە گەیەکە، مەبەستت چی بوو؟

- هاوڕێیان دایان لە قاقای پێکەین، چییە؟ خۆ حەزت لێی نییە؟ نا، ئەم کارە قێزەونانە ناکەم، دەمەوێ بزانم ئەو مەسەلە چییە؟
- غەفار، سەباج بۆی باسدەکەیت؟ یا بۆی باسکەم؟
- سەباح، من تووشی گوناهـ مەکەن، خۆت بۆی باسکە!
- غەفار، ئەو پۆلیسەی پیری شەو، چاودێری ئێمەی دەکرد، هەر دەهاتە لای دەرگا و پەنجەرەی بەرانبەر ژوورەکەمانی دەکردەوە، یەکی قون خڕە بوو، دەزانی کێ دەڵێم؟
- بەڵێ.
- لێرە بەدواوە دیقەت بدە، بزانە چەند هێمن و لەسەرخۆ مامەڵە دەکا.
- باشە.
- ئەو پۆلیسە گەیە، بە کوردی قوندەرە! قوندەرا! هەر شەوێک ئەو نۆبەتی دەوامی هەبێ، بەردەرگا بە بەردەرگای ئەم ژوور و ئەو ژوور دەگەڕێ و ڕادەوەستێ پێدەکەنێ و قسە دەکا، پەنجەرەکانی بەرانبەر دەرگا دەکاتەوە، بە کورتی بە کوردی دەیەوێ یەکێ بچێ و سواری بێ! بەخوا پارەش دەدا!
- لەکوێ سواری خۆی دەکا؟
- بە پێکەنیەوە، برا دەیباتە ئاودەستێ، ئاودەست!
- ئاودەست شوێنی ئەوەیە خەڵکی سواری خۆت بکەی؟
- برا، شوێنی نییە، ناچارە. خۆ لە بەرچاومان سواری خۆی ناکا.
- بەڵگەتان چییە؟ کێ چووە؟
- غەفار، بەخوا یوسف دەبێ تۆ ئەوەی بۆ باسکەیت.
- یوسف، باشە برا. باشە! کاکە زامدار، دوو مانگ لەوەو پێش زیندان پڕی بوو لە کۆچبەر، جێگا نەمابوو، چوار ئەفغانییان ناردە ژوورەکەی ئێمە، درەنگانێکی شەو، کاتژمێر دوازدە لایدابوو، ئەو پۆلیسە هەر دەهات و دەرۆی کلیلەکەی لەدەستی دەهێنا و دەبرد، ئێمەش باسمان کرد، ئەوە

دەیەوێ یەکێ بچێ و سواری خۆی بکا، کاکە ئیرەجیش ئەمەی بۆ ئەفغانییەکانی تەرجەمەی فارسی کرد! دانەیەک لە ئەفغانییەکان، چووە سەر کەلی شەیتان و نەهاتە خوار، وتی: من دەچم! پارەم نییە و جگەرەم نەماوە! ئەوە باشترین کەسابەتە. کوڕە ئەفغانی، دایکت چاک، باوکت باش، واز بێنە دەچیتە کوێ؟ بۆ خۆت تووشی گوناهە دەکەی؟ لە وەڵامدا وتی چۆن ئەوان ئێمەیان دەستگیر کردووە و ئازارمان دەدەن، منیش ئازاری دەدەمەوە و سواری دەبم! کاکە گیان، تۆ سواری بیت، دڵخۆش دەبێ، چێژ وەردەگرێ، وتی: سوێند بەخوا سواری دەبم، لایەنی کەم دەڵێم پۆلیسێکی بولگاریم گاوە! ئەو دانە ئەفغانییە لە دەرگا چووە پێش و وتی: دەبڵیوسی، پۆلیسەکەش بە ڕووگەشییەوە هاتە پێش و دەرگای بکاتەوە، لەو کاتە بەڕێوەبەری زیندان بانگی پۆلیسەکەی کرد! ئەفغانییەکەش بە دەنگی بەرز هاواری کرد، لێنەگەڕان پارە پەیدا کەین، ئەوە ڕۆیشت و لەدەستم چوو! بیست خولەکی نەبرد، پۆلیسەکە گەڕایەوە، پێش ئەوەی دەرگا بکاتەوە، وتی دەبڵیوسی، کابرای ئەفغانی قیت بۆوە و لە دەرگا چووە پێشەوە، بەر لەوەی بچێتە دەرەوە، لە ئێمەی پرسی لەکوێ داوای پارەی لێ بکەم؟ لێرە؟ یا لەوێ؟ وتمان: کاکە لێرە داوای لێبکە و مامەڵەی خۆتان تەواو بکەن، ئەوسا لەگەڵی بڕۆ، بە چوختییەوە وتی: ففتی یۆرۆ! و وەن سیگارا!، پۆلیسەکە بە پێکەنینەوە ملی سووڕاند و ڕازی نەبوو، ئێمەش وتمان: عاسمانەکە زۆرت داوا کردووە، بیست یۆرۆ و پاکەتێکی مالیبۆڕۆ باشە، ئەوجار ئەفغانییە باڵا بەرزە، ڕەش ئەسمەرەکە، وتی: توێنتی یۆرۆ و وەک سیگارا! پۆلیسەکە ئۆکەی بۆ کرد و کاکی ئەفغانی ڕۆیشت و پۆلیسەکەش دەرگای قوفڵ کردەوە و لەدوای ڕۆیشت، ئێمەش لە کەلێنی دەرگا داخراوەکە چاومان لێی کرد، پۆلیسەکە بەرەو لای ئاودەست دەڕوا، ئیدی نیو کاتژمێری زیاتریان پێچوو، ئەفغانییەکە بە پێکەنین و دڵخۆشییەوە و پۆلیسەکە بە ڕۆیشتنی گەلاوگەڵ و دەم بە پێکەنینەوە

گەڕانەوە! پۆلیسەکە دەرگای کردەوە و ئەفغانیە خوا نەناسەکەی خستە ژوورەوە و دەرگای قوفڵ کردەوە و ڕۆیشت، ئەفغانییەکە، بە پێکەنییەوە وتی: لە کۆتاییدا سواری ئەو قنگە زلەی بوم!

- هاوژووران، بەجددی سواری بوویت؟
- ئەفغانی، سوێند بەخوا، سواری ئەو قنگە زلەی بووم! سەگبابە زۆر برسی دیار بوو، وازی لێنەدێنام! وام لێکردووە، تا مانگێکی دیکە، نەیەتەوە بەردەرگا!
- هاوژووران، چۆن باوەڕ بکەین؟
- ئەفغانی، بۆ باوەڕ ناکەن؟ فەرموو ئەوە چل لیڤە، دەکاتە بیست یۆرۆ، ئەوەش پاکەتی مالیبۆڕۆی سوور!
- هاوژووران، بە پێکەنینەوە ئێستا باوەڕ دەکەین، ئەو پاکەتەی لەکوێ هێنا؟
- ئەفغانی، نازانم. ڕۆیشت و هاتەوە.
- هاوژووران، ئەوەندە هەر لە ئاودەست بوون؟
- ئەفغانی، ئەرەوەڵا. سەگبابە خەریک بوو کێرم لەبنڕا دەرکا، هێندەی مژی!
- هاوژووران، بەجددی!
- ئەفغانی، دەڵێی باوەڕ ناکەن؟ ئەوەنییە پارە و پاکەتەکەش؟
- هاوژووران، باوەڕمان کرد، گەر هیچی لە تۆ نەکردبێ! وەلێ ئیرەج ئەو ڕستەی تەرجەمەی فارسی نەکرد!
- غەفار، کاکە ئەوەش بەزمی پۆلیسەکە! دەبڕۆ لە دەفتەرەکەتدا بینووسەوە!

بەڕاستی زیندان، مەدرەسەی ژیان بوو، دیمەنی وام لێی بینی، باوەڕ ناکەم، هەرگیز بیبینمەوە و بمدیتبوایە، گەر لۆبۆمێز نەبوایە.

## پرسە و جەژن لە زیندان

موسوڵمان و مەسیحییەکان، کولتور و دینی خۆیان دەپاراست، هەمیشە لەگەڵ یەکدی بوون، لەوێ زۆر دیمەن سەرنجی ڕاکێشام. ڕۆژێ لە ڕۆژانی زیندان، دەوروبەری کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ، فرمێسک بە چاوانی کاکۆی ئەفغانی دەهاتەخوار، پاشا و نەوید و زەبیحوڵڵای هاوڕێی نزیکی، لەدەوری دێن و دەچن، دڵنەوایی دەدەنەوە و یەژن چارەنووسی گشتمان مردنە، خودا لێی خۆش بێ و جێگای بەهەشتە ئینەشەڵا، وەلێ ئەم قسانە کۆچی دوایی باوکی کاکۆ لە کابولی ئەفغانستانەوە، لەیاد ناباتەوە، زیاتر ڕۆدەچێتە نێو گریانەوە و چەند بیرەوەرییەکی خۆی و باوکی باسدەکا، تکا و پاڕانەوەی باوکی هەرگیز لەیاد ناچێتەوە، کاتێ وتوویەتی: کورم تکات لێدەکەم ئەفغانستان جێمەهێڵە و ڕێگەی ئەوروپا مەگرەبەر، من و دایکت بە تەنیا جێمەهێڵە، بەڵام ئەم قسانە کاکۆ لە بڕیارەکەی پەشیمان ناکاتەوە.

باوکی کۆچبەرێکی ئەفغانی کۆچی دوایی کردووە، کۆچبەرە ئەفغانییەکان، بەرنامەیان داناوە، لە کافتریاکەی نێو زیندان، کۆلا بکرن و شەو پرسە بۆ مردنی باوکی کاکۆ دانێن. ئێمەی کوردەکانیش بەیەکەوە بڕیارماندا، شەو بەشداری مەراسیم و ڕێوڕەسمی پرسەکە بکەین، لەدوای خواردنی نانی ئێوارە، چوونە ژووری ئەفغانییەکان، نەوید دەستیکرد بە قورئان خوێندن، دەستە دەستە هاوڕێی و هاونیشتیمانییەکانی دەهاتنە پرسە و فاتیحایان دەخوێند و دەیانوت: "خدا بیامرزدش، دلتنگین، خودا لێی خۆش بێ، دڵتەنگین"، کوردەکانیش بە کوردی دەیانوت: "خوا لە گوناهەکانی خۆشبێ و

ڕۆحی شادبێ ئیشەڵا"، لەو ساتەدا، کۆلایان بە گلاسی سەفەری بەسەر بەشداربووانی پرسە دابەش دەکرد. لەدوای نەوید سەباحی هاوڕێمان چەند ئایەتێکی سورەتی التوبەی خوێند، ئەڵبەتە دەستەیەکیش بۆ پێشوازی لە میوانانی پرسە وەستابوون و سوپاسگوزاری و دەستەخۆشییان لە سەردانیکەران دەکرد.

چەند بەنگلادیشییەک لە زیندان بوون، محەمەد خەڵکی ڕەجشانهای بەنگلادیش بوو، دوو هەزار و حەوت هاتبووە کوردستان و ماوەی نۆ ساڵ لە هەولێر مابۆوە و کاری کردبوو، کوردییەکی باش قسەی دەکرد و تێکەڵاوی باشی لەگەڵ کوردەکان هەبوو، دەیوت: بەخودا کوردستان بەهەشتە، بەهەشت! ئەو بەهەشتەی ئەو باسی دەکرد، بە سەدان و هەزاران کۆچبەر لێی ڕادەکەن و داوای پەناهەندەیی لە وڵاتێکی ئەوروپی دەکەن! زۆر بیرەوەری خۆی دەگێڕایەوە، نۆ ساڵ تەمەنێکە تێکەڵاوی باشی لەگەڵ بەرپرسە سەربازییەکان دروست کردبوو، دەیوت: ملازم فڵان تەلەفۆنی دەکرد، حەمە دوو کیلۆ تەماتەم بۆ بەرەوە ماڵێ، ڕاید فڵان تەلەفۆنی دەکرد، حەمە بتڵە ئۆزۆیەکم بۆ بێنە، نەقیب فڵان، حەمە لە هەولێر نیم و میوانم هەیە، شەش کیلۆ میوەم بۆ بەرەوە ماڵێ. بەخودا ئەوێ زۆر خۆش بوو، ئێستا بولگاریا دیپۆڕتی کوردستانم کاتەوە، مەمنوونیانم و دەستیان ماچ دەکەم! لەوێ پارە زۆر بوو، مانگی شەش سەند هەزارم وەردەگرت.

من، پرسیارم کرد، بۆچی کوردستانت جێهێشت، لە وەڵامدا وتی: دەبوایە دوو هەزار دۆلار بدەم، هەقی ئەوەی لە کوردستان بوومە، منیش وتم باشە دەیهێنم، لەدوای ئەو کاتەوە بە قاچاخ چوومە تورکیا و کوردستانم بەجێهێشت!

یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانم لە زیندان بەڕێکرد، خەمی خۆم لێرە بوەستێ و خەمی دایکم لەلایەکی دیکە، دەبێ دڵی دایکم لە دووری من چۆن بێ؟ پێشتر چەندجار ڕێککەوتووە، جەژنم لە ئێران و تورکیا بەڕێکردووە، وەلێ

ئـەمجارە جیـاوازە مـن لـە زینـدانم و ئاینـدەم دیـار نییـە، دڵنیـام ئێسـتا وەک جەژنانی ڕابردوو بە دڵخۆشییەوە چێشتی جەژنـە ئامادە ناکا، بـەڵکو دڵـی وەک چێشـتەکەی دەکـوڵێ! کـاتژمێر دەی سـەر لەبـەیانی گروپێـک لـە موسـوڵمانی ئەفغانی و ئێرانی بە جلی جوان و شیک پۆشییەوە، سـەریان بـە ژوور داکـرد و "عید مبارک، عید مبارک"یان لێکردین و و بە پێکەنینەوە ئەملاولای یەکترمان مـاچ کـرد، هـەموو میللـەتان لـە "عیـد مبـارک" دەگەیشـتن، ئەوسا ئێمەشـیان دەگـەڵ خۆیانـدا و بـۆ ژوورەکـانی دیکـە ڕۆیشـتین کـە موسـوڵمانن و جـەژن دەکەن، بـە شـێکیان بـە چـاوی فرمێسکەوە چەژنـە پیرۆزەیـان دەکـرد، دیـاربوو بیریان لای ماڵەوەیان بوو! تاڕادەیەک ئەو ڕۆژە، لە چاو ڕۆژانی دیکە خۆشتر و پڕ نەشئەتر بوو، دڵخۆش و شادوومان بووین.

ئـەو ڕۆژە، جـەمالی بەنگلادیشـی زۆر دڵخـۆش بـوو، جـەمال لـە تـۆنگی بەنگلادیشەوە بەرەو ئەوروپا هاتبوو، گەنجێکی ڕەشی قـەترانی ددان سپی، چاو جـوان بـوو، لـە دوورەوە دەبریسـکایەوە، دوای نیوەڕۆیەکـە جـەمال هـات بـە ئینگلیزی وتی: دەچین نوێژ دەکەین و دوعا و نزا و پاڕانـەوە بۆ ئـازاد بوونمـان دەخـوێنین، ئێـوەش وەرن! بەشـێک لـە زینـدانیان چـوون و بەشـێکی دیکـە نـەچوون، بەمەبەستی بینینـی دیمـەنی نـزا و پاڕانـەوە و نوێژکردنیـان لەگـەڵی ڕۆیشـتم! گشـتی دەسـت نـوێژی ئیسـلامیان هـەڵگرت و دەسـتیانکرد بـە نـوێژ کردن، لەدوای نوێژەکـەیان زیـاتر لـە دەخولـەک دەستەکانیان ڕوو لـە ئاسـمان کردبـوو! نـزا و پاڕانـەوەی ڕزگاربوونیـان لـە زینـدان دەکـرد، خـودا هاوکـار و یارمەتیـدەریان بـێ و زوو ئـەم زیندانـە بـەجێبێڵن، بەشـێکیان فرمێسـک بـە چاوانیـان دەهاتـە خـوار، ئەوسا کۆلایـان بەسـەر نوێژخوێنـان دابەشـکرد. ئـەو دیمەنانـەم بـەلاوە سـەیر بـوو، هـەمان سیسـتەم و کولتـور و نـەریت، وای لـە وڵاتەکـەیان کـردووە، کـە ئومێـدی تێـدا نـەبینن و جێـی بـێڵن، کـەچی هـەمان دەستوور دووبارە دەکەنەوە!

## دادگایی

دیمەن و سەرگوزەشتەی زیندان، تەقیوی سەر و لێک هەڵوەشانەوەی نێو پەل و ڕووشانی لای کلاوەی ئەژنۆمی لەیاد بردۆتمەوە، لە کاتی خۆشۆرین و دەست شۆرین و خەوتن، ئازار تەواو ماندووی دەکرد و بێتاقەت دەبووم، لەدوای مانگێکی زیندان ئازارەکانم کەم بوونەوە و دەمتووانی لەسەر دەستە ڕاست بخەوم و سەردانێم! هەرکاتێ دەمەوێ باسی ئایندەی خۆمان بکەین، زیندانیان باسی ئەملاولا دەهێنن و باسەکەم لەبیر دەچێتەوە! هەفتەیەک لەدوای ئەو ڕۆژەی وەرگێرانم بۆ ئەفسەرە سێ ئەستێرەدارەکە کرد، بانگی ئینتەرڤیو کراینەوە، لەوێ پێیان ڕاگەیاندین، دەبێ دادگایی بکرێن! ڕۆژی دادگاییەکەش کاتژمێر دوازدەی دووی سێپتێمبەرە! ئەم هەواڵە زۆر ناخۆشە، ئەو ڕۆژە دڵتەنگترم لە دڵتەنگان! کاتێ ئەو هەواڵەم بە کوردەکان وت، وتیان: دڵنیابن شەش مانگت زیندانی بۆ دادەنێن، لەدوای ئەو شەش مانگە، جارێکی دیکە دادگایی دەکرێیەوە، یا ئازاد دەکرێی یا شەش مانگی دیکە، لە زیندان دەمێنیتەوە، لەدوای مانەوەی دوو شەش مانگی لە زیندان، دوا دادگایی دەکرێیتەوە، ئەوسا یا ئازاد دەکرێی یا شەش مانگی دیکە لە زیندان دەمێنیتەوە. واتە: دەشێ سێ جار دادگایی بکرێی و ساڵێک و شەش مانگ لە زیندان بی، لەوانەشە لە دادگایی دووەمدا ئازادتان بکەن!

چوار ڕۆژ لە چاوەڕوانی دادەبین، تا ڕۆژی دادگاییمان دێ! خەریکە خەون و هیوایەتەکانی ئەورووپای کوش و تەلار، خانمانی باڵا بەرزی وێناکراو،

ژنـانی دان زەردبـووی جگـەرەکێش، دەبێتـە هیوایـەکی خۆڵـەمێش، ئـەو ئەوروپایـەی ئومێـدم لەسـەر هـەڵچنیبوو، دەمخواسـت لـەوێ درێـژە بەخوێنـدن بـدەم و ئـەزموون و ژیـانی وڵاتـانی ئـەوروپا بکـەم، لـە سـەرەتای ئـەوروپاوە، دەخوازن دیپۆڕتی کوردستانمان کەنەوە.

بیسـت و نـۆی ئۆگەیسـت دوو پاسـی گـەورەی پـڕ کۆچبـەریان هێنایـە زیندان، ئێمەی زیندانیان لە پەنجەرەوە سەیرمان کرد، زیاتر لە پەنجا کۆچبەر دەبـوو، لـە نێـوان خۆمـان وتیـان، قاچـاخچی پێـی ڕاگەیانـدوون بـە گرێنتـی دەیانگەیـەنن! ڕاستیان فـەرمووە، بـە گرێنتـی گەیاندوویانـە زینـدان! ئەوشـەوە ژمارەی زیندانیان زیادی کرد، ئێزیدییەکی زۆری گەنج و پێگەیشتوو، ڕووە و نهۆمی سەرەوی زیندان بەڕێیان کردن، خاوانەوادە و هاوژینـەکانیان لـە نهـۆمی دووەم دانا، ئەو نهۆمە تایبەت بوو بە هاوژینان. دیمـەنی منـداڵانی نـاو زینـدان، زۆر ناخ هەژێن بوو، کەس حەوسـەلەی نـەبوو بەلایانـدا بچـێ، منـداڵان لەگـەڵ یەکدی یاریان دەکرد! سەیرە، زۆر سەیرە! تۆ بڵێی تاوانی ئەم منداڵانە چی بێ، خراوەتنە زیندان! منداڵی بێ گوناهـ هیچ نازانێ هـەرچۆنت بـوێ وا پـەروەردەی دەکەیت، ئاشکرایە و فیزیکـزان و فەیلەسووفی بەڕیتـانی جـۆن لـۆک (١٦٣٢–١٧٠٤)، دەبێـژێ: "مێشـکی منـداڵ وەک پەرەیەکـی سـپی وایە، چۆنـت بـوێ ئاوای دەخولقێنی" داخۆ بەخێو کردنی ئـەو منداڵانـە لـە زینـدان چەنـد ئەستەم بێ؟

لۆبۆمێز، شارێکی باشووری بولگاریایە، لە ڕووی ڕووبەر و دانیشتووانە بـە شارێکی زۆر بچووکی بولگاریا ئەژماردەکرێ، لە پەنجەرەی زیندانەوە بە دەیان و سەدان خانووی پلاستیکیم وەبـەرچاو دەکـەوت، دواتـر بـۆم ڕوون بـۆوە، ئێـرە شارێکی کشتوکاڵییە، سروشتی سەوز دەوراودەوری شارەکەی گرتووە، دارستانی چـڕی زۆر گـەورەی تێدایـە و لـە سـنووری تورکیـاوە زۆر نزیکـە. تاڕادەیـەک

شــارێکی دواکــەوتوو بــوو، ئێــواران ئۆتــۆمبێلی زۆر ناشــیرین و کــۆنی گــزۆز دوکەڵاوی بە شەقامی shejnovo شیجنۆڤۆ دەهاتن و دەچوون، ترِە ترِەیان خەڵکی ناوچەکەی بێزار دەکرد، چاڵی و چڵی ڕێگاکانیان سەمای بە ئۆتۆمبێل دەکرد، شەوی دووی سێپتێمبەر، مۆبایلەکەی دەستی یوسف زەنگی لێدراوە، وەڵامی دایەوە، ئەلۆ! چ؟ چی؟ بەپەلە چووە دەرەوە، لەدوای تاوێ گەڕایەوە، ها یوسف ئەوە چی بووە؟ هاوڕێیان، پێنج کۆچبەریان لە سنوورەوە بەڕێکردووە بۆ سۆفیا، لەو ڕێگا چاڵوچۆڵ و قۆڵتانە وەرگەڕان و داوای ژمارەی پۆلیسیان کرد، بۆ ئەوەی بە هانایانەوە بچن! سەلامەتن؟ کەس نەمردووە؟ نا. بەڵام، هەر پێنجیان برینداران! ئەم شەوە نەهامەتی بووا! سبەی دادگایی دەکرێم و یۆسف هەواڵی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکی پێدراوە و تەلەفۆن بۆ سەباح کرا و ئەویش و دڵتەنگ بوو.

- سەباح، چی بووە، هەواڵی چیان پێداویت؟ ڕووی لە نێچیر کرد. نێچیر جەمشیدت بیرە، ئەوەی لە خەرمەلی لەگەڵمان بوو، خەڵکی قوم بووم، باڵابەرزەیەکی ڕیشدارە بوو.
- نێچیر، ئەها، ئێ ئێ لە بیرمە، چی لێهاتووە؟
- سەباح، پێنج ڕۆژە لە خەرمەلی خۆی خنکاندووە، دوێنێ لە پەنایەکی ناو کەمپەکە دۆزیوەتیانەوە!
- نێچیر، بلێ بەخودێ!
- سەباح، ئەرێ بەخودێ! پێم ناخۆشە.
- نێچیر، بۆ خۆی خنکاندووە؟
- سەباح، لە بێ ئومێدی و بێ هیواییدا.

لە دەرەوەی ژوورەکەمان دەنگە دەنگ دەستی پێکرد و هاتوهاوار پەیدا بوو، چوونە دەرەوەی ژوور، زۆربەی زیندانیان لەلای ژووری سێ سەد و سی

و دوو بوون و پۆل پۆل پۆلیسە باڵا بەرز و چوار شانەیەکان و ورگنەکان بەرەو ئەو ژووورە دەچن! ئەوە چی بووە؟ چ خەبەرە؟ شەهاب تارانی، وتی: ئەفغانی و پاکستانی ناحەوێنەوە، بەشەڕ هاتوون، دەموچاوی یەکدیان شکاندووە، هەموویان کردووە بە خوێن، ئێمە چاومان لەسەر هاتنە دەرەوەی پۆلیسەکان بووین، وەدیارکەوتن و هاواریان کرد زیندانییەکان بچنەوە ژووری خۆیان، ئەوسا دوو شەڕ کەرەکەیان بەدەست هێنا، چۆن پەڕوباڵی چۆلەکە لێدەکەیتەوە و پشتە ملی دەگری، ئەو پۆلیسانەش ئاوا پشتەملی شەڕ کەرەکانیان گرتبوو و بەشەقان وەپێش خۆیانیان دا و بردیانە خوارەوە! هێندەی نەبرد، پۆلیس هات و تەواوی دەرگای زیندانیانی کلۆمدا!

لەسەر قەرەوێڵە درێژ بووم! دەخەوم و بیرم لە دادگاییەکەی سبەینێیە! خۆمان ئامادەکرد، جلوبەرگی تاراەدیەک جوانم لەبەرکرد، لەکاتی خۆیدا ئێمەیان خستە نێو سەیارەیەکی گەورەی پۆلیسی زیندان و بەرەو دادگا بەڕێکەوتین، دڵتەنگ و ڕوخسار شێواوین، دادگایەکی بچووک، بەرەو هۆڵێکی بچووک دەڕۆین، سێ کۆچبەر ئەمڕۆ دادگاییمانە! دادوەرێکی تورەی سەر پان دانیشتووە، دادگایمان دەکا، چاومان لە بڕیار و دەمی ئەوین، بزانین چیمان پێدەڵێ و ئایندەمان بەرەو کوێ دەبا! وەرگێڕێکی کوردی لێیە، قسەکانی ئێمە بۆ دادوەر تەرجەمە دەکا و وەڵامی دادوەر بۆ ئێمەی ڕەنگ گۆڕاو تەرجەمە دەکاتەوە، چەند پرسیارێکی کرد، لەمەڕ ئەو ڕێگەی پێیدا هاتووین و چەند ماوەتینەوە و لەکوێ دەستگیر کراوین، زۆر بە سادەیی دادوەر قسەی کرد و وەرگێرەکە وتی:

- بڕیاری شەش مانگ زیندانیتان بەسەر دادرا!
- ئێمە بە پەلەپروزێ، چۆن؟ لەبەرچی؟

- ئەمە دوا بڕیارە، ئێوە سنووری ئەم وڵاتەتان بە نایاسایی بڕیوە، بەبێ بەڵگە و دۆکیۆمێنت لە بولگاریا بوون!

وەک بڵێی ئەو بینایە بەسەرماندا ڕما، هێندە شەکەت بووین، توانای خۆگرتنمان لەسەر قاچەکان نەبوو، لەوکاتەدا بیرم کەوتەوە، ئێران لەسەر سنووری خۆی و ڕووسیا تابلۆی هەڵواسیوە و نووسیویەتی: (سنووری وڵات، ناموسی وڵاتەکەیە)، پێویستە بەهەمووومان بیپارێزین، بولگاریاش دەیەوێ ناموسی وڵاتەکەی بپارێزێ! کەلەمچە لە دەستمان کرایەوە و بە لۆزە لۆز چووینەوە نێو سەیارەکە، ئای خودا لەم دۆخە! ئێستا بەکوێ دەگەین؟ ئایندەمان چی لێدێ؟ دەبێ لە مێژووی تەمەنمدا، بنووسم: سۆفیا، گەر ببێتە بووکی شارەکانی جیهان، لای من قێزەونترین و ڕەشترین شاری جیهانی، هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە یاد ناچێ، ئەو ڕۆژەی مەرگم لاشیرینتر بوو لە ژین. ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمجار کەلەمچەم لە دەستکرا و بەرەو پۆلیستەیشن برام. سۆفیا، تۆ پایتەختی ڕووناکی، کەچی بە ساردی ئێمەت لە ئامێز گرت و بە گەرمی وێرانت کردین. سۆفیا، بە هەزاران کیلۆمەتر بە پێ بەرەو تۆ هەنگاومان نا، بە شەونخوونی و ماندووبوونی بێ پسانەوە، بێ خواردن و خواردنەوە بە ئاوارەیی هاتین، ئاوارەیەکی خێر لە خۆ نەدیووی ئایندە ڕەش. ئەوروپای لانکەی مرۆڤایەتی ناتوانێ منی کۆچبەری داماو لە ئامێز بگرێ!

بەدڵێکی شکاوە، نەک ئێستا، هەموو ڕۆژێ دڵمان شکاوە، ڕۆژانە دەمرین و دەژینەوە، ڕێگەی زیندانمان گرتەوەبەر، سەرمان ئێشی گرتووە، خەریکە دەتەقێ! چارە نییە، بە دەمووچاوی تووڕەوە چووینەوە ژووری زیندانیان، ها چی بوو؟ چیان وت؟ ئەنجامەکەی چی بوو؟ هیچێ! تەنیا شەش مانگ زیندانیان بەسەر داسەپاندین. دەمانزانی شەش مانگ دەمێننەوە! تاقەتم نەبوو لە

ژوورەوە بمێنمــەوە، هاتمــە مەڕمەڕەکــەی نێــو زینــدان، زۆر بــەخێرایی دێــم و دەچــم، دێــم و دەچــم و ســەرم لــە زەوی کــردووە، لــە کۆتــایی مەڕمەڕەکــەی زیندان، کاکۆ دەبینم.. ئەمە یەکەم جار نییە بەم شێوەیە دێتە بەرچاوم، چەند ڕۆژێکی دیکە لەدوای کاتژمێر نۆی بەیانییەوە تا کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ و لە کـاتژمێر دووی پـاش نیـوەڕۆ تـا کـاتژمێر شەشـی ئێـوارە، بە داخێکـی زۆرەوە، لەبەردەم پەنجەرەی زیندان ڕووەو دەرەوەی زیندان دادەنیشێ و ورد دەڕوانێ، چاو لە دوو باڵەخانە باڵا بەرزە سپی سەر سوورەکەی لای ڕاست دەکا، زیـاتر لە کاتژمێر و دوو کاتژمێر دەڕوانێ، وەک بڵێی خەریکی پەرستن و پاڕانەوەیە. دواتر ڕوو دەسووڕێنێ و دەنۆڕێتە خانووە زۆرە پلاستیکییە سپییە دە بە پەنجا مەترەکـان، لەنـاو دارە ســەوز و بەتەمەنەکانـدا، کە پڕیەتـی لە میوەجـاتی ژێـر کەپر. دوای نیوەڕۆ، سەیری یاریگای تۆپی پێ و باسکە و تێنس دەکا، ئەو کچە شـوڕت کـورتەی تێـنس لەگەڵ بـۆی فڕێنـدەکەی دەکـا، سـەرنجی ڕادەکێشـێ، بینینـی منـداڵانی سـپی لۆبـۆمێز فرمێسـکی لە چـاو دەهێنێـتە خـوار و بێهێـز و مانـدووتری دەکـا و ئـارامی لێـدەبڕێ و بە دەنگـی بەرز، دەڵـێ: "فەک، فەک، فەک بولگاریـا". کـاکۆ، لە کەبابیـانی شـاری هیراتـی ئەفغانسـتانەوە، خـۆی و هاوژین و کوڕ و کچە بچووکەکەی لەداخی دۆخی خراپی ئەفغانستان ڕێگەی ئەوروپایـان گرتـۆتەبەر، لە تورکیـاوە ڕووەو بولگارسـتان هەنگاویـان نـاوە و لە پلۆڤدیف دەستگیر کران، لەدوای هەفتەیەک گوڵئەفشایان لە زیندان هێشتەوە و هاوژین و دوو منداڵەکەیان ئازاد کرد

بەناوی وەرگرتنی ڕەفـز لە زینـدانیان هێشـتۆتەوە. ئەو گەنجە ئەفغانییە تەمەن سی ساڵە، دەیوت خـودایە تووشم بە تووشی چـی بووم؟ مانـای چییە، ئێمە خـانەوادەین، مـن ئـازادبکرێم و هـاوژین و منـداڵم لە زینـدان بمێنـنەوە و

ڕەفز وەرگرن؟ بە زمانی فارسی و پەشتۆیی و ئینگلیزی بە پیلیس و لوتفەن قسەم لەگەڵ پۆلیسەکانی زیندان دەکرد، بەڵام گوێم لێڕاناگرن، وام لێهاتووە وەک جەمشید خۆم بخنکێنم و لەدەست ئەو کێشە و بێنە و بەردەیە ڕزگارم بێ!

بە بەردەوامی پرسیار لەو زیندانیانە دەکەین، کە زیاتر لە شەش مانگ و ساڵێکە لە زیندانن، لەدوای ئەو دادگاییە ئایندەمان بەکوێ دەگا؟ هیچ دیار نییە، ئەوەی ڕوونە مۆری دەپەنجەی بولگاریاتان هەیە، ئەمە ئایندەی کۆچبەران بەرەو لێڵی دەبات و وڵاتانی ئەوروپی زۆر جەخت لەسەر پەنجەمۆر دەکەنەوە، چاو لە سەباح بکە بەهۆی پەنجەمۆری ئێرەوە دوو جار دیپۆڕت کراوەتەوە، هەردی بەهۆی پەنجەمۆرەوە دیپۆڕت کرایەوە، بە گشتی (تەبعە و سەبعە) بۆ کۆچبەران زۆر خراپە. سەباح، وەقسە هات، برا من لە بەریتانیا بووم، چەندین کۆچبەرم دەناسی دینی خۆیان گۆڕیبوو، هەموو ڕۆژێ دەچوونە کلیسا و دەپاڕانەوە خۆیان پابەندی تەواوی بنەماکانی ئاینی مەسیحی کردبوو، چونکە پەنجەمۆری بولگاریایان پێکرابوو، ترسیان لە دیپۆڕت کردنەوە بوو، بەمشێوەیە هەوڵیاندەدا شوێن پێی خۆیان توند بکەن. ئەوە لەبەرچاو بگرە! با وەک من لەدوای خەرج کردنی نزیکەی بیست و سێ هەزار دۆلار هەر لە سەرەتای ڕێگا نەبێت. دۆخەکە زۆر خراپتر دەبێ! پەنجەمۆرمان پێکراوە، شەش مانگ زیندانی کراوین, لەهەمانکاتدا پێیان ڕاگەیاندووین ئەگەر ناخوازن شەش مانگ لە زیندان بن، ئەوا دیپۆڕتی کوردستانتان دەکەینەوە.

دوو ڕۆژە دادگایی کراوین، وەلێ ئەم هەواڵەمان بە ماڵەوە نەداوە! هەمیشە لە پرسیاردایـن، زەنگ بۆ هاوڕێیان و دۆستانی تاراوگە نشینم لێدەدەم، لەمەڕ بوونی پەنجەمۆر پرسیاریان لێدەکەم و چەند دانەیەکیانم ڕاسپاردووە،

پرسیار لە یاساناسان پارێزەر بکەن، بزانن ئەو پەنجە مۆرە تا چەند گرفتە و ئەمەلی دیپۆڕت کردنەوەی هەیە؟ وەڵامەکان جیاوازن! بەشێکیان دەڵێن: پەنجەمۆر کێشەی زۆری نییە! ئاساییە، بەشێکی دیکەی هاوڕێیانم کە زۆر بەورد پرسیاریان لە پارێزەران و تاراوگە نشینان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کۆچ و کۆچبەران کردووە، دەڵێن: کاکە زامدار گیان! وڵاتی ئەڵمانیا ڕێککەوتنی لەگەڵ بولگاریا کردووە، لەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە، (بولگاریا، هەموو ڕێی و شوێنێکی ئەمنی دەگرێتەبەر، بۆ ئەوەی ڕێگەنەدات کۆچبەر لە بولگاریاوە کە دەروازەی وڵاتانی ئەوروپییە، بەرەو وڵاتانی دیکەی ئەوروپی بڕۆن، هەر کۆچبەرێک لە بولگاریا دەستگیرکرا، بە بێ وەرگرتنی مۆری دە پەنجە ئازاد نەکرێ و بەشێوەیەکی وا لەگەڵ کۆچبەران مامەڵە بکەن توانای بەرگە گرتنیان نەمێنێ و زوو ئەوروپا جێبێڵن! لەبەرانبەر ئەوەدا ئەڵمانیا پاداشت بە بولگاریا دەدا و هەموو ئەو کۆچبەرانە دیپۆڕت دەکاتەوە کە پەنجەمۆری بولگارییایان هەیە). لەگەڵ بیستنی ئەو قسانە لەناخەوە دەکوڵێم و هەڵدەقرچێم! ئەو قسانە تەواو شەکەت و داغانی کردم، دڵم وەک کۆتەرەی بەردەستی قەساب شەقار بووە. لەوکاتەدا حەسەن تارانی هاتەژوور، ئەو پیاوە ددان شکاوی ددان ڕزیوی و سەروسیما بلَح و ناشرینە، پیاو قێزی لێدەکاتەوە، نەخوازە ژن!

حەسەنی بێ سەواد، تریاکی بوو و تریاکی دەفرۆشت، بۆ پەیداکردنی دوو قڕووش هەموو کارێکی دەکرد، لە سۆفیا مامەڵەی بە جەستەی مرۆڤەوە دەکرد، لە زیندانیش تریاک دەفرۆشێ، هەندێ حەبی لایە، مەگەر تەنیا خودا بزانێ حەبی چییە؟ دەیهێنێ و دەیبا، هەرچی بڵێ نەخۆشم، دەڵێ فەرمووا! تەنیا دانە حەبێک بە هەشت بۆ دە لیڤە دەدا، دەکاتە چوار پێنج یۆرۆ! ئەگەرچی

حەبەکە هیچ پەیوەندی بە نەخۆشی تۆوە نەبێ پێتی دەدا، بێ ئەوەی هیچ سوودێکی هەبێ!

- سەباح، ها حەسەن چیت دەوێ بۆ هاتووی؟
- حەسەن، حەبی نوێ و تازەم بۆ هاتووە، گەر نەخۆش پێویستی بوو.
- سەباح، باشە باش، بڕۆ خۆمان هێندە باش نین!

هێشتا حەسەن نەڕۆیشتووە، ڕەزای پیرە پیاو، بە گریانەوە هاتەژوور.

# ڕەزا ئەفغانی

ڕەزا، پیرە پیاوێکی سەرگەردانی تەمەندار، دەستاری ژیان هارڕیویەتی و کەمێ پشتی کورڕ بۆتەوە، مووی ڕەش بە جەستەیەوە نەماوە، مووی پشتەملی هاوشێوەی مووی سەری درێژ تێکەڵ بە مووی پشتی بووە و دەموچاوی پوچ و چرچ لۆچ بۆتەوە، گوێچەکەیەکی ئاساری سووتانی پێوەدیارە، لەدوور ڕا هەست بە شەکەتی و ماندوویەتی ئەو کەسە دەکەی بەدەست ژیانەوە، زۆر ڕوونە کە ژیان وێران و داغانی کردووە، لە دوای ٦٥ ساڵ توانای بەرگەگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی نەماوە. لە بنەچەدا خەڵکی ئەفغانستانە، وەلێ لە ئێران گەورە بووە، زمانی پشتۆ و فارسی دەزانێ، لە ئێرانەوە بەخانەوادەیی ڕێگەی ئەورووپایان گرتۆتەبەر، لە ڕێگادا، بەدەست قورسی ژیان و قاچاخچییەوەشەکەت و ماندوو بووبوون، لە زیندانیش بەهەمان شێوە بۆتە مەسخەرەی زیندانیان ئێستا نازانێ ئاوات و خۆزگە بە ڕێگای قاچاخ بخوازێ، یا هەر زارەکەی سەر تاوڵەبێ. ڕەزا، هاوشێوەی ناڵاندنی مریشک بەدەست ڕێوی و چەقەڵ، وەک ڕاکە ڕاکەی مشک لەترسی پشیلە، بەدەست کۆچبەرە دەستگیرکراوەکانی زیندانی لۆبۆمێزەوە ئاخ و ئۆف دەکا و دەناڵێنێ، وەک نێرکەکاردووی نێو کاردووان، هەموو زیندانیان دەیناسن و گاڵتەی پێدەکەن، کۆچبەران وەک زاری نێو زیندان دەیهێنن و دەیبەن و کاتەکانی پێ بەسەردەبەن. بە گریانەوە بە فارسی وتی: "بە خدا اینجا جای من نبود، اما زمانە روسیاە بشە کە منو انداخت تو این بدبختی و بیچارگی"، "بە خوا ئێرە جێگای من نەبوو، بەڵام ڕووی زەمانە ڕەش بێ، منی خستە نێو ئەم نەگبەتە

بەدبەختانە". بۆ دەگری چی بووە؟ بە دەم گریانەوە، ئەو گەمژانە وازم لێنایەنن، قومارم پێدەکەن و ئازارم دەدەن.

ڕەزا، سەرپێیەکی شینی دڕاوی دووراوە بە داوی سپی لە پێدایە، بۆ نان خواردن لە نهۆی دووەمەوە بەرەو ژێر نهۆم دەڕوا، وەک پێشوازی پرۆتۆکۆڵی سەرکردەکان هاوزیندانیان لەمبەر و لەوبەری مەرمەڕەکە وەستاون، ڕەزا، وەک ئاسکی شاخی بە ناو مەرمەڕەکەدا دەڕوا و بەسەر قاڵدرمەکاندا بۆ خوارەوە فرت دەکا، نەکا قوماری پێبکەن. لە چێشتخانە کۆچبەرە لاوەکان، کورسی بەدەست دەگرن و بەدەستەکەی دی خواردن، دەچنە لای مێزی ڕەزا، بەدەم نان خواردنەوە گاڵتە پێدەکەن، بە پەنجە درێژەکەیان دەکێشن بە گوپی ڕەزا، ئەویش یەژێ: کوسخول، کوسخول"، "گەمژە، گەمژە".

ڕەزا بە دەست کۆچبەرە گەنجە خوش تیپەکان شەکەت بووە. گەنجەکان، دەخوازن یەکێ هەبێ بۆ ئەوەی بیچەپێنن و کاتەکانیان بەسەربەرن، زیندانیش لە ڕەزای بەتەمەنتر و هەژارتر و بێدەسەڵاتتر تێدانییە، لەبەرئەوە لێی کۆدەبنەوە، یەکێ: لە پشتەملی دەدا، ئەفغانییە دەنگ گڕەکە، دەیکێشێ بە پشتیدا، زەبیحوڵڵا لە سمتی دەدا، زەفەریقباڵیش لەدووڕا پێدەکەنێ، زیندانییە ئەفغانییەکان و پاکستانییەکان، زیاتری هێرشی دەکەنە سەر و دەیکەنە بەزمی خۆیان. دواجار، بەهەموویان دوو دەست و دوو قاچی دەگرن و بێجامە دڕاوە بۆراوییەکەی دادەکەنن و جووت گونی دەگرن، وەک ئەوەی بیانەوێ بیخەسێنن. ئەویش لە بێدەسەڵاتیدا، هیچی بۆ ناکرێ، بەناچاری هاوار دەکا و فرمێسکی پیرە پیاو بەسەر ڕوومەتیدا شۆڕ دەبێتەوە، -چۆن دەڵێن: "فرمێسکی خانمان، قەڵەمی دەست و پێی پیاوان دەشکێنێ"-، بەڵام فرمێسکی ئەو تەمەندارە، گەنجە شەقاوەکان لە جوڵە ناخەن. لەکاتێکدا،

گشـــتیان کـــۆچبەر و زینـــدانین، بەهـــۆی بڕینـــی ســـنووری نایاســـاییەوە دەستگیرکراون، دەبێ ئازار بکێشن.

ئەو پیـاوە تەمەنـدارە، چـاوەڕوانی هاوکـاری زینـدانییە دڵسـۆز و مـرۆڤ دۆستەکان دەکا، بەڵکو بێن و لەژێر دەستی ئەو دەعبایانە -ڕەزا بە دەعبا ناوی دەبـردن- دەری بێـنن. خێرۆمەنـدێکی کـوردی مەریـوان و نەویـدی ئەفغـانی خاوەن ماڵ و منداڵ، بە دەموچاوی تونـدەوە دەچـنە پـێش و بە فارسـی دەڵـێن: "نفهمها، نادونا، دست از سر این بیچارەها بردارید مرد باشید، مـرد"، "گەمـژانە، واز لەو دامـاوە بهێـنن، پیـاوبن، پیـاو!"، چەنـد وێنـایەکی دڵهەژێـن و بێـزارکەرە. لەدوای ئـارام بـوونەوەی ڕەزا و بڵاوەبـوونی گەنجەکـان، گەنـجە مەریـوانییەکە، دانە دانە قسەیان لەگەڵ دەکا و لەخراپی کارەکە ئاگاداریان دەکاتەوە، داوایـان لێدەکا، بەڵێنی پێ بدەن، جارێکی دی کاری هاوشێوە نەکەن.

# مانگ و نیوێکی زیندان

لەماوەی ئەو مانگ و نیوەی لە زیندان بووین، چەندین جار لەگەڵ ماڵەوە قسەمکرد، هەموو جارێ گریانی دایکم دەیهەژاندم و چارم نەبوو! لەدوای دادگایی و پرس و ڕا و زانیاری وەرگرتن لەسەر کۆچبەری خاوەن پەنجەمۆر، پەیوەندیم بە کوردستانەوە کرد، دەگەڵ کاکم قسەم کرد و ئەو زانیاریانەم پێدا. ئەویش وتی: منیش بە وردی پرسیارت بۆ دەکەم، ئەوسا دەگەڵ دایکی دڵ بەخەمم کرد، کاتێ هەواڵی شەش مانگ زیندانییەکەی بیست، هێندەی دیکە بوو، وەلی کاتی هەواڵی گومانی دیپۆڕتکردنەوەم باسکرد، لە هەناسەوەیەوە هەستمکرد شاگەشکەی خۆشی بووە، وتی: ئەها! خودا منی خۆشدەوێ هەرگیز بەتەنێ جێی نەهێشتووم، دەگەڕێیتەوە. تکایە بگەڕێوە، ئەوە هەواڵێکی زۆر خۆش بوو! ئیشەڵا دیپۆڕتت دەکەنەوە، بەردوام سەیری تی ڤی دەکەم، باسی کۆچبەران دەکەن، ئێستا هیچ کۆچبەرێک ڕێگەی ڕۆیشتنی نییە، هەرگیز وەک ئێستا نەبووە، سنوورەکانیان زۆر توند کردووە.

لەدوای پرس و ڕاوێژی زۆر، لامان ڕوون بوو، ئەورووپا بە پەنجەمۆری بولگاریاوە، زۆر سەختە، هەمیشە ترست لە دیپۆڕتکردنەوە هەیە، لەبەرئەوە باشترین ڕێگا ئەوەیە بگەڕێیتەوە کوردستان، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگری سبەی ڕۆژێ دەگەیتە ئەڵمانیا، یا بەریتانیا، زیاتر لە دە هەزار دۆلار خەرج دەکەیت، ئەوسا بتگەڕێننەوە بولگاریای سەرەتای ڕێگا! ئەو کات دۆخمان بەکوێ دەگا؟ ئەمە شتێکی مەحاڵ نییە، نموونەی زیندوو لەم زیندانە هەیە، سەباح نەک

تەنیا جارێک بەڵکو دوو جار دیپۆڕتی بولگاریا کراوەتەوە! لەگەڵ بەڵێن لە ترسی دیپۆڕتی وڵاتان و بڕینی ئەو هەموو ڕێگا ناخۆش و پڕ ئەستەمە، کە هیچ زەمانێکی ژیانی نییە تا دەگەین، بڕیارماندا شەش مانگ لە زیندان نەمێنینەوە و بە دڵێکی ساردەوە بگەڕێینەوە کوردستان.

هێشتا خۆمان یەکلایی نەکردۆتەوە، شەش مانگی لە زیندان بمێنینەوە یا نا؟ لەلایەن ئیدارەی زیندانەوە بانگهێشت کراین، پێیان ڕاگەیاندنین زیندانییەکەتان دەچێتە سەرووی ساڵێکەوە! و دەشێ دوای ئەو ساڵە دیپۆڕتتان بکەینەوە، ئەم قسانە زۆر سەیر بوون، ئێمە دادگایی کراوین و دادوەر وتوویەتی: شەش مانگ لە زیندان دەبن، ئێستا ئەم قسانە چین؟ وەڵامی باوەڕپێکراویان نەداینەوە و وتیان لەبەرئەوە دیپۆڕتی کوردستانتان دەکەینەوە! ئای ئای! بۆ؟ وەڵامی بۆمان دەست ناکەوێ، تەنیا دەڵێن: لە کۆتایی ئەو مانگەدا دیپۆڕتتان دەکەینەوە! خەریکە دەبێتە ئەمری واقع، بەڕاستی دیپۆڕتمان دەکەنەوە! هێندەی دیکە سەغڵەت بووین، دەڵێی زریشک بە جەستەمان ڕۆچووە، بۆ لۆژە لۆژ بۆ ژووری زیندان چووینەوە، جارێ لە چاوەڕوانیداین، لەدوای دە ڕۆژ چاوەڕوانی، شەوی یازدەیەم لەدوای کاتژمێر یازدە، پۆلیس پێی ڕاگەیاندین سبەی کاتژمێر شەشی بەیانی ئامادەبن بەرەو سۆفیا دەڕۆن، بۆ کونسوڵخانەی عێراق! ئەو شەوە خەومان نەبوو! هێشتا بڕیارمان نەداوە، بە بێ ویست و ئارەزووی خۆمان دیپۆڕتمان دەکەنەوە!

بەیانی کاتژمێر شەش دەرگای زیندانیان کردەوە و ئێمەیان بردە دەرەوە، دوو کچی دیکەی ئێزیدی ئامادەکرابوون، دەگەڵ ئێمە بەرەو کونسوڵخانە دێن. دوو خوشکی ئێزیدی دەڤەری شێخان، گوڵێی دەمووچاو خاڵاوی، خاڵی ورد ورد، ڕەنگ سەوسەنی و پرچ خورمایی و کاڵێی خوشکی، ورد و ڕەنگ زەرد، جەستە لاواز و بچووک، چاوەکانی ئاوساون و فرمێسک

خۆی بۆ ناگرێ، لە دوور ڕا هەست دەکەی نەخۆشی هەیە. ئەو، نەخۆشی شەکرە و پێویستە ڕۆژانە سێ بۆ چوار جار، دەرزی ئەنسۆلینی لێبدرێ، بۆ ئەوەی دۆخی بەرەو خراپتر نەڕوا. حکومەتی بولگاریا بڕیاریداوە ئەو دوو خوشکە ئێزیدیەی لەدەست دەستدرێژی داعش ڕایانکردووە، دیپۆڕتی کوردستانیان بکاتەوە.

هەر چوارمان خراینە نێو سەیارەی گەورەی داخراوی زیندان، بەرەو سۆفیا ڕێدەگرین و وردە وردە سەری قسەوباسمان کردەوە و چاومان لە سروشتی بولگاریا و سەوزایی و دار و دیواری دەکەین، نزیکەی سێ کاتژمێر لە نێو ئۆتۆمبێل دابووین تا گەیشتینە کونسوڵخانەی عێراق، بەڕێزەوە براینە نێو بینای کونسوڵخانە، لەوێ بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردین، لەوێ هەستمان بە دڵخۆشی کرد، زۆر بەڕێزەوە مامەڵەکەیان بۆ تەواو کردین و پاسپۆڕتی کاتییان بۆ هەر چوارمان دروست کرد، لەوکاتەدا چەند کۆچبەرێکی دیکەی کوردییان هێنا، تا پاسپۆڕتی کاتییان بۆ دروست بکەن و ئەوانیش دیپۆڕتی کوردستان بکەنەوە، یەکێک لەوانە کوردێکی ئامێدی بوو، لەو ڕێگایە قاچی شکابوو و داخی زۆری لە ڕێی ئەوروپا خواردبوو، دەیخواست بەزووترین کات بیگەڕێننەوە کوردستان! کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ ڕێکارە یاساییەکانی کونسوڵیەمان تەواوکرد و بەرەو زیندانی لۆبۆمێز بەڕێیانکردینەوە.

## گەڕانەوە بۆ کوردستان

هەفتەیەکی دیکە لە چاوەڕوانیدا ماینەوە، ئەوسا ئێمەیان خستەوە نێو سەیارەی زیندان و بەرەو سۆفیا بەڕێیان کردین، ئەمجارە بەرەو فڕۆکەخانە دەڕۆین، دەڕۆین و دەڕۆین، دەڕۆین و ناگەڕێینەوە، دەگەینە نێو فڕۆکەخانە و ڕادەستی پۆلیسی فڕۆکەخانەیان کردین و دوو تکتیان پێدااین، تکتی نێوان سۆفیا دەوحە، دەوحە هەولێر، تکتی سۆفیا دەوحە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ بۆ حەوتی ئێوارەیە و تکتی دەوحە هەولێر کاتژمێر حەوتی بەیانی دەی بەیانییە، دەبێ دوازدە کاتژمێر لەنێو فڕۆکەخانەی دەوحە چاوەڕوانی فڕینی فڕۆکەکەمان بین! کاتژمێر یەکی نێوەڕۆ نزیک دەبێتەوە، لە نۆبەت وەستاوین و سەردەکەوینە نێو فڕۆکە و هەستێکی زۆر تایبەت دامدەگرێ، بە دڵتەنگییەوە لە ناخی خۆمدا، وتم: دەبێ لە مێژووی تەمەنمدا، بنووسم: سۆفیا، گەر ببێتە بووکی شارەکانی جیهان، لای من قێزەونترین و ڕەشترین شاری جیهانی، هەرگیز ئەو ڕۆژەم لە یاد ناچێ، ئەو ڕۆژەی مەرگم لاشیرینتر بوو لە ژین. ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەمجار کەلەمچەم لە دەستکرا و بەرەو پۆلیستەیشن برام. سۆفیا، تۆ پایتەختی ڕووناکی، کەچی بە ساردی ئێمەت لە ئامێز گرت و بە گەرمی وێرانت کردین. سۆفیا، بە هەزاران کیلۆمەتر بە پێ بەرەو تۆ هەنگاومان نا، نزیکەی سی کاتژمێر پیادەڕەوی و بە شەونخوونی و ماندووبوونی بێ پسانەوە، بێ خواردن و خواردنەوە بە ئاوارەیی هاتین، ئاوارەیەکی خێر لە خۆ نەدیووی ئایندە ڕەش. ئەورووپای لانکەی مرۆڤایەتی ناتوانێ منی کۆچبەری داماو لە ئامێز بگرێ!

خودایـە، ئێمـە لەسـەر دینەکـەی تـۆداین، پـەیڕەوی بنـەمای کتێبـە پیرۆزەکـەت دەکـەین. نـازانم، بـۆ ئـازاری ئـەو کەسانە دەدەیـت، کـە لەسـەر دینەکەتن؟ بۆ هەمیشە ئەو کەسانەی لێت دەپاڕێنەوە و پابەندی تۆن هەمیشە دەچەوسێندرێنەوە؟ دەکوژرێن؟ ئەنفال دەکرێین؟ دەسوتێنرێین؟ خودایە، تەنیا شـوێنێکی ئارامیـان پـێ ڕەوان نابینی؟ تێیـدا بگیرسـێنەوە! ئێمـە، ڕامانکردووە و لێرەش قەبوڵمان ناکەن و گوێم لێ نـاگرن، پێیـان بڵـێم: تکایـە، بڕیـاری شـەش مانگ زیندانیم بەسەر دامەدەن، ئاخەر لای خۆمان دەرفـەت بـۆ ژیـان نـەماوە، ئومێـدێکمان نییـە، هەمیشـە لـە تـرس و دڵـەڕاوکێ دەژیـن، هـەموو خولـەکێک ئەگەری مردنی تێدایە، دەکرێ بۆ گەشـتکردن سـەردانی شـوێنێکی گەشـتیاری بکـەیت و لـەپڕدا لـوغمێکی ژێرنـراوی شـەڕی عێـراق ئێـران لـەژێر پێکانـت بتەقێتـەوە و کۆتـایی بـە ژیانـت بـێ، دەشـێ لـەوێ ڕزگـارت بـێ و لـە ڕێگـادا تەنکەرێکی نەوتی دزراو بتکاتە ژێر خۆی و بتسووتێنێ، بە سـەلامەتی ئەمـەش تێپـەڕێنی، دوور نییـە لەسـەر کارەبـا و ئـاو لەلایـەن دراوسـێکەتەوە بکـوژرێی، بەڕاستی هەمیشە ئامادەیی مەرگمان تێدایـە!.. لەسـەر نووسـینی دێڕێـک تیـرۆر دەکرێـی و دەکـوژرێی، لەسـەر نامەیـەک خێـڵ و عەشـیرەت وێـڵ و عـەودالی کوشتنت دەبن، سوێند بە پیرۆزییەکان شوێنێکی ئارام نـەماوە بـۆ ژیـان، ئەگـەر نـا، ڕێگـەی قاچـاخی ئـەوروپام نەدەگرتەبـەر و لـە کوردسـتانەکەی خۆمـان دەمامەوە. کەواتە، بۆ دەست دەنـێن بـە ڕوومانـەوە و ئازارمـان دەدەن؟ خۆمـان ئازار دراوین، دەگەڵ ئازار و ئامادەیی مەرگ ڕاهاتووین!

به هه‌موو ئازاره‌كانییه‌وه خاكی كوردستانمان له هه‌ولێر ماچ كرد!